ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێری و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری
التضامن

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
● له‌به‌ر روونا‌کی ووته‌ گرنگه‌کانی سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین‌دا له‌به‌ردەم جه‌ماوه‌ری پارێزگای هه‌ولێردا ل٢ ٠

● پێنج شه‌ممه ١٩٨٣/٩/٢٩ ژماره ٧٠٥ ● ٨ لاپه‌ڕه ● به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٣/٩/٢٩ العدد ٧٠٥ ●

سه‌ره‌کی فه‌رمانده: جه‌نگ زۆری ڕۆشت و که‌می ماوه دوا ئه‌نجامیش سه‌رکه‌وتنی ئێمه‌و شکانی ناهه‌قیه

سه‌ره‌کی فه‌رمانده به‌ڕێز صدام حسین دووپاتی کرده‌وه که ئێمه دڵنیاین ، ئه‌و ڕۆژگاره‌ی به‌سه‌ر جه‌نگدا رابوورد ، ڕۆژگارێکی درێژتره له‌وه‌ی له‌ڕۆژگاری داهاتووی جه‌نگ چاوه‌ڕێ ده‌کرێ و دوا ئه‌نجامی که‌ [illegible] به‌شمشێری روونا‌کی هێنه‌ران [illegible] عیراقه‌وه ٠

ئه‌مه له‌کاتی چاوپێکه‌وتنی ده‌سته‌یه‌کی تری هاوولاتیانی پارێزگای دیاله‌دا بوو ، که‌سامان و مالیان به‌خشیوه بۆ پشتیوانی جه‌نگی ره‌وامان و ئه‌مه‌ش ده‌فی وته به‌نرخه‌که‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌یه :

به‌خێربێن دانیشتوانی دیاله به شارو دێوه ٠٠ هه‌موو پارێزگایه‌ك ڕواله‌تی تایبه‌تی خۆی هه‌یه دیاله‌یش له‌مانه‌یه وڕواله‌تی تایبه‌تی دیاله‌یش بێجگه له مێژووی کۆنی له‌م قادسیه‌یه‌دا ئه‌وه‌یه که شاره‌کانی سه‌رسنووری بارێکی تایبه‌تی‌یان به‌سه‌ره‌وه بوو له به‌دی خومه‌ینی و یارمه‌تیده‌ره‌کانی ٠

هه‌ندێکتان خه‌لکی ئه‌م شارانه‌ن ـ مه‌ندلی ـ زرباطیه ـ خانه‌قین و شاره‌کانی تری سه‌رسنوور ٠

خومه‌ینی ده‌ڵێ ئه‌وان شاره‌کان نادەنه‌به‌ر تۆپ ئه‌مه‌یه‌کێ له دوو شتده‌که‌یه‌ن یا خومه‌ینی بێ‌مێشکه یا دروزنه‌و له هه‌ر دوو حاله‌ته‌که‌دا بۆ پێشه‌وایه‌تی ناشێ ٠٠

دروزن بۆ ئه‌وه ده‌ست نادا ببێ به پیاوی ئایینی و بێ‌مێشکیش بۆ ئه‌وه ده‌ست نادا که پێشه‌وایه‌تی بکا ٠٠ ئه‌گه‌ر یارمه‌تیده‌ره‌کانی ئه‌م هه‌موو ماوه‌یه شاره‌کانی عیراق بوردومان ده‌که‌ن و ئه‌و ئاگای لێ نیه و ناپرسێ ئه‌مه یانی ئه‌وه‌یه ئه‌و بێ‌مێشکه ٠٠ ئه‌گه‌ر ده‌زانێ و به پێچه‌وانه‌وه‌ی ئه‌وه‌وه قسه ده‌کا که ئاگاداره لێی ئه‌وا دووڕوو و دروزنه‌و ٠٠ ده‌ڵێ بۆردومانی شاره‌کانتان ناکا ٠

له‌به‌رئه‌وه وه‌فدێکی بۆ ده‌نێرین له منالانی دیاله بۆ ئه‌وه‌ی ده‌رسێکی ڕه‌وشت و زانیاری دابداو ٠٠ به به‌یاننامه بۆی ڕوون بکاته‌وه چه‌ند که‌س له شاره‌کانی دیاله شه‌هیدو بریندار بوون پێش ١٩٨٠/٩/٢٢ و چه‌ند منالو ئافره‌ت و پیر شه‌هید بوون پاش کشانه‌وه‌ی سوپای عیراق بۆ سه‌ر سنوور ٠

ڕواله‌تی تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی ئه سه‌برن

که‌وابوو پارێزگای دیاله ئه‌م ڕواله‌ته تایبه‌تی‌یه‌ی هه‌یه ٠٠ ڕواله‌تی تایبه‌تی ئه‌و ئیماندارە تێکۆشه‌ره به سه‌برانه‌ی له‌گه‌ڵ تێپه‌ڕبوونی سێ ساڵدا به‌سه‌ر شه‌ڕداو هه‌رچه‌نده بۆمبا به‌سه‌ر شاره‌کانیانا بکه‌وێ باوه‌ڕیان زیاتر ده‌بێ و به‌و سووری‌یه‌وه که ئه‌مڕۆ لێم‌بیستن و پێش ئه‌مڕۆیش ئاگادارم لێتان ٠

ئێوه دوژمنتان به هه‌ڵه‌دا بردوه چونکه لایان وابوو شه‌ڕ کار ده‌کاته سه‌ر یه‌کێتی عیراقی‌یه‌کان و گیان و به‌رگری‌یان که‌چی شه‌ڕ پته‌وتری کردن و یه‌کێتی و هێزی سه‌بڕو توانایان زیاتر کردو به‌لکو له پێش شه‌ڕ هیوادار تری کردن به پاشه‌ڕۆژ ٠٠ چونکه بلیمه‌تی خۆیانیان دۆزی‌یه‌وه ٠٠ بلیمه‌تی ئه‌و کرده‌وه‌یه‌ی که به خوێن تاقی کراوه‌ته‌وه پاش شه‌ڕو گه‌یشتنه ئه‌وه‌ی که بزانن چه‌نده توانای ڕووبه‌ڕووبوونی زه‌حمه‌تیان هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی له به‌ردی ژیانا باخی سه‌ربه‌رزی و گه‌وره‌یی بتاشن ٠

له‌به‌ر ئه‌م هۆیانه به‌خێرهاتنی خه‌لکی دیاله ده‌که‌م بێجگه له هۆیه‌کانی ترو عیراقیش له‌به‌رئه‌وه سه‌ربه‌رزه چونکه عیراقی‌یه‌و ٠ ئازیزه لامان چونکه عیراقی‌یه‌و پایه‌ی لای ئێمه سنووری نیه سنووری ماف و ئه‌رکی ناشکرا نه‌بێ له سێبه‌ری شۆڕشدا چونکه عیراقی‌یه‌که له نیشتمانپه‌روه‌ری‌یدا به‌خوێن و زه‌حمه‌تی تر تاقی کراوه‌ته‌وه به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یشدا هه‌موو شارێك و هه‌موو بارێك ڕواله‌تی تایبه‌تی خۆی هه‌یه که پێوه‌ندی پێوه هه‌یه ٠

بروانه ل : ٧

قسه‌که‌ریکی ره‌سمی

هێشتا دوو بیری نه‌وت له بنکه‌ی نه‌ورۆزی ئێراندا هه‌ر ده‌سووتێن

قسه‌که‌ریکی ڕه‌سمی دووپاتی کرده‌وه که هێشتا دوو بیری نه‌وت له کۆمه‌ڵه‌بیری نه‌وتی نه‌ورۆزی ئێراندا هه‌ر گڕی گرتوه و خه‌ریکی سووتانه ٠

ئه‌مه‌یش ده‌قی قسه‌که‌یه‌تی: دوا به دوای ئه‌و ڕاگه‌یاندنه‌مان که له ڕۆژی ٢٢ی ئه‌یلوولی ١٩٨٣ بڵاومان کرده‌وه و تیایا هاش و هووشه‌ی ڕژێمی ئێرانمان به‌ره‌ی درۆ خستبوه‌وه که وتبووی ده‌ستی گرتوه به‌سه‌ر یه‌کێ له بیره گڕگرتووه‌کانی کۆمه‌ڵه بیری نه‌ورۆزدا ٠٠ به ته‌واوی بۆمان ده‌رکه‌وت هێشتا دوو بیر له کۆمه‌ڵه بیره‌کانی نه‌ورۆز هه‌ر ئاگریان لێ به‌رز ده‌بێته‌وه و ده‌سووتێن ٠٠ بیری سێهه‌میش ئه‌وه‌ی لێوه به‌دی ناکرێ که نه‌وتی لێ هه‌ڵبقوڵێ ٠

ئه‌وه‌ی شایانی باسه ، هه‌ر له‌م هه‌فته‌یه‌دا ، وه‌زیری نه‌وتی ڕژێمی ئێران خۆیانی به درۆ خسته‌وه ، کاتێ له کونگره‌یه‌کی ڕۆژنامه‌نووسیدا ڕای گه‌یاند که هێشتا دوو بیری نه‌وت له کیڵگه‌ی نه‌ورۆز ده‌سووتێن ٠

سۆفیه‌ت چه‌ند بۆمبایه‌کی ئه‌تۆمی ده‌ته‌قێنێته‌وه

ڕۆما : دانشگای بیۆفیزیای ئیتالیا بڵاوی کرده‌وه که‌وا یه‌کێتی سۆفیه‌ت له یه‌که‌م ڕۆژی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا شه‌ش تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌تۆمی کرده له ناوچه‌ی کازاخستاندا ٠

ئه‌م تاقیکردنه‌وانه له کاتژمێری پێنجی سه‌ر له به‌یانیدا ده‌ستیان پێ‌کرد به کاتی گرینیچ و هه‌ر یه‌که‌یان پێنج ده‌قیقه پاش ئه‌وی تریان کرا له هه‌مان کاتدا مه‌ڵبه‌ندی ڕه‌چاوکردنی بوومه‌له‌رزه له دا نشگاکه‌دا هه‌ناسه‌ی بوومه‌له‌رزه‌ی (٦) پله‌یی تۆمار کرد به پێی پله‌کانی ڕیخته‌ر که (٩) پله‌ن ٠

به‌ره‌نگاری ده‌ستدێژی نوێ‌ی ئێران ده‌که‌ین و هێزه‌کانیان ته‌فروتونا ده‌که‌ین

قسه‌که‌ریکی عه‌سکه‌ری ڕای‌گه‌یاند که ڕژێمی داخ له‌دڵی ئێران پێداویسته بنه‌ڕه‌تیه‌کانی ده‌ستدێژیه‌کی نوێ‌ی بۆسه‌ر عیراق ته‌واوکرده ٠

قسه‌که‌ره‌که هه‌ره‌شه‌ی کرده به‌وه‌ی هه‌رده‌ستدێژیه‌ك بکرێ هه‌مان چاره‌نووسی ده‌بێ که شایه‌نیه‌تی و ئه‌مه‌ش ده‌قی دووانه‌که‌ی قسه‌که‌ره عه‌سکه‌ریه‌که :

به‌ناوی خوای به‌خشنده‌وه‌و میهره‌بان

به‌رده‌وامی له‌سه‌ر شه‌رخوازی‌و ده‌ستدێژی‌و خۆفراوانکردنی دوژمن به پێی ئه‌وه‌ی که زانیومانه که‌وته خۆئاماده‌کردن‌و هه‌ڵبژاردنی ئامانج‌و شوێنی چه‌کداره پاڵه‌وانه‌کانمان ئاگاداری جوڵانه‌وه‌ی دوژمنه‌و ئاگای له مه‌به‌ست‌و هه‌ڵسوکه‌وتیه‌و له مه‌یدانه‌کانی شه‌رفه‌ندی به‌رزدا که به‌رگری کردنه له عیراقی مه‌زن‌و ئاسایشی میلله‌ته خۆشه‌ویسته‌که‌ی هه‌میشه ئاماده‌یه بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی دوژمن‌و ئه‌و هێرشه‌ی که دوژمن ده‌یکات تووشی ئه‌و چاره‌ره‌شی‌یه دێت که هه‌موو دوژمنێکی نه‌زان ده‌یکات چونکه نه‌خشه‌ی بنه‌ره‌تیمان بۆ ئه‌م شه‌ڕه هه‌ر وه‌ك شه‌ره‌کانی میسان نه‌ك هه‌ر به‌دژایه‌تی کردنی ده‌ستدێژی به‌نده بگره پێگه‌یاندنی گه‌وره‌ترین زیانه به‌هێزه ده‌ستدێژکاره‌که‌ی‌و پلیشاندنه‌وه‌یه‌تی به جۆرێ کاربکاته سه‌ر دۆخی ده‌روونی‌و سوپایی‌و سیاسیان‌و کاره‌که به‌وپه‌ڕی باشی‌یه‌وه به قازانجمان به‌گه‌ڕێ‌و هه‌روه‌ها له قۆلایی زه‌وی دوژمندا وه‌ڵامی ده‌ده‌ینه‌وه و پێشه‌کی داوای لێبوردن بۆ گه‌لانی ئێران ده‌رباره‌ی ئه‌م کاره ده‌که‌ین چونکه ئێمه ده‌بی به‌رگری ٠

له سنوری عیراق به‌رامبه‌ر ده‌ستدێژی‌و گیانی ناله‌باری کاربه‌ده‌سته خوێن‌ڕێژه‌کانی ئێران بکه‌ین ٠

٢٧ی ئه‌یلول ١٩٨٣

هێزه جه‌نگاوه‌ره‌کانمان ده‌ستی زیاتر له دوژمنی داخ له دڵ ده‌وه‌شێنن

جه‌نگاوه‌ره مه‌رده‌کانی سوپای عیراقی سه‌رکه‌وتوو به‌رده‌وامن له لێدانی توندی هێزه داخ له‌دڵه‌کانی ڕژێمی خومه‌ینی ره‌گه‌زپه‌رست به‌رامبه‌ر هه‌ڵویستی نا‌ره‌وای شه‌رفرۆشی به‌گه‌ل و ولاته‌که‌مان‌و سه‌ربازه‌کانی ئه‌م سوپا مه‌رده به‌وه‌ره‌ی به‌رزو توانای له‌بن‌نه‌هاتوو ، له‌سالی چواره‌می جه‌نگدا به‌رگری له سه‌ربه‌رزی عیراق‌و ئابروو به‌ختیاری گه‌له‌که‌ی ده‌که‌ن ٠

به‌پێی به‌یاننامه‌کانی سه‌رکرداییه‌تی گشتی هێزه چه‌کداره‌کان که له‌م هه‌فته‌یه‌دا ده‌رچوون هه‌ر له به‌یاننامه‌ی ژماره (١٢٢٤)وه هه‌تا به‌یاننامه‌ی ژماره (١٢٣٠) ئه‌وه دووپات کراوه‌ته‌وه که هێزه دڵێره‌کانمان توانیویانه ده‌ستی مه‌ردانه له‌بنکه‌و مولگاکانی دوژمن بوه‌شێنن له هه‌موو که‌رته‌کانی باکوورو ناوه‌راست‌و باشووردا زیانی زۆری سه‌روو ماڵی له هێزه‌کانی ڕژێمی ئێران دراوه ٠

به‌تایبه‌تی له‌م هه‌فته‌یه‌دا ، مولگاکانی دوژمن به‌رامبه‌ر به هێزه‌کانمان له که‌رتی باکوور ، چه‌ندان جار جموجوڵیان له‌لایه‌ن هێزه‌کانمانه‌وه ده‌ست نیشان کراوه و به‌توندی لێیان دراوه‌و هه‌ر له‌جێی خۆیان سه‌رکوت کراون ٠

دیسان له‌م هه‌فته‌یه‌دا هێزی ئاسمانی ئازامان چه‌ندان هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌و ـ تووی کردۆته سه‌ر بنکه‌و مولگاکانی دوژمن به‌تایبه‌تی له که‌رتی باکورو زیانی سه‌رو ماڵی زۆری لێداون‌و هه‌موو فرۆکه‌کانمان به‌سه‌لامه‌تی گه‌راونه‌ته‌وه بنکه‌کانی خۆیان ٠

تاربه‌ده‌ستێکی گه‌وره‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ریگان ٠٠

ئه‌مه‌ریکا به‌رده‌وامه له چه‌ك ناردن بۆ ئێران

ولاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکا چه‌ك و جبه‌خانه به ئێران ده‌دات ٠

دوکتور ئه‌دموند غریبی ڕاوێژکاری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی کاروباری ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست له ئه‌مه‌ریکا له به‌ردەم کۆمه‌ڵی شاره‌زایانی عه‌ره‌ب‌و ئه‌مه‌ریکاییدا له کۆڕێکدا که له شاری سانت لویسی ئه‌مه‌ریکا پێڕێ شه‌و سه‌باره‌ت به جه‌نگی عیراق‌و ئێران به‌سترابوو وتی : ولاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکا به‌هۆی لایه‌نی سێ‌یه‌مه‌وه که ناوی ئه‌هێنا چه‌ك و جبه‌خانه به ئێران ده‌دات ٠

کاربه‌ده‌سته ئه‌مه‌ریکای‌یه‌که سه‌ری سوڕما له نکوڵی کردنه‌که‌ی ئه‌مه‌ریکاو وتی که ئه‌مه کۆمه‌ڵێ گومان ئه‌خاته سه‌ر ڕاست ده‌ربڕینی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئه‌مه‌ریکا چونکه به مێشکا ناچێ که ئه‌م به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی‌یه ئاگای له‌وه نه‌بێ که چه‌کی ئه‌مه‌ریکا بچێته ئێرانه‌وه که بۆته هۆی درێژه‌پێدانی جه‌نگ ٠

تایمز ئۆف ئینديا

ڕژێمی ئه‌سه‌د به هێزی سوپایی یارمه‌تی خومه‌ینی دژی عیراق داوه

نیوده‌لهی ٠٠ تایبه‌ت ٠ ڕۆژنامه‌ی تایمز ئۆف ئینديا ئه‌و یارمه‌تی‌یه سوپای‌یه‌ی ده‌رخست که ڕژێمی ئه‌سه‌دی به‌کرێ‌گیراو له‌م جه‌نگه‌دا دژی عیراق به‌ڕژێمی خومه‌ینی ٠ ئه‌دات ٠

بروانه ل ٧

سه‌رکرده‌ی هێزی ئاسمانی به‌رگری ئاسمانی

هێزه‌کانمان به هێزتر ده‌بن و تازه‌ترین چه‌ك به‌کار ده‌هێنن

فه‌ریق روکنی فرۆکه‌وان سه‌رکرده‌ی هێزی ئاسمان‌و به‌رگری ئاسمانی عیراق دووپاتی کرده‌وه که هێزی ئاسمانی عیراق وه‌ك قه‌ڵایه‌کی پته‌وو سه‌ختی هێزه چه‌کداره دڵێره‌کانمان ده‌بێ بۆ به‌رگری کردن له خاك‌و سه‌ربه‌ستی عیراقی سه‌ربه‌رز ٠

فه‌ریق روکنی فرۆکه‌وان سه‌رکرده‌ی هێزی ئاسمانی له قسه‌کردنیا بۆ ته‌له‌فزیۆنی به‌غدا شه‌وی ٢٦ی ئه‌م مانگه وتی هێزی ئاسمانیمان گه‌وره‌تر ده‌بێ له سه‌ره‌تای ئه‌و جه‌نگه‌ی که ڕژێمی داخ له دڵی ئێران به‌سه‌ریاندا سه‌پانین‌و به‌تازه‌ترین چه‌کی پێشکه‌وتووی جیهان‌و به‌شاره‌زای‌یه‌کی ته‌کنیکی سوپایی‌و که‌ره‌سه‌و زانینێکی مه‌زن‌و به تازه‌ترین هونه‌ری شه‌رکردنه‌وه ده‌جوڵێینه‌وه ٠ ئه‌وه‌شی وت به درێژایی شه‌ڕی ره‌واو پیرۆزمان هونه‌ری شه‌ری ئاسمان‌و به‌رگری‌کردن پربوو له تاقی‌کردنه‌وه‌و ره‌ك تیرێکی کوشنده‌و کوتوپڕی هه‌موو خه‌ونه نه‌خۆشه‌کانی دوژمنی پێکا ٠

فه‌ریق روکنی فرۆکه‌وان به‌ڵێنی خۆی بۆ سه‌ره‌ك مهیب روکن صدام حسین سه‌رکرده‌ی گشتی هێزه چه‌کداره‌کان تازه‌کرده‌وه که فرۆکه‌وانانی هێزی ئاسمان‌و به‌رگری ئاسمانی سه‌ربازی دڵسۆزی وڵاتن ٠

ره‌فسه‌نجانی هه‌ڕه‌شه‌ی تر له وڵاتانی که‌نداو ده‌کات

هاشمی ڕه‌فسه‌نجانی‌ی (سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی ڕاوێژکه‌ران له ئێراندا) له‌و وتاره‌یدا که له تاراندا دای ئه‌وه‌ی ئاشکرا کرد که‌واهه‌نێ ڕه‌گه‌زی ئێرانی هه‌یه له وڵاتانی که‌نداوی عه‌ره‌بدا ئامادەن بۆ ئه‌وه‌ی دەست بده‌نه تێکدان و گێره شێوێنی هه‌ر کاتێ داوایان لێ بکرێ ٠

ڕه‌فسه‌نجانی له هه‌ره‌شه‌یه‌کی تازه‌دا بۆ ئه‌م وڵاتانه وتی (هه‌ر که کاتی خۆی هات که‌سی وامان هه‌یه له وڵاتانی که‌نداودا ئامادە بن بۆ پاراستنمان‌و ئاسایشی ناوچه‌که بخه‌نه مه‌ترسی‌یه‌وه) ٠

شایانی باسه ماوه‌ی چوار ساڵه وڵاتانی که‌نداوی عه‌ره‌ب دوو چاری پیلان‌و خراپه‌کاری بوون‌و ئارامی‌و ئاسایشیان خراوه‌ته ژێر جۆره‌ها مه‌ترسی‌یه‌وه ٠

له هه‌مان ماوه‌یشدا کاربه‌ده‌سته تایبه‌تی‌یه‌کانی ئه‌م وڵاتانه چه‌نده‌ها مایه‌ی ته‌قه‌مه‌نی‌و پرۆپاگانده‌و نه‌خشه‌ی خراپه کاری لای ئه‌م ڕه‌گه‌زه ئێرانی‌یه خراپه‌کارانه گرتوه ٠

ئه‌م ڕه‌گه‌زه خراپکارانه به بیانووی گه‌ڕان به‌شوێن ئیشدا دێنه وڵاتانی که‌نداوی عه‌ره‌به‌وه‌و به‌ڵام له ڕاستیشدا مه‌شقێکی تایبه‌تی‌یان دادراوه له ئێراندا بۆ خراپه‌کاری‌و ئاشووب نانه‌وه ٠

بارو دۆخی لوبنان له‌ناوه‌راستی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا ، ڕێکه‌وتنی شه‌ڕ وه‌ستاندن له‌نێوان هێزه ناکۆکه‌کانی لوبناندا به‌جێ‌هات‌و له‌ڕۆژی دوو شه‌مه‌وه ته‌قه له‌نێوانیاندا وه‌ستاوه ٠

ئه‌م هه‌واله که ئاژانسه‌کانی جیهانی گه‌یاندیان‌و حکومه‌تی لوبنان‌و هێزه‌کانی تریش سه‌لماندیان .

Institut kurde de Paris

ریسان راستی و دەنگی راستی

لە بەر روونا‌کی ووتە بەنرخەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌دا «بەشی دووەم»

عبدالله عباس

- ١ -

هەشت ساڵ لەمەوبەرو بەتەواوی لە ساڵی ١٩٧٥دا ، لەبەر روونا‌کی ئەو ووتارەی لەگۆڤاری «رۆشنبیری نوێ»دا بەکوردیو عەرەبی بڵاوم کردەوە ، دەربارەی باری سەرنجەکانی سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەرامبەر بە مەسەلەی گەلی کوردمان ، لە دانیشتنێکدا ، لەگەل دەستەیەك رۆشنبیرو رۆژنامەنووسدا ، قسەمان دەربارەی تاقی‌کردنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق دەکردو هەمووان « وەك ئەمانەت » تاقی‌کردنەوەکەیان وەك شتێکی نموونەیی چاك هەڵدەسەنگان‌و هەندێ سەلبیاتیان لەو کاتە سەرەتاییەوە دیاری کرد کە «ناحەزان» قۆستیویانەوەو کردبوویانە مادەی تانەدان لەو تاقی‌کردنەوەیەو هیوایان دەخواست کە سەرکردایەتی شۆڕش زیاتر رووکراوەبێ لەسەر مەسەلەکەو بتوانێ بەزوویی چارەسەری ئەو سەلبیاتانە بکات‌و لەو دانیشتنەدا ، هاورێیەکی سەرکردایەتی بزوتنەوەی نیشتمانی کوردستانی ئێرانمان لەگەلدابوو ، بەشداری گفتوگۆکەی دەکردین‌و لەوقسانەی کردی ، قسەیەکە هەرگیز لەیادم ناچێ ، چونکە راست‌و رەوان «گرێ» کێشەی ئێمەی دیاری‌کرد ، ئەوێك کە لە کوردستانی ئێرانەوە ، پریشکی «تاوان‌باری» بارزانی گرنبوویەوەو یارمەتی شای دەدا لە سەربرینیاندا ، ئەوی راستی‌بێ قسەکەیم « وەك دەقی خۆی» لەبیر نەماوە ، بەڵام بەتەواوی دڵنیام بەم مانایە بوو :

(حەزدەکەم ئەو رۆژە بێت ، کوردی کوردستانی عیراق ، بەتایبەتی رووناك بیرەکانیان ، لەو گرێیانە رزگاریان ببێ کە بارزانی‌و سەرکردایەتیەکەی پێ‌بەستونیەتەوە ، ئێوە لەهەموو باس‌و خواستێکتاندا دەربارەی ئەو سەلبیاتانەی دێتە رێی چارەسەری کێشەکەتان ، هەر رەخنە لە حکومەت دەگرن ، ئاوڕێ لە ودزعی خۆتان نادەنەوە، من بۆ ئەمانەت پێتان دەڵێم لەئیستاوە تا دەیان ساڵی تر هەرچی تاڵی‌و ترشیتان بەسەردێت نەعلەت لە بارزانی بکەنو بەس!!) .

زۆر راستی کرد ، ئەو سەرکردایەتیە بۆ گەنەی بارزانی جلەوەکەیی گرتبوە دەست خۆی‌و بەسەر بزوتنەوەی گەلی کوردیدا سەپاندبوو ، وای لەو خەلکە کردبوو ، ئاوڕێ لەحالی خۆی‌و پاشەڕۆژی نەداتەوە ، تاکاتێ بەخۆی دەزانی بەگورگان خواردوو دراوەو زۆری پێ‌نەدەچوو کاتێك بەخۆی دەزانی ، ماوەی نەدەدا بەگەل بیر بکاتەوە ، دەیخستەوە داوی ئەو یاریەیە چەپەڵەی بەگەلی کوردو مەسەلە رەواکەیەوە دەیکردو من دڵنیام «لەوساوە» یەکێ لە هەرە هێ گەورەکانی ئەوەی وای لە بارزانی کردبوو ، زۆر قینی لەسەرکردایەتی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەموز بێتەوە ، ئەوەبوو کە زانی ئەو سەرکردایەتیە بەجدی بیر لەوە دەکاتەوە ئەو رێگایە بگرێتە بەر لەگەل گەلی کوردا کە لەداوی گرێ‌کانی بارزانی زرگاری دەکات .

- ٢ -

وابزانم لەکۆتایی ١٩٧٥دابوو ، هاوڕێیەکی بەعسی بوو بە پارێزگاری سلیمانی ، کەس گومانی لەخۆشەویستی ئەو هاوڕێیە بۆ کورد نیە ، یەکێك بوو لەو لاوە ، ژیرانەی لەوە گەیشت کە کوردایەتیمان بە عیراقیەتمانەوە دەرازێتەوەو ، بەپێی پەیوەندی هاوڕێیەتیم لەگەلیا چومە لای بۆ پیرۆزبایی لێ‌کردنی ، ئەم کارەساتەی بۆگێرامەوە ، ووتی :

(دەزانی ئەمشەو لەداخی ئەم خەڵکە بێ‌گوناهەی گەلی کوردمان ، تا بەیانی خەوم لێ نەکەوتووە ، ووتم بۆچی ؟ ووتی : ئەم فایلانەی بەردەمم دەبینی ، ئەمانە نووسراوی تەواوبوونی دوو پرۆژەن لەناحیەی خورمال ، قوتابخانەیەکو نەخۆشخانەیەك ، تەواو بوونو بەپێی ئەم فایلانە ، دەبێ ، قوتابخانەکە مندالی کورد تیایدا بخوێنێ‌و نەخۆشخانەکە چارەی نەخۆش بکات ، دوێنێ چووم بۆ خورمال ، ئەزانی چیم دی ؟! ئەو ژەویەی دەبوو بنیای قوتابخانەو نەخۆشخانەکەی لەسەر بکرێ ، پاچی لێ‌نەدراوە !! کەچی لەم فایلەدا ، وا نووسراوە ، پارێزگای سلیمانی کلیلی هەردوو بیناکەی لە مقاویل وەرگرتووەو ئامادەن بۆ بەکارهێنان !!) .

ئەم رووداوە ، لەزمانی پارێزگارێکا بوە ، کوایە نوێنەری بزوتنەوەی نیشتمانی کوردەو ساڵانی رابووردو تر لەبەر خاتری بەختەوەری ژیانی کورد چەکی هەڵگرتبوو ، کە دەستەڵاتێ هاتە سەر حوکم‌و وەڵامی داخوازیە رەواکانی گەلی کوردی دایەوەو هەلی لەبەردەمی ئەو کەسانەدا کردەوە ، راستی ئەوە بسەلێنن کە بۆسوودی گەلی کورد چەکیان هەڵگرتبوو ، بەکردەوە ، لەکاروانی ئاوەدانی‌و کاری چاکدا بەشداری‌بکەن بۆ خزمەتی ئینسانی کورد ، بەڵام ئەوان سەلماندیان مەبەستی سەرەکیان کورد نەبووە ، ئەگینا هەیە پارەی کردنەوەی قوتابخانەی گەلەکەی بدزێ ؟!

بەو هاوڕێیەم و ت : بەلای منی کوردەوە ئەم رووداوە سەیر نیە ، چونکە دەمێکە دەزانم ئەو تاقمە دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادارو هەست کردنیان بەوەی دەستەڵاتداریەتی ئەمجارە سوورە لەسەر چارەسەری مەسەلەی کورد، ئەرکی سەرشانیان بوو بەوەی کاری وابکەن ئەنجامەکەی ئەوە بکەیەنێ رووی ئەم دەستەڵاتداریەتەش لەبەرچاوی گەلی کورددا وەك دەستەڵاتداریە کانی پێشو زیاتر ناشیرین بکەن ، خۆیان پارەی قوتابخانەو نەخۆشخانەکانیان دەبردو دوایی لای خەلکی ساده ، دەیان ووت دەستەڵاتداریەتی ماوەیان نادات کاربکەن، جائیتر بەلای ئێمەی کوردەوە چۆن سەیر دەبێ ئەوانە ببنە دەلیلی زەلیلی‌و خۆفرۆشی لەشکری خومەینی بۆ داگیرکردنی عیراق ! ئەگەر ئەوان لەمەوبەر پارەی قوتابخانەو نەخۆشخانەکانیان دزیبین ، ئەمرۆ چاوەڕێ ناکەین لە سەفەری خۆفرۆشی گوڵمان بەدیاری بۆبێنن !

- ٣ -

ئەگەر ، بەووردی ، سەرنجی ئەو دوو نموونەیە بدەین کە لەسەرەوە باسمان کردن ، بۆمان دەردەکەوێت ، رووی تاوانکاری ئەو تاقمە بەر لە هەموو کەس‌و لایەنێ ، زیانی لەگەلی کوردو بزوتنەوەکەی داوە ، ئەوەی ، بەلای دامودەزگاکانی دەرەوەی ناحەز بەعیراق ، زۆر دەمێکە حسابی بۆکراوە ، کە هەمیشە بیانووی تەنگ هەڵچنین بێ بەعیراق ، هێشتنەوەی کێشەی کورد بووە بەبێ چارە سەر ، ئەو هیزەیش کە شەیتانانە دەیتوانی ئەم کارە بەجێ‌بهێنێ ، بارزانیەکان بوون ، کە شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەموزیش پێی لەسەر چارەسەری مەسەلەکە داگرت ، رووبەرووی دوو کێشەی گەورە بوو وایان کرد ، چارەسەری ئاسان نەبێ‌و ، ئەگەرەی پێتەرێ !

بەگەم :

کێشەیەك ساڵانێکی دوورو درێژ بێ چارەکردن مابوەوەو دەیان کێشەی تری بەدوایی خۆیدا دروست کردبوو ، بەتایبەتی لەساڵانی زۆران بازی چەکداریدا کە لە ١٩٦١ وە تا ١٩٧٠ی خایاندو ئەو ماوەیە ، لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی بزوتنەوەکەش لەلایەن یەکێکی نوقم بوو لە یەکرێ گیراویدا گیرابووە دەست دەرگای ناوچەی کوردستانی لەبەردەم هەڵپەی چەندان دام‌و دەزگای جاسوسی دەرەوەدا کردەوە کە هەندێکیان توانیان گەرای خۆیان دابچێن بۆ رۆژی خۆیان !

دووەم :

دەستەڵاتداریەتی نیشتمانی عیراق ، کاتێ رووی کردە جەماوەری کورد ، ئەو جەماوەرە لەژێر ئەو بارە قورسەدابوو دەیان ساڵبوو لەژیر تاسیری سەرکرداتیەکی فێڵبازوو خاوەن تاقی‌کردنەوەدا بوو کە دەیزانی چۆن ئیستغلالی وەزعی کۆمەڵایەتی‌و نەفسی‌و ئابوری‌و رۆشنبیری خەڵکەکەو هەڵویستی نارەوای حکومەتەکانی پێشو بکات بۆ دروست‌کردنی «دیواریکی گومان» لەنێوان خەڵك‌و هەرشتێ ناوی «حکومەت‌بێ!» .

هەر ئەم دوو هویە بوو ، وایان کرد ، کە لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەو زەخمە جەماوەری‌یە گەورەیە بدەنە شاخ ، چونکە ، بەپێی کێشەکانی ئەو دوو هویەی سەرەوە ، ئەوسا ، لەناو زوربەی کوردا هەموو هاوکاریەك لەگەل دەستەڵاتداریەتیدا «بڤەبوو» ، ئیتر بەبێ ئەوەی ماوە بدرێ بەکەس لێکدانەوەیەك‌و بەراوردێك لەنێوان ئەو رۆژگارانەی دەستەڵاتداریەتیەکانی رابووردو رۆژگاری دەستەڵاتداریەتی ئیستادا بکات ، تا ئاش‌بەتاڵەکەی ساڵی ١٩٧٥ رووی‌دا ، ئەوەی راستی بێ ئەم رووداوە ، رێگای لەبەردەم زوربە زۆرەکەی جەماوەری کوردا کردەوە ووردترو لەبەر رووناکی سوودی خۆی‌و سوودی سەرجەمی عیراقدا بیر بکاتەوە ، هەرچەند نامانەوێ هەندێ برینی رابووردو بکولێنینەوە ، بەڵام ، ئەگەر دام‌و دەزگاکانی دەوڵەت لەکاتی خۆیدا بەپێی بیروباوەرو نەخشەی سەرکردایەتی ، سوودیان لە رووداوەکە وەربگرتایەو مەوزوعی تر دەستیان بۆ ئەو جەماوەرە لێقەوماوەی بارزانی خەریك بوو بە گورگان خواردوویان بدا ، بکردایەتەوە ، ئیستا زۆر شت دەگۆڕاو لەوساوە ، دەرگا توند تر بەرووی گەڕانەوەی ئەو تاقمەو دەست کردنەوەیان بە بارزگانی بەمەسەلەی کوردەوەدا دەخرا .

- ٤ -

جا بەم بۆنەیەوە ، دەمانەوێت ، رووناکی بخەینە سەر هەندێ لایەنی ئیستای مەسەلەکە ، من لەسەر مەسئولیەتی خۆم دەڵێم ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق ناتەواوە ناتەواوی زیاتر لە راپەراندنی یاساکەداو چۆنیەتی رووکردنە خەڵکەکەدا ، بەڵام کە لە مونتەلەقی یەکەمجار سوودی ئەمڕۆی کوردو وەك عیراقی لە ناخەوە سەرنجی مەسەلەکە دەدەین ، ناکرێ هەر خەتای ناتەواویەکە بخەینە ئەستۆی دەستەڵاتداریەتی بەبێ دەست نیشانکردنی ئەو کۆسپانەی دەخرێنە بەردەم هەر بیرکردنەوەیەکی جدی بۆ تەواوکردنی ناتەواویەکان .

(دەڵێن ئۆتۆنومی ناتەواوە ، ئەمە مەسەلەیەکی ئاساییە ، ناتەواوی وەك پەنەنە مبللیەکە دەڵێ - زیادە

بڕوانە ل : ٧

کۆڕێك بەبۆنەی سێ ساڵەی جەنگی ڕەوامانەوە

بەرێز سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی‌و رازگری نووسینگەی باکور دووپاتی کردەوە کە عیراق بەپشتیوانی گەل‌و سوپای ئازای بەردەوام دەبێ لە جەنگی رەوای‌مێژووی خۆی‌دا لە پێناو بەرگری‌کردن لە مافی رەوای خۆی‌دا بۆپاراستنی خاك‌و ئاومان تا ئەو کاتەی کە رژێمی رەگەزپەرستی ئێران دەست لە دەست درێژی‌و چاوچنۆکی خۆی هەڵدەگرێت .

ئەمە لەو کۆبوونەوە فراوانەدا هات کە سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممەی رابردوو سازکراو تیایدا بەرێزان رازگری پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب‌و رازگری نووسینگەی پیشەیی‌و پارێزگاری هەولێر ئامادە بوون ...

بەرێز سعدی مهدی صالح لە ووتەکەی‌دا ئەوەی دەست نیشان‌کرد کە بەرگری کردن لە عیراق لەلایەن هاوولاتیانی کوردەوە مەسەلەیەکی نیشتمانی‌و مرۆڤایەتی‌یەو رێڕەوی حوکمی‌زاتی ناوچەی کوردستان بەرەو پێشتر دەبات‌و ناونووس‌کردنی هاوولاتیانی کورد کەژمارەیان دەگاتە هەزاران رێڕەوی برایەتی مێژوویی‌و گیانی نیشتمان پەروەری‌و قوربانی دان دووپات دەکاتەوە لە پێناو بەرگری‌کردن لەمافی رەوای‌عیراق .. هەروەها لەووتەکەی‌دا بەرێزی باسی رژلی گەلی کوردی کرد لەم جەنگە چارەنووسی‌یەدا کەنموونەی قوربانی‌و خۆشەویستی بوو بۆ شۆڕش‌و رابەری کاروان تێکۆشەر صدام حسین .

بەگیان‌و سامان ئەم خاکە دەپارێزین

لقی هەولێر

● گەلی عیراق هەر لەخاکی کوردستانەوە تاکو بەسرای سەربڵند بە دەم‌بانگەوازە نیشتمانی‌یەکەی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق هاتن بە بەخشینی زێڕو پارە بۆ پشگیری جەنگی پیرۆزمان دژی رژێمی خومەینی بەکرێ گیراو .

لە پارێزگای هەولێریش بێ پەروا جەماوەر بەشداری پیرۆزیان لەم رووەوە کردو چوونە دیدەنی سەرەکی فەرماندە هەڤاڵ صدام حسین‌و دووپاتی وڵسۆزی‌و خۆبەخت کردنیان کردەوە .. بە پێویستمان زانی کە بچینە دیدەنی چەند کەسێك لەوانەی کە بەشداریان لەو پشتگیری‌یە کردووە ...

بەرێز جمشیر حەیدەری وتی :-

تاکو ئێستا نزیکەی سەر هەزار دینارم بەخشیووە بۆ پشتگیری جەنگی ڕەوامان ، پێویستە لەسەر ئەم گەلە بەشدار بێت لەم جەنگە جا بە هەرچی وەسیلەیەك بێ ، چونکە رژێمی ئیرانی ناپەسەند هەوڵی ئەوە دەدات کە خاکمان لێ داگیر بکات ، خاکیش پیرۆزە جا ئێمەش لە ای خۆمانەوە ئەو بەشداری‌یە دەکەین ... لە بیریشت نەچێ من هەموو مانگێ هەزار دینار دەدەم تاکو ئەم جەنگە دەبڕێتەوە ..

● خوشکە خونچە عثمان وتی :-

هەموو ئالتونەکانم بەخشی بۆ سەرفرازی گەل‌و سەرفرازی سەرەك صدام حسین ...

کە وولاتمان لە دەست چوو ، ئالتونمان بۆچی یە .. وانە با هەمیشە لە پێشەوە بین بۆ پارێزگاری کردن لە خاکی عیراق ، خاکی کوردو عەرەب ...

● بەرێز ناظم یەعقوبی دەڵێ :-

ئێمە ئامادەین هەموو کاتێك ، بەشداری بکەین لە جەنگی مێژوویی‌مان بە بەخشینی پارەو زێڕو هەتا گیانیش ... بەپێی توانا لەم بەخشینە بەشداربووین بەلێنیش دەدەین کە بەردەوام بین لەم هەڵوێستە گەورەیەدا ....

● بەرێز قادر ابراهیم وتی :-

وولات شیرینە ، هەر چی‌یەکی بۆ ببەخشی هێشتا هەر کەمە ، ئێمە کە بەشداری لەم بەخشینە دەکەین بە هەموو توانایەکمانەوە ، ئەوە دەردەکەوێت کە هەموو عیراقیەك ئامادەیە لەو مەیدانەدا خوێنی خۆی بڕێژێ ... قوربانی بدات ..

لقی هەولێر

خوێن بەخشین لە جەنگی ڕەواماندا

● هەر لەگەڵ یەکەمین‌رۆژی جەنگی ڕەوامان دژی رژێمی بەکرێ گیراوی‌خومەینی جەماوەران بە هەموو شێوەیەك بەشداری‌یان کرد ، لەم بەشداری‌کردنە هەژنانە ، خوێن بەخشین بوو لە لایەن خەڵکی پارێزگای هەولێرەوە ...بە گیانێکی نیشتمان‌پەروەرانە داوای ئەوەیان دەکرد کە بە خوێن بەخشین بەشداری بکەن ...

لەم رۆژانە چووینە مەلبەندی خوێن بەخشین لە نەخۆشخانەی هەولێرو چاومان بە چەند خوشك‌و برایەك کەوت خوێن دەبەخشن بۆ پشتگیری جەنگ ، رای هەندێکمان وەرگرت :-

خوشکە کوتر علی وتی :-

رزگارکردنی مرۆڤێك بە

بڕوانە ل ٧

بیروڕای سیاسی

«توودە» لەسەرەمەرگ‌دا

● عبدالستار طاهر شریف ●

لەم رۆژانە لەسەر لاپەڕەکانی زۆربەی زۆری رۆژنامەکان‌و گۆڤارە سیاسیەکان باس باسی «پارتی تودەیە) ، هەر نووسەرێك لەو سوچەوە سەیری مەسەلەکە دەکا وەك خۆی دەببینێ هەندێکیان کە باسی تودە دەکەن وەك پارتێکی مارکسی لینینی لە ئێراندا ، یان‌وەك پارتێکی چەپەو باسی دەکەن‌و ناچار دەبن چاوێك بخشێننەوە بەڕابوردویدا . تا دەگەڕێنەوە بۆ ٢٩ ئەیلولی ساڵی ١٩٤١و رۆژی دامەزراندنی پارتی تودەی ئیرانی وەك پارتێکی تازە نەك وەك پارتێك خۆی بە پارتی کۆمونیستی ئیرانی پێشو بزانێ یان زۆر دوور نەڕۆین‌و بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٥٣ دوای دەربەدەربوونی تودەو ئاوارە بوونیان لە دەرەوی ئێران‌و خەریك‌بوتیان بە نواندنی چالاکی دژی رژێمی شای پێشووی ئێران ، لە ریزی قوتابیانی ئاوارەبوانی ئەو سەردەمە ئەو ئەندامانەی لەچنگ رژێمی شای کۆنە پەرست رزگاریان بووبو خەرییکی رەخنەو رەخنەکاری بوون دژی سەرکردایەتیەکەیان کە چۆن لە ئەنجامی کۆمەڵی هەڵەی نابەجێ نووشی ئەو ئەنجامەیانیان کردبو هەرچەندە دانان‌نان بە هەڵەو دووبارە گەڕانەوە بۆ هەمان هەڵەکانی پێشو ، بەکێکە لە پیشەکانی پارتیە کۆمنیەکانی وولاتانی سێیەمو ئەو وولاتانەی بە قوناغی رزگاریخوازی نەتەوایەتیدا تێپەر دەبن ئەو ناکۆکیەی نیوان ئەندامانی پارتی

تودە لە دەرەوەی وولات دوای ساڵی ١٩٥٣ رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو زیاد بوون‌و گەورە بوون دەچو بەتایبەتی دوای ئەوەی تودەییەکان بەتەمای گەڕانەوە نەمابوون بۆئێران‌و گەپشتبونە ئەو قەناعەتەی کەوا خەباتی سیاسی لە دەرەوەی وولات هاسانترە وەك لە گۆڕەپانەکانی ناوەوەی ئێران . ئەم دوور بوونەوەیەش ساڵ بە دوای ساڵدا تا ساڵی ١٩٧٩ ، کە ئەکا زیاتر لە چارەکە سەدەیێك ، وای لە زوریەی زۆری ئەندامەکانیان کرد کەوا زۆر نامۆبن بەنسبەت جەماوەری ئێران‌و وولاتی ئێراندا . هەرچەندە ژمارەییکی زۆر کەمیان توانیان بەم دواینەو پێش روخانی رژێمی حەمە رەزا شا رێکخراوێك دابمەزرێنن بەناوی «ریکخراوی شورشگێڕی پارتی تودە »و جێ پێیێك بدۆزنەوە لە ناو ئێرانداو سەر بەخەتی یەکیتی سۆڤیەت‌و هیچ خەتێکی دەوڵی نەبن ، بەڵام لەبەر کەمی ژمارەی ئەندامەکانیان‌و نەبوونی هێزێکی ئەوتۆیان تەیانتوانی هیچ رۆڵێك لەناو ئێراندا ببینن پێش شۆڕشی گەلانی ئیران لە ساڵی ١٩٧٩دا .

خۆ ئەگەر زیاتر بچینە بنچ‌و بنەوانی پارتی تودەی ئێرانی ، ئەوا ئەم پارتیە ، لە سەرەتای دامەزراندیشی ، بەرنامەکەی لە بەرنامەیێکی پارتییکی ئیصلاحی تێپەری نەئەکردو سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی پارتەکەشیان کە «سلیمان میرزا ئەسکەندری» بوو کە یەکێ بوو لە ئەندامانی پێشوەی ئیشتراکی دیموکراتیەکان‌و رۆژنامەی مەرکەزیانیش رۆژنامەی «مەردوم» بوو لەو کاتەدا «جعفر بیشەوری» کە یەکێکە لە دامەزرێنەری پارتی عەدالەت‌و پارتی کۆمونیستی کۆن رای وابوو کەوا بەرنامەی تودە بەرنامەیێکی شۆڕشگێڕانە نیەو مەسائلی سەرەکی وولاتی چارەسەر نەکردوە بەهەمو حاڵێکەوە لەو ماوە دوورو درێژە کە وەك ووتمان زیاتر لە چارەکە سەدەیێك بوو پارتی تودە نەیتوانی بە درێژایی تەمەنی بچێتە ناو رێزی جوتیاران‌و دانیشتوانی لادێ‌کانی ئێران‌و دێهانەکانی ئێران هەر بە ئیحتیاطی هێزە کۆنەپەرستەکان‌و بیوقراطیەکان مایەوە بەهۆی دووانەوتووی لادێ‌کانی ئێران‌و لاوازی هۆشیاری سیاسی‌و پەیوەندی‌یەکانی دەربەگایەتی‌و عەشایەر گەری .

ئەگەر بێت‌و ئێمە لەم نووسینەماندا وە بە پێی ئەم بۆچونەی سەرەوە لەشی‌کردنەوەی هەڵوێستەکانی «پارتی تودە» بدوێین تا ئەگەین بەو ئەنجامەی ئێستا «تودە» گەیشتوە پێی‌و لەمەودوا چی‌ی بەسەر دێ‌و ئەوا لەوانەیە بەپێی جیاوازی بۆ چوونەکەمان لەگەڵ هەندێ بۆچوونی تر کە هەندێ نووسەران بۆی چوونە لەگەڵ جیاوازی جۆری شیکردنەوەکەمان بەپێی را تایبەتیەکانمان بێگومان جیاوازیمان دەبێ‌و لەوانەیە جیاوازیەکانیشمان زۆر بێ . هەر لەسەر بناغەی ئەم بۆچوونەمان زۆربەی زۆری ئەو نوسکۆزو کەوتنانەی هێزە نیشتیمانیەکان‌و نەتەوبیە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانی تووشی بوونە دوای شەری جیهانی دووەم هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستە پر لە هەڵەکانی پارتی تودەی ئێرانی دەزهەق بەو هێزانە .

دەبا بزانین لە کاتێکدا لە ئازربایجانی ئێرانی ، دوای دامەزراندنی حوکمی زانی ئازەربایجان ، یان باشتی بڵێین «جمهوریەتی ئازەربایجان ، لەگەڵ دامەزراندنی «گۆڤاری مەهاباد » لە کوردستانی ئیراندا ، لەو کاتە ناسکەدا بۆچ پارتی تودە بوە هاوپەیمانی حکومەتی «قوام السلطە» کەوا «قوام السلطە» هاوپەیمانیەکەی لەگەڵ پارتی تودە ئیستغلال کرد بۆ لێدانی هەردوو کۆماری ئازەربایجان‌و مەهاباد ... ئەمە یەکێکە لە دەورە ئینتهازیەکان‌و خیانەتکاریەکانی پارتی تودە بەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی ئازەری‌و کورد لە ئازەربایجان‌و

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

یادی «٢٠٠» ساڵەی دامەزراندی شاری سلێمانی

نووسینی : ئەحمەد خواجە

لەڕاستیدا ئەبێ بزانین ئیمە ئەوەی ئەو پاڵەوانانەین و پیاوە چاکانەین کە ئەم شارە خۆشەویستەی پڕ لە داستان و ئەفسانەی مێژووی گەلی کوردەیان بە یادگار بۆ بەجێ هێشتوین کەوا ئیستا بەشانازیەوە باسی گواستنەوەی پای تەختە دێرینەکەی بابان لە قەڵاچوالانەوە بۆ سولەیمانی پێشکەش ئەکەین .

تا ئێستایش زۆر باش لە بیرمە خوالێخۆش بوو خواجە ئەفەندی باوکم ئەیفەرموو ـ

پێویستە ئیوە لە ئێستاوە لە کارە ساتەکانی خۆتان و ولاتەکەتان بزانن چونکە ، ئەرکی تأریخ کرانەو ئەکەوێتە سەر شانی ئیوە . هەروەها باسی شاری سولەیمانی یەکێک بوو لە باسەکانی بومانی ئەکرد . وتی :

وەسمان ئاغای باوکم ئەفسەرێکی ناسراوی سوپایی حکومەتەکەی بابان بوو . لە زمان خۆیو ڕەسول ئاغای باوکیوە زۆر جار وردە وردە لە بابەت گواستنەوەی شاری قەڵاچوالان بۆ سەلەیمانی ئیستا بە تەواوی بۆمانی ئەگێڕایەوە .

ئەیوت :ـ

شارە پڕ لە مێژوییەکەی قەڵاچوالان کە لە لایەن قوبادی مەزنەوە دامەزرێنەری دەولەتی ئەردەڵانەوە بۆ ئەوەی خۆی پاشایانی بابان ، بەجێ مابووە لە گۆڕستانە ناو ونیشان دارەکەی کورد لە قەڵاچوالان نێژراوەو هێشتا چاوی هیوای لێک نەناوە بەداخەوە گۆڕەکەی لە ناو ئەچێو ڕەنگە مێژووی کارەساتە دلێرانەکەیشی لە بیر بچێتەوەو وتەی ڕەسول ئاغا ئەواو بوو .

بابانەکان :

پاشاو ئەوەکانی بابان بە درێژایی ژیانیان زۆر ئارەزوو مەندی ڕاوو شکاربوون زۆرجار لە شارباژێڕەوە ئەهاتن بۆ دیوی شارەزوور بەتایبەتی بۆ ڕاوی ئاسکو چێرک .

ڕۆژێک لە ڕۆژان برایم پاشای کوری ئەحمەد پاشای بابان کە پیاوێکی زیرەکو تێگەیشتوو بوو ، ماوەیەکی زۆریش لە بغداد هاونشینی والیو پیاوە گەورەکانی میری عوسمانی کردبوو بە بۆنەی ڕاوەوە دێت بۆ ئەم ناوچەیەی ئیستای سولەیمانی کە بە سەرچناری خۆر ئاوا ناو ئەبرا . ئەم جێگا فراوانو پڕ ئاوو درەختە دڵگیرەی بینی کە ئاوی ئەو کانیاوە زۆرە بەسەر زەوی پێخاوەنو بە ناو شیوو دۆڵەکاندا خوڕە خوڕ ئەڕوات و ئەرژێت و بڵاو ئەبێتەوە بەتایبەتی ئاوی کانی ئاسکان لە بنارەوە بۆ ناو چەمی «تەنکەڕۆ - تانجەرۆ» شۆڕ ئەبێتەوە بە ناو چڕو قامیشەڵانێکی زۆرا ڕێژە ئەکات و بوەبەجێگە لەوەڕگەو بووسەی ئاسکو گەلێک لە جانەوەرە ئێویەکانو مەلو باڵندە . تیتر پاشا بەرامبەر بەو دیمەنە نایابە کەوتە بیر کردنەوەو سەرسڕمان .

ـ برایم پاشا کە گەڕایەوە بۆ قەڵاچوالان بەتەواوی بیر لەو جێگە جوانو پەسندە ئەکاتەوە ، یەکسەر بریاری گواستنەوەی شاری قەڵاچوالان ئەدات بۆ ئەو ناوچە جوانو بەپیتەو ناوداره دەست بەجێ فەرمان ئەدا بە وەستا حەسەنی باش وەستای بەنا ناوی سنەیی و لەگەڵ خۆیدا بە سواری ئەیهێنێ و ئەخشەی پێ ویستی بنای میری و خانوو بۆ دەستگاهی میری گەڵاڵە ئەکات و بە زووی فەرمانی دەست بەکار کردن ئەدات :ـ

ـ لە پلەی یەکەمدا :ـ

کۆکردنەوەی ئاوی کانیەکان کە نیزیکەی پەنجا سەرچاوەی کانی لە چوار چێوەی شارە ئەخشە ـ کێشراوەکەیدا هەڵ ئەقوڵا

لە ـ پلەی دووەمدا : ڕشتنی ئەخشەی بناغەی ئەو بنایانەی بریاری دروست کردنیان درابوو فەرمانیدا .

ـ ئەو بنایانەی پێشەکی پێویستی تەواوکردن بوو ئەمانەن .

١ ـ مزگەوتی گەورەی ئیستاو خانوو بۆ شیخ مارف تۆدێ .

٢ ـ سەرای حکومەت .

٣ ـ بە تەنیشت سەراوە خانووی پاشا .

٤ ـ قشلەی سوپاو دەبۆی تەقەمەنی و چەک .

٥ ـ خانوو بۆ شالیارو پیاوە باوڕپێکراوەکانی میری و چەند بنایەکی تر .

ئەم بنایانە لە ماوەی یەک ساڵدا تەواو کران . پاش ئەم دەستو بردە دەست کرا بە گواستنەوە لە قەڵا چوالانەوە بۆ شارە تازەکەو دامەزراندنی دەستگاەو دەستووری میری و باش ماوەیەکو خۆ دامەزراندنی ئیشی و کارو بەکارهێنانی یاسای یەکسانی لە لایەن پاشاو کۆمەڵی پیرانەوە ناوی ئەم شارە تازەیە ناونرا « سولەیمانی » بە یادی ناوی خوالێخوشبوو سولەیمان پاشای گەورە لە ساڵی ١١٩٨/١١٩٩ی کۆچی . وە لە قەڵاچوالان تەنیا قەوارەیەکی کەمی میری مابۆوە .

ـ جا :ـ بەپێی ژمێرەی ساڵی . ژمێرەی ساڵی ١١٩٨ کۆچی بەتەواوی ساڵی ١٧٨٣ زانی ئەگرێتەوەو دانانی بناغەی شاری تازەی سولەیمانی یە لە لایەن برایم پاشای حاکمی بابانەوە . وە بە ناوی سولەیمان پاشای بابیرە گەورەی بابانەکانەوە ناو نراوە . بەم بۆنەیەوە لەسەر گردی قشلە کە ئەکەوێتە نیوانی ـ شەقامی مەولەوی و شەقامی مزگەوتی گەورەی ئیستا : ئەو گردە نیزیکەی بیست مەتر بەرز بوو .

لە ڕۆژی هەینیدا بە بە کۆبوونەوەی دانیشتوانی شارو فەرمان بەران لەگەڵ دەستەی موسیقای میریداو دەهۆڵو زورنا بە ناوی ، سولەیمانیەوە دوو ڕۆژ کرا بە بەزمو ئاهەنگو شەکراوی پیرۆزی و خۆشی خوراید وە

ـ ڕاپەڕینو چالاکی پاشا

لە لایەن بریم پاشاوە زۆر بە چالاکی بۆ دروست کردنی خانوو ، دوکان پیلانی کار ئاسانی ڕێکخست ، وەکوو : زەوی بە خۆڕایی و هەندێکش یارمەتی بە پارەو کەرستە . ئەو لادێیی و کەسانەی پیتی زەوی و درەختیان بۆ فرۆشتن ئەهێنن بۆ شار هیچ باجو پارەیەکیان لێ نەسێنرێت . هەموو دادو داوایەک لە لای پاشا خۆیەوە ئەبینرێت . کڕین و فرۆشتن و هەموو تفاق و پیویستیەک بەپێی ئەو یاسایە تەبێ کە لەلایەن خۆیەوە بە گەل ڕائەگەیەنرێت .

ـ پیشەسازەکان :

لە یەکەم جاردا ئەو وەستا ئاسنگەرانەی پێویستی جووتو کێڵانو درویەنەیان دروست ئەکرد . لەگەڵ پێڵاو درو ، جۆڵاو چەحماخ سازەکانی لە قەڵاچوالانەوە هێنایە سولەیمانی و هەموو پێویستیکیشی بۆ ئامادە کردن .

هەروەها زۆر بە گەرمی دەستی دایە کۆکردنەوەی ئاوەکانی ناو ئەخشەی شارەکە بۆ بەکارهێنانی پێویستەکانی گەڵو ناوشار . بە تایبەتی ئاوی کانی ئاسکان کەجێ ڕاوگە بوو . هەر لە بناری گوێژەوە تا ئەم جیگەیەی ئیستای ـ مزگەوتی کانی ئاسکان ـ ناوەکەی ڕاکێشاو کرا بە سەیران گەوناشتیکی لە بەرا نابەوە .

گەڕەکی مەلکەندی

دێتە بیرم ٤٠/٥٠ ساڵی لەمەو بەر لەسەر ناوی مەلکەندی چەندو چوونیەکی زۆر ئەکرا ، لە لایەن بەرێز مامۆستا توفیق وەهبی بەگەوە بە من وترا کە پرسیاری بۆ بکەم . منیش ئەم ڕازەم بۆ گێڕایەوە .

ـ وتی :ـ

وەکوو لە باوکم بیستوە کاتێ برایم پاشا بۆ دامەزراندنی بناغەی شاری سولەیمانی هاتوە لەسەر کەندەلانە ئاو دڕەکەی ـ ئیسوی پیرمە سوور ـ تەنیا یەک مالی ڕەش مال نشین خاوەنی ئاژەڵو مەڕو مالاتێکی زور هەبوە . بۆ زۆر پێویستو ئیشووکار بە تایبەتی وەکوو دۆ ، ماست یان ئاوی ساردی کونده ، جار جاریش بۆ حەسانەوە ئەیوت بچن بۆ مالی ـ سەرکەندی ، مالی کەندی ـ بەو چەشنە کابرای خاوەن ڕەشمال بوو بە خۆشەویستی پاشا .

بەرامبەر بە خزمەتو پیاوەتی یە زۆرەکانی لە باجی دە ساڵ مەکاتو دەیەکی پیتی دەغلو دانو پووش خۆرئ ئاژەڵی تەرخان کراو پارەی لێ نەسێنراو بە خۆشی و ئازادی ئەژیا ، وردە وردەیش ئەو ناوچەیە ناونرا مەلکەندی و بە ناوەوە ماوەتەوە . ماموستا وەهبی بەگ پەسندی کرد بەڵام وتی بام بزانم لە جێگەیەکی تریش ئەیبستم یان تایە .

ـ پاشا لەگەڵ دانیشتوە تازەکاندا چۆن ڕای تەبوارد ؟

پاشای داناو گەلەنەواز هەموو ئیتوارانێک بۆ ئوگرگرتنی دانیشتوە تازە هاتوەکانی ئەهاتە قەراخ شارو لە جێگەیەک دائەنیشت منالو مەزن کۆ ئەبۆوەو فێری یاری ئەکردن . زورترینی کاتیان بە شەڕە کەلەشێر شەڕەکەو شەڕەسەگ ـ بەکار هێنانی شیعرو تیرو کەوانو نیشان شکاندن . لە لایەکی تریشەوە بە یاری کەوشەک ، قەلەمەردانەو یاری تۆیەوە دەسواریو ڕمبازیو تەراتێنو جریت بازی زور یاری تریش پیشان ئەدان و ڕام ئەبوون ـ

ـ دەستورو یاسا پەروەری

پاشاو ئەوەکانیان زۆر بە گرنگی و پەرۆشەوە ڕێزی ڕیکوپێکی دەستورو یاسایان نیگاهداری ئەکردو بە هیچ جۆرێک فەراموش نە ئەکرا چونکە لێپرسینەوە هەبوو ـ بە دوو بەش گەلیان بەڕێوە ئەبرد .

یەکەم ـ لەشکرو سوپا

دووەم ـ بەشی کاروباری ناوخۆیی ، کڕین و فروشتن . بەڵام لە هەموو شتێک گرنگترو پێویست تر ئاسایش و ئاسوودەیی گەورەترین ئاوانیان بوو . هەمیشە لە گەڕوگیچەڵی ڕا ئاینیەکانی دراوسێیان خۆیان لە پاراست کەچی ماوەی پوشکوتنی هیواو ئاواتیان نە ئەدرا . لە لایەکەوە کەلەکردنی عوسمانیەکان لە لایەکی تریشەوە فارسی درندە دوژمنی خاکو خوێنیان بوون وچانو پسانەوە لە بەلاماردانو بیانووگرتنوە لە کرماشانو هەمەدانەوە بو سەر خاکی ئەردەڵانو بابان بەکێزری دەست کەوتنی شارەزوریان فەرامۆش نەئەکرد . کاتێ پاش جەنگو جوولیکی زۆر بەشکستەیی و پەریشانی ئەگەڕانەوە دیسان لە بەدکاری و دوژمنایەتی دوا نەئەکەوتن وەعوسمانیەکانیش خۆیان لە کەمیندا لە بووسە دابوو .

دەست درێژی لە ئەدەبدا

نەریمان

لە دوو شوێنی ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٦٩٤)ی ڕۆژی ٣٠ـ٦ـ١٩٨٣دا دوو نوسەر لە یەك تەلیان داوە ئەو تەلە سۆزی بزواندەو ئەو کەفو کولەی ماوەیەکە لە دڵمدا پەنگی خواردبوەوەو چ بە وتن و چ بە نووسین هەندێ لە گوفارەکانمانم لێ ئاگادار کردبوون هەوی کردەوەو ئێستا ئەم دەرفەتەم بۆ لواولەم دەلاقەیەوە سەرە دەزویەکم دەستگیر بوو کردم بەم کۆفەیەو پێشکەش خوێنەری ئازیزم کرد .

نووسەری یەکەم کاك (عبدالغنی صالح) لە لاپەڕە سێی ئەو ژمارەیەدا بە ناونیشانی (کەمێك با خۆمان ماندوو بکەینەوە) پەردەی لەسەر ئەم نهێنیە هەلداوە کە ئەلێت (لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٦٩١)دا کاك ئۆرخانی غالب چەند بەیتێکی عەلی بەردەشانی بڵاو کردوەتەوەو وتوپەتی ئەم بەیتانە تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە کەچی لە کێشی هەتدێ لە هەلبەستو بەیتەکانی عەلی بەردەشانی ماموستا وردی لە ساڵی ١٩٧٢ لە لاپەڕەکانی ٦٨ تا ٧٥دا بڵاو کراونەتەوە) نووسەری دووەم کاك هیمداد حسین لە لاپەڕە شەشی هەمان ژمارەدا بە ناونیشانی (لەگەڵ دیاردەیەکی نیو ڕۆژنامەو گۆفارەکانماندا) شتێکی بڵاو کردوەتەوە تیادا ئەلێت (لە لاپەڕە شەشی ژمارە ـ٦٨٧ـی ڕۆژنامەی هاوکاری شیعرێکی برادەر عباس عبدالله صالح بە ناونیشانی گڕی فینك بڵاو کراوەتەوە کەچی هەمان شیعری ئەو برادەرە لە ژمارە هەشتی گۆفاری کاروان بە ناونیشانی هەستی ناسکەوە بڵاو کراوەتەوە) نوسەر هۆی ئەمەی بردوەتە سەر ئەوەی (نووسەرێك دێت یەرهەمێك بۆ ڕۆژنامەیان گۆفارێك ئەنوسێت ئەو بەرهەمە یەك دوو ساڵ لەدەزگا دەمێنێتەوە لەبەر ئەمە هەلدەستێت جارێکیتر دەپنوسێتەوە ئەمجارە ڕەوانەی گۆفارێکی دی دەکاتەدە)و ئەلێت (ئەم دیاردەیە بە زۆری لای گەنجەکان ڕوو دەدات چونکە گەنج بە دوای کەسێتیو ناو پەیدا کردندا ڕێتەو بە پەلەن بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکانیان) .

لە هەمان ژمارەشدا هاوکاری ئەم تێبینیەی خۆی دەربڕیوە (ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی چاك نیەو پێویستە هاوکاری دڵسۆزانە لە نێوان نووسەرو کارگێڕانی ڕۆژنامەو گۆفارەکانمان هەبێتو ئەلێت خاوەن بەرهەمەکان بۆ شت بڵاو کردنەوە زۆر بە پەلەنو ئەم دیاردەیە هەر لە لایەن لاوانەوە نیە بەڵکو لای خاوە ، بەرهەمە دیارەکانیشدا هەیە) .

بەڵێ ئەم دیاردەیە لە ناو نوسەرە دیارەکانمانیشدا هەیەو دەمێکە بڵاوبوەتەوە وا لە تاقیکردنەدەمدا لە ناو بڵاو کراوەکانماندا ئەم شتانەتان بۆ ئەخەمە ڕوو دە ساڵێك لەمەو پێش سکرتێری نوسینی بەیان بوم لە نوسەرێکەوە پەخشانە شیعرێکمان بە ناونیشانی (گەڵارێزان)ەوە بۆ هات برادەرە نوسەرانیتری بەیان بریاری بڵاو کردنەوەیان دا بەڵام کە بەراوردێکی ناوی ئەو نوسەرەو ناواخنی گەڵارێزانم کرد سەیرم کرد لێکەوە دوورن پاش بشکنین بۆم دەرکەوت هەمان گەڵارێزان لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆفاری گەلاوێژ لە لایەن شەهیدا (محمد محمود قودس) یەوە بڵاو کراوەتەوە ، هاتیە لە (پۆستەی نوسەران)دا بەو نوسەرەکارتونی بەمان گەیاند کە ئەم پەخشانە شیعرە لە گەلاوێژدا بڵاو کراوەتەوەو ناوی ئەو کابرایەشمان نەهێنا ئەمە وەها ، لە بڵاوکراوەی دە ساڵ لەمەو پێشی (ڕۆشنبیری نوێدا) چامەی (گۆڵکۆی تازە لەیل)ی کۆماسی لە لایەت نوسەرێکەوە بڵاو کرابوەوە ئەو نوسەرە بەرێزە وای دەربڕیبوو ئەمەی لە بەیازێکەوە دەستکەوتوەو گەنجینەیەکی بڵاو نەکراوەیە ، لە ژمارەیەکی هەمان بڵاو کراوەدا وەڵامم دایەوە کە ئەم گولکۆیە لە لایەن ناجی عەباسەوە لە فلانە ژمارەی گۆفاری گەلاوێژد بڵاو کرادەتەوە باش بوو نووسەر لە میلەی خۆی گەیشتو لە مەیدان کشا ئەمەشمان وەها باو لەم حەلانەدا بینیم وا نوسەرێکی بەرێزی ترمان لە ڕۆژنامەی (العراق)دا شتێکی بڵاو کردەتەوە کەچی هەمان نوسەر لە هەمان ڕۆژنامەدا پێش سێ ساڵ هەمان بابەتی بڵاو کردوەتەوە چەند وشەیەك ئەبێ شوێن گۆڕکێی پێ کردوون وەڵامی ئەمیشم دایەوە .

قسەی خۆمان بێت وەك کردبیتمە پیشە گەلێ شتی ئەم جۆرەم لای خۆم تۆمار کردووەو چومەتە پارێزەوە بۆ پەردە لادان لەسەر ئەم جۆرە پەتایە کە بەئەزت لە دەست درێژی کردن بەولاوە ئەو پتریان پێ نابەخشم جا خۆزگە هەر ئەوەندە بوایەو بەس . کاکینە باوەر بکەن لیستەیەکی دوورو درێژم پێیە لەبەر ئەوەی قسە قسەی بەدواوەیە و مشتێك لەو دووپات کراوانەی ناو تەنها دوو گۆفاری (بەیان)و (ڕۆشنبیری نوێ) تان پێشکەش ئەکەم :

١ ـ تەندرێوشکۆ چیرۆکی وەرگیراو

جارێکیان لە لایەن (نور الدین محمد سعید)ەوە لە بەیانی ژمارە (٦٢)دا وجاری دووەمیان لە دیەن (محمدی مەلا کەریم) لە بەیانی ژمارە (٨١)دا .

٢ ـ جەمبەلو بنەفشێ حەمدی عبدالمجید

جارێکیان لە بەیانی ژمارە (٥٥)داو جاری دووەمیان لە لایەن عەینی نوسەر لە ڕۆشنبیری ژمارە (٧٦)دا .

٣ ـ جوانی ـ شیعر ـ مەجید نەدیم .

جارێکیان لە ڕۆشنبیری ژمارە (٢٩)و جاریکیریان لە ڕۆشنبیری ژمارە (٤٣ـ٤٤)دا

٤ ـ حەیران ـ خالد جوتیار .

جارێکیان لە بەیانی ژمارە (٤٨)دا وجاریکیتریان لە ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (٦٣)دا .

٥ ـ داخوازی ـ شیعری شاعری بەرازیلی (ئینۆ تینۆ دۆرق) .

جارێکیان لە ژمارە (٥)ی ڕۆشنبیری نوێ ـ ناوی کەس لەسەر نیە جاری دووەمیان لە ژمارە (٩) ڕۆشنبیری نوێ لە لایەن دلشاد مەریوانیەوە جاری سێ هەمیان لە ژمارە (١٤)ی ڕۆشنبیری خوێ لە لایەن جەوهەر کرمانجەوە .

٦ ـ کارێکی گەورە لە باسی مۆیدیۆم لە زمانو فەرهەنگ نوسی کوردی . د.ئەورەحمانی حاجی مارف

جارێکیان لە بەیانی ژمارە (٦٣)و جاری دووەمیان لە ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (٨٤)دا

٧ ـ گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و پرۆژەیەکی سەرەتایی بۆ چارەسەرکردنی ـ محمدی مەلا کەریم ـ بەیان ژمارەو (١١) جاری دووەم بە دەست کارییەکی گەمەوە لە بەیانی ژمارە (٧٥)دا بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە دیاردەیە ئەم خاڵانە ئەخەمە ڕوو :

١ ـ هەر ڕۆژنامەو گۆفارێك گۆشەیەك بۆ (پۆستەی خوێنەران) تەرخان بکات ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوە ئەشێت پەنجەی بۆ ڕابکێشرێتو خاوەنەکەی ئاگادار بکرێتو بدرێنەوە دەستی ، گۆفاری (کاروان) لە ژمارە (شانۆگەری) کەیدا ئەمەی پەیڕەو کردبوو جاران لە گۆفارو ڕۆژنامەکانماندا هەبوو ژینەوو کردنەوەی پتویستە .

٢ ـ دەستەی نووسەرانی گۆفارو ڕۆژنامە تا ڕادەیەك ئەبێت لە شێوازی نوسەرو تواناو دەستو قەڵەمی شاگدارین و لەوانە بن کە شارەزایی بڵاو کراوەکانی ناو گۆفارو ڕۆژنامەکانمان هەبێتو پەیوەندی شەخسیو خاتری خاتردارن کاریان تێ نەکات .

٣ ـ بوونی ببلیوگرافیایەك یان پێرستێك بۆ ناوەڕۆك یان ناونیشانی بابەتەکانی ناو گۆفارو ڕۆژنامەکانمان پێویستەو نیشانەیەکی شارستانیی یەبۆ پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەریمان و نووسەرو ڕۆژنامەنووس وەك فەرهەنگ کەلکی لێ وەرنەگرن .

٤ ـ هەر بابەتێك وەرگیراو بێت ئەبێت سەرچاوەکەی ئاشکرا بکرێت لە چ زمانێکەوە ؟ لە چ بڵاو کراوەیەکەوە ؟ نوسەری کێ بوە ژمارە وساڵی ئەوە و سەرچاوەیە لەگەڵ لاپەڕەدا هەموی ئاشکرا بکرێت .

لە کاتێکدا پاکانە بۆ ئەم دیاردەیە ناکەم ئەوەش ئەڵێم ئەم پەتایە هەر لە ناو ئێمەدا نیە بروانن لە ژمارە (٥٣١)ی گۆفاری (ئەلفبا)ی ڕۆژی ٢٩ـ١١ـ١٩٧٨دا بە ناونیشانی (سرقة ادبیة بین الاقلام ١٩٧٠ والمورد ١٩٧٨ دا نوسرا بوو کە مامۆستا (عماد عبدالسلام ڕۆوف) لە گۆفارە (الاقلام)ی ژمارەی شوباتی ١٩٧٠دا بە ناونیشانی (الشیخ عبد الکریم الجبلی) یەوە شتێکی نوسیبو کەچی هەمان نوسین بە هەمان ناونیشانەوە (فاخر عبدالرزاق) ناو لە ژمارە سێی گۆفاری (المورد)ی ساڵی ١٩٧٨دا بڵاوی کردبوەوە ، گۆفاری (ئەلفبا) پەردەی لەسەر ئەم دزێتیە هەلدابوو داوای کردبوو (فاخر) بدرێتە دادگایەکی ئەدەبیو جارێکیتر لە هیچ شوێنێکدا هیچی بۆ بڵاو نە کرێنەوە ئەوە بوو ئەو جۆرە دادگایە لە ئارادا نەبوو بەڵام ئەو (فاخر) ناوە ئیتر ناوی لەئارادانە ماو ئەستێرەی کەوتە لێژی .

نووسەرێك بێت بە دەست ئەنقەست دەست درێژی کردنی کردبێتە پیشە بەدوی ناوو دراودا هەڵەیە بکات ئەبێت تا ئەو دادگا ئەدەبییە دێتە گۆڕێ ناوی بخرێتە لیستەی ڕەشەوە .

ڕەخنەو لێکۆڵینەوە

ڕۆمانی « المشوه » ی شێواو خەندەلێو .

« ڕوونکردنەوەیەك :

لەم ڕۆژانەدا ، لە ژمارەی ١١ی گۆڤاری کاروانی ئازیزدا وتارێك بەسەر دێری ـ وەڵامی ڕەخنەکەی کناك بەهات ـ بە پێنووسی مامۆستا ڕەؤوف ئالانی بڵاو کرا بۆوە . هەر پێش ئەوەش بە چەند هەفتەیەك وتارێکی مامۆستا ڕەؤوف بێگەردی لەڕۆژنامەی عێراقی خۆشەویستدا بڵاو کرابۆوە .. هەردوو وتارەکە وەڵام دانەوەی دوو وتارم بوون لەو گۆڤارو ڕۆژنامەیەدا بڵاو کرابوونەوە .

بەهات حەسیب قەرەداخی

ڕاستیەکەی کە وەك مەسەلەیەکی شەخسی تایبەت بەخۆمەوە بیرم لە ناوەڕۆکی ئەو دوو وتارە دەکردەوە ، بە پێویستم ئەزانی وەڵامی ئەو وەڵامانە بدەمەوە ، بەڵام کە وەك مەسەلەیەکی زانستیو تایبەت بە ئەدەبی وەرگێڕاومانەوە بیرم لە ناوەڕۆکیان کردەوە .. لەگەڵ دێڕ بە دێڕیاندا قەناعەتم گۆڕاو پێویستیی وەڵامدانەوەیان بە توندیو وروژمی بۆ هێنام .. ئەمجارەش بەڕێزەوە داوای بەخشین دەکەم لەو مامۆستایە

سەبارەت بە وەڵامەکەی مامۆستا ئالانی سەرنجەکانی لەم چەند خاڵەی وا دێن دادەڕێژم :

یەکەم :

مامۆستا ئالانی منی بەوە تاوانبار کردووە کە سەردێری وتارەکەم زۆر لەوە قەبەتر بووە کە لە ناوەڕۆکەکەیدا دارێژراوە .

وەڵام ـ

لە لایەنێکەوە ڕاست دەفەرموێ .. لە لایەنێکی تریشەوە نەختێ موبالەغەی کردووە . ڕاست دەکات ، چونکە ئەو وای بۆ چووە کە دەبوایە بە گشتی لە کاری قۆناغێك بدوامایەو باسێکی مەنهەج توندوتۆڵو مێژوییم لەسەر ـ بارودۆخی هونەری وەرگێڕان بۆ کوردی ـ بنووسیبا کە نموونەی وەرگێڕانی زانستیو کۆمەڵایەتیو یاساو لقەکانی نەدەبم تیادا تاو وتوێ بکردایە . موبالەغەکەشی لەوە دایە کە : داوای بابەتی ئترو حەیەك ـ لە منیکی ـ تەزە نەمام ـ دەکات لە وتارێکی سێ چوار لاپەڕەییدا دابڕێژم .. ڕەنگە سەر دێڕەکە بە تەواوی مەبەستی نەپێکابێ بەڵام ئەگەر مامۆستا بە چاوی مامۆستایی ئەم چەند دێڕەی وتارەکەمی بخوێندایەتەوە ، تێدە گەیشت کە هەڵوێستم بەرامبەر بە بارو دۆخی هونەری وەرگێڕان بۆ کوردی چییە .. «هەول دان بەردەوامە بەڵام ئەوی جێی داخە هێشتا ڕێو شوێنێکی زانستیانە بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە لە لای خۆمان دیاری نەکراوەو زوربەی هەوڵو تەقەلاکان لە چەندین لایەنو چمکیانەوە لاوازو بێ هێزو کاڵو کرجن» . کەواتە بەلای منەوە زوربەی هەوڵەکان ئفلیجن !! هەر پاش ئەوەش وتوومە : «...وای بە پێویست دەزانم کە، بەر لەوەی دەرکی دادگەی نەدەبی لە هەندێ لەو بەرهەمە وەرگێڕاوانە بگرم .. هتد...» واتە ئەوەی من مەبەستمە لە باسەکەمدا تەنها یەخەپێگرتنی ئەو نموونە ئفلیجو وێرانکارانەیە کە تا ئێستا دوانیانم لە کۆڵ کردۆتەوەو خوا یار بێ نۆرەی ئەوانی دیکەش دێت! ئیتر چ پێویست دەکات داوای هەڵسەنگاندنی نموونەی چاکی وەرگێڕانی لێبکرێ !؟

دووەم :

مامۆستا ئالانی دەفەرموێ : کورت بڕانە لە چەشنەکانی وەرگێڕان دووامو نموونەشم بۆ هیچ ـ کام لەو سێ چەشنە نەهێناوەرتەوە .. پاشان دەستینشانی چەشنی وەرگێڕانەکەی ـ خەندە لێژم نەکردووە .

وەڵام :

سەبارەت بە چەشنی ـ وشە بۆ وشەو دێر بۆ دێڕو ـ چەشنی ـ مانا بۆمانا ـ بەلای منەوە پێویستیان بە لێدوانی زۆرنیە چونکە هەر لە ناوی چەشنەکانەوە دیارە چ بابەتێکن پاشان لە بارەی چەشنی سێیەمەوە کە دارەکە لە نێو قەدەوە دەگرێ .. سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەو پێنج خاڵەی بە درێژی

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

له تەلەفزیۆنی تەئمیم :

پەروین محمودو باسی سەرەتای لەگەڵ تەلەفزیۆندا

عبدالوهاب تالەبانی

لقی دەزگا ئەهەولێر

پێکهەوەنانی کادیری راگەیاندن ، کارێکی ئاسان نیە ، بەتایبەتی ئەگەر لە مەیدانی رادیۆو تەلەفزیۆندا بێ ، لە کۆمەڵێکی وەکو کۆمەڵەکەی ئێمە چەند ساڵێك پێش ئێستاو ، لە نێو ئافرەتانیشدا بێ ...

بەڵام هەمیشە هەندێ کەسی رابەر هەن ، کە شوورەی داب و نەریتی بێ سوود دەشکێنن و ، هەنگاوی یەکەم لە مەیدانە فراوانەکانی ژیاندا دەنێن و ، هاوبەشی رەوتی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵ دەکەن .

بۆ یەکەم جار کە تەلەفزیۆن بوو بە میوانی خەلکی ئەم وڵاتەی ئێمە ، گەلێ گیروگرفتی لە بەردەمدا قووت بوەوە ، لە سەرووی هەموویانەوە ، مەسەلەی نەبوونی ئافرەت بوو ، بۆ ئیش کردن لەو مەیدانە گرنگەدا ، بەڵام دوو خوشك لە کەرکووك ئازایانە زۆر لایەنی ئەو گیروگرفتەیان ئاسان کرد ، کە ئەوانیش بەڕێزان (نەسرین محمودو پەروین محمود) بوون ، دەربارەی سەرەتاکان پەروین خان دەڵێ :

– لە ساڵی ١٩٧٣دا چوومە ئێستگەی تەلەفزیۆن و ، هەرچەندە خوێندنەوەی کوردیم زۆر باش نەبوو ، بەڵام توانیم خۆم پێبگەیەنم و بەسەر ئەم کۆسپەدا زاڵبم .

● **یەکەم بەرنامەی پێشکەشت کرد ؟**

– بەرنامەی گۆرانی داواکراو بوو ، چەند ساڵێك ئەم بەرنامەیەم سەرکەوتوانە پێشکەش کرد ، پێویستە ئەوەش بڵێم من یەکەم جار کە چوومە تەلەفزیۆن گوێنەدە نەبووم ، بەڵکو تەنیا بەرنامەی ناوبراوم ئامادە دەکرد و پێشکەش دەکرد .. لەو بەرنامەیەوە سەودای بوونە گوێندە دای لە کەللەم .

● **ماڵەوەتان رایان چی بوو ؟**

– کەس و کارم بۆ ئەوەی تەواویان پێم هەیە و شانازی بەو بڕوابوونەیان دەکەم .. بۆیە دەستیان نەخستە رێکام .

● **چۆن ئیشی تەلەفزیۆنی هەلدەسەنگێنی ؟**

– ئیشی تەلەفزیۆنی ناسك و شیرین و ئینسانیە . گوێندەی تەلەفزیۆن میوانی هەموو ماڵێکە .. بەڵام میوانێکی کەم مەسرەف ، چونکە ئەوی بۆ میوانی ئاسایی ئامادە دەکرێ ، بۆ ئەم ناکرێ .

● **ئارزووکانت ؟**

– حەز دەکەم کولیجی یاساناسی تەواو کەم .

● **لە ناو بازاڕو ناو خەڵکدا چۆن خۆت دەبینی ، بەتایبەتی کە دەمو چاوت ئاشنای هەموانە ؟**

– ئەم ئاشنایە تیە تووشی زۆر گێچەڵی کردوم ..

پەوەرده :

فێربوون لە قوتابخانەوە دەست پێ ناکات

زۆر کەس ئەڵێت تەنها لە قوتابخانەوە فێر ئەبین ، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە گوایە قوتابخانە بە شێوەیەکی رێکو پێك ئامادە کراوەوەتەنها بۆ هەبەستی فێربوونە ، بێگومان ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دوورە لە راستی .

چونکە قوتابخانە تاکە هۆ نییە بۆ فێربونی منداڵ پێش قوتابخانە ماڵەوەیە خێزانە ئەو کۆمەڵەیە کە دەوری منداڵی گرتووە ، چونکە خێزانیشی هەمان شێوەی رێکو پێکی بەخۆیەوە دیوە ئامادە کراوە ، بۆ پەروەردەو بە خێوکردن و کارکردن ، بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە جیاوازی نێوان خێزان و قوتابخانە نیە .. بەڵکو دەمەوێت ڕاستەو خۆ .. باس هەوڵێ دایکو باوك بکەم لە خێزانذا ، بەتایبەتی دایکانی خۆشەویست ، کە پێویستە ئەو ڕاستیە بزانن کە تەمەنی یەك ساڵەی منداڵەکانیان ، یەکەم قوناغە بۆ فێربوونیان منداڵ لەم تەمەنەدا زۆر بە خێرایی شتەکان وەردەگرێ ، لەبەر ئەوە دەبێت دایك یەکەم کەس بێت بۆ خۆئامادەکردن و دڵنیابوون لە بوونی ئەو منداڵە ، تا وەکو بە هەستێکی پڕ سوزی دایکانەوە بە تەنگ منداڵەکەیەوە بچێت ئازارەکانی هەڵگرێت . منداڵ کەشتێ فێر دەبێت بە منداڵی لە گەڵ خۆیدا هەڵێ دەگرێت و بە درێژایی تەمەن و ژیانی لێی زیاد دەکات .. جا ئەگەر ئەو لایەنەی کە لە فێربوونی منداڵەکەدا سەر هەڵدەدات . ئەگەر شێوەیەکی رێکو پێکو پەروەردەیانەی هەبوو ، ئەوا قوناغەکانی پەرەسەندنی بە باشی ڕێ دەکات ، ئەم کارە ڕێگا لە بەردەم منداڵەکەدا خۆش دەکات ، تا وەکو لە قوتابخانەش ڕادەی فێربوونی بە پێزو بە هێز بێت ، چ لە نوسین و خوێندنەوە زانینی ژمارەکان ، کە ڕێگا خۆشکەرە لە بەردەم منداڵدا ، بۆ ئەوەی هەمیشە سەرکەوتوانە ، بێتە کۆڕی ژیانەوە بە گشتی و خوێندنیشی بە تایبەتی .

پێویستە هەموو توانای منداڵ تەرخان بکرێت بۆ فێربوون ، منداڵ لە یاری کردندا زۆر شت فێر دەبێت ، چونکە یاری کردن بەتایبەتی لەگەڵ منداڵانی تردا ، کە هاوتەمەنی یەکتری بن ، دەبێتە هۆی دەرخستنی کەسێتی ئەو منداڵە . وەسیمایەکی جیاواز وەردەگرێ و دەچێتە سەر کەسێتی و پەرەی پێ دەدات ، منداڵ فێر دەبێت چۆن ڕەفتار دەکات و شێوەی گفتوگۆکردنی چۆن دەبێت ، تەنانەت چۆن دەچێتە سەر ناوو کەرماوو ، فێری ئەوە دەبێت چۆن لەو شتانە خۆی بپارێزێت کە تازاری پێ دەگەیەنێت . جگە لەوەی فێری زۆر شتی تری کۆمەڵایەتی و گرنگ دەبێت ، وەك چاکردنەوەی ڕەگەز ، منداڵ لەم فێربوونە سەرەتایەوە ، فێری دانانی پلان و ڕێك خستنی کاروبار دەبێت . ئەوەش بەوەدا دەردەکەوێت ، سەبر دەکەیت منداڵ ئەگەر کوڕ بوو دەیەوێت دەوری باوکی ببینێ وەکو ئەو هەست بە لێپرسینەوە بکات کچیش هەمان دەوری دایکی دەبینێ ، بیر لەو شتانە دەکاتەوە کە دایکی پێی هەڵدەستێت ، کە بە پێی توانای خۆی دەیەوێت بیکات ، لێرەوە فێری نرخ پێدان دەبێت کە چۆن توانای خۆی بەکار بهێنێ ، کەواتە لە ماڵەوە فێر دەبێت کە چۆن کەسێتی خۆی دروست دەکاتو دەچێتە ناو کۆمەڵەوە هەر لێرەوە فێری ئەوە دەبێت چۆن هۆ ببەستێ بە ئامانجەوەو ، پەیوەندی نێوانیان بزانێ ، تا وەکو بە شێوەیەکی ڕاست پێکیانەوە ببەستێ هەڵە لە ڕاست جیا بکاتەوە .وە فێری ئەوە دەبێت کە چۆن بڕواو توانای خۆی بکاتە کار ، لە ڕوی یارمەتی دانی کەسانی دەورو پشتی ، هەروەها ڕاست کۆی وە بە پێچەوانەی بەکار هێنانی ئەو توانایە زۆر منداڵ فێری دوو دڵی و ڕاڕای و ترس و فێڵبازی دەبێت ، فێری گرژی و تورە بوون دەبێت ، کەدورە لە خۆڕاگرتن کە لە ئەنجامدا دور دەکەوێتەوە لە کۆمەڵ و ڕاهێنان . ئەم جۆرە کارانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا نا ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر دروستبوونی کەسێتی منداڵ و ، لە گەڵیدا دەژی و بە درێژای تەمەنی کاری تێدەکات ، لێرەدا دەبێت دایکان و باوکان ، زۆر بە ڕاستی ببیر لە پەروەردەی منداڵەکانیان بکەنەوە منداڵەکانیان بە و شێوە ڕاستە گۆش بکەن ، ماڵەوەیان بۆ بکەنە یەکەم قوتابخانە کەواتە پێش ئەوەی منداڵەکەت بنێریتە بەر خوێندن با توانای کراوە بێت و پێش نوسین و خوێندنەوە ، ببیری کراوە بێت ، توانای زۆر شتی تری هەبێت چ لە یاری کردن و وێنە کێشان و گۆرانی وتن و شتی تردا .. لەبەر ئەوە با ڕێگا لە بەردەم منداڵەکانماندا فراوان کەین بۆ فێربوون ، با منداڵەکانمان هەڵەیە بکەن ، گرنگ ئەوەیە لەو هەڵەیەوە فێری ڕاست بن ، ئێمەش بە پێی توانا ، فێریان بکەین ڕاستی ئەو هەڵەیە کامەیە ، کە ئەمەش چاکترین ڕێگایە بۆ گۆش کردنی منداڵ ، تا بەنازایانە ڕو بە ڕوی ژیانی داهاتویان ببینەوە ، بەڵام بەداخەوە زۆر جار منداڵەکانمان ئەگرین و ڕێگایان نادەین فێربن ، ئەوەندە بە قوربان و بەساقەیان ئەبین وەنان دەکەین بەدەمیانەوەو ، نزایان بۆ دەکەین و هەڵیان دەپەڕێنین و جلەکانیان بۆ لەبەر دەکەین ، ئیتر بواری فێربوونیان دەگرین .. با منداڵەکانمان خۆیان فێربن با هەڵە بکەن ، چونکە ئەو شتانەی لەبەر دەمیدایە پێویستە پیدا ئێپەڕێت ئەگەر خێرو خۆشیت بۆ منداڵەکەت دەوێت با فێری هەموو شتێ بێت ، با لە هەڵەوە ڕاست فێر بێت . با فێری کارکردن بێت ، فێر بێت چۆن توانای خۆی بخاتە کار بە توانای خۆی بەرهەمی پەروەردەی بۆ خۆی بهێنێتە دەست .

چنور مستەفا حمە مراد

تەندروستی خێزان

– ئەم دوو کۆسپە دادەنرین بە یەکی لە کۆسپە ئارەحەتەکانی ڕێگای لاویەتی چونکە زۆر تاسیر دەکاتە سەر جوانی دەموچاو ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئامۆژگاریانە بەکار بهێنە .

عازەبە : جۆرێکە لە ئاوسان کە لە دەوری ئەم زیپکە ڕەشانە کۆدەبێتەوە ئەم ئاوسانەش پەیوەندی هەیە بە خواردن و گەدەوە بەتایبەتی چەوری و شیرنی هەروەها هورمۆناتیش دەورێکی گەورە دەبینێ ئینجا ئەگەر ئەم هورمۆناتە زیاد بکات یان کەم بکات هەر وەك یەك تاسیری هەیە زیادو کەمیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی نفسی وەك ترس و نیگەرانی و نەنوستن کە ئەمانە هەمووی پێکەوە دەبنە هۆی پەیدابونی عازەبە .

لەبەر ئەوەی خەفەت نەخۆیت و ماتەمینی داتنەگرێ ئەم ئامۆژگاریانە بەجێ بهێنە کەبریتین لە دەمو چاوشتن بە صابونێك تا ڕادەیەك نرشی لیمۆی تێدا بێ بەتایبەتی ئەو شوێنانەی زیپکەی پێوەیە ئینجا بە ئاوی سارد پاك بیشوو ووشکی بکەرەوە ئینجا جۆرێ کریمی تایبەتی ئەم زیپکەیە هەیە بۆی پەکار بهێنە بە مەرجێك ئارایشت نەکەیت ئەمە بە نسبەت ڕۆژەوە سەو دیسان بە هەمان صابون بیشوو جۆرێکی تر کریم هەیە کە پرشك بۆت دەنوسێ بۆی بەکار بهێنە .

زیپکەی ڕەش .

ئەوەی بەدی دەکرێ دوای پەیدابونی ئەم زیپکە ڕەشانە ڕۆربەی خەڵك بە نینۆك دەیتەقێنێ و زاماری دەکات کە دەبێتە هۆی سوربونەوەی و ئاوساوی و بلاوبوونەوەی . بۆ ڕزگاربوون لەم زیپکە ڕەشانە پێویستە پێش هەموو شتێك سەرنجی خواردن بدەیت و چەوری و شیرینی کەم بکەیتەوە وهەموو جۆرە ئارایشتێك بەکار نەهێنێ ئینجا بۆ چارەسەرکردنی هەفتەی دوو جار دەمو چاوت بگریت بەسەر هەڵمی ئاوی گەرمدا بۆ ماوەی چارەکێك چونکە ئەم هەڵمە مەساماتی دەمو چاو دەکاتەوەو خوێن بە چاکی هات و چۆ دەکات جگە لەمە زیپکەکان نەرم دەبنەوەو دەتوانی بە دوو پارچە لوکەی پاك بیتەقێنی بێ ئەوەی ئازارت بدات و هەلاو سێت و خوێنی لێ بێت و بەم جۆرە دوای دوو هەفتە دەمو چاوت پاك دەبێتەوە لە هەموو عازەبەیەك و زیپکەیەکی ڕەش .

سەرگول تیموز محمد امین
کردوویەتی بە کوردی

ئافرەت لە هەندەران

فنلندەو ئافرەتێکی نووسەر

نووسەری فنلەندی ایڤا کلیبی ناونراوە بە نووسەری ئافرەتان لەگەڵ ئەوەشدا پێی ناخۆش نیە ئەم ناوەی لێ نراوە ، چونکە ئەڵێت ئەم ناونراوە هیچ زیانێکی بۆم نیە ، بابەتی سەرەکی لە حەقدە کتێبەکەیدا - لێکۆڵینەوەو کورتەچیرۆکو شیعرو ڕۆمان- هەمووی دەربارەی ئافرەتە .

پاڵەوانی سەرەکی لە هەموو کارەکانیدا ئافرەتێکی تەنیای مامناوەندی تەمەنە ، چونکە ئەبینیت لەم چەشنە ئافرەتانە زۆرن لە فنلەندەو بەتایبەتی و لە وڵاتە ئەسکەندەنافیەکاندا بەگشتی ... هەروەها تەلاقدان زۆر بڵاوبۆتەوە ، [تەنیایی و نازار کەسایەتی مرۆڤ دەگۆڕن ، ئەوساکە داوام ئەکرد بۆ هەلوەشاندنەوەی هەموو هەلسوکەوت و ڕەفتارێکی ڕۆژانە ئافرەت ببەستێتەوە ، بەڵام ئیستا بۆم دەرکەوت کە تەنیایی ئارەحەترین شتە بەرەو ڕووی مرۆڤ دەبێتەوە ... کاتێك وشەی (ئێمە) دەبێت بە (من) مرۆڤ خۆی ئەبینێتە بەرەوڕووی زنجیرەیەك تەنکوچەلەمە بوەتەوە] .

لە ساڵی ١٩٦٨دا کلیبی خەڵاتی نیشتمانی ئەدەبی لە فنلەندە وەرگرت و لە ساڵی ١٩٧٢دا ڕۆمانی (تمارا)ی بڵاوکردەوە دوایی گۆڕرایە

سەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و سویدی و ئەلمانی و هۆلەندی و یابانی . لەوانەیە هۆی سەرکەوتنی ئەم ئافرەتە بۆ پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی نوێ بکەڕێتەوە کە خاوەنی وزەیەکی سەرسوڕهێنەرە ئەویش هەستی مرۆڤایەتیەتی .

بابەتی ئیستای دەربارەی شێواندن و تێکچوونی خێزان و دەوری ئافرەت چییە لەم بارەیەوەیە هەروەها ئیستا ڕۆمانێکی نوێی لە ژێر چاپدایە دەربارەی خێزانێکە چەند ئەوەیەکی تێدا کۆبوەتەوە ، لە نێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٤ ، ئەم خێزانە گەورەیە پەرش و بڵاو ئەبێتەوە بە بۆنەی شەڕەوە ، لە کۆتایی شەڕدا هەموویان هەوڵئەدەن خێزانە گەورەکە پێك بهێننەوەو لەیەك کۆبینەوە ، بەڵام ڕاماتبوون لەسەر ئەوەی تەنیایی لەبەر ئەوە هەوڵدانەکەیان هیچ سوودێکی نەبوو ... کەواتە بابەتەکەی وا ئەگەیەنێت خێزانە گەورەکان هەر وەکو دەزگا تەقلیدیەکان نامێننەوە .

لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا لە هەموو ئەوروپادا بزوتنەوەیەکی توند بڵاوبوەوە دژی دەزگا کۆمەڵایەتیەکان [چونکە لەسەر بیروباوەڕی تەقلیدی پەروەردە کراوین] لەبەر ئەوە ئەم بزوتنەوەیە شتێکی پێویست بوو . بۆ ئەوەی هەموو شتێك لە شوێن خۆی دابنێت ، بەڵام ئێمە بووین بە قوربانی ، بەڵام ئیستا وا ئەماوە بزوتنەوەی ئافرەتان هەوڵئەدات بۆ تێکەیشتی زیاتر لە نێوان ئافرەت و پیاودا بەپێچەوانەی ساڵانی ڕابووردووەوە .

ت : هیرش محمد امین

لە دایەنگەی ٧ی نیسان لە هەولێر

• لقی هەولێر •

● بەپێی بیروڕای زۆربەی زۆری ژانایانی جیهان ئەوە دووپات کراوەتەوە کە پێویستە گرنگیەکی تەواو بدرێت بە پەروەردەکردنی منداڵ ، چونکە منداڵە دەبێتە سەرکردەی دوارۆژو دایەری دوا ڕۆژ ، ئەو دایەنگانەی کە لە وڵاتەکەمان کراوەتەوەو بایەخێکی زۆر پیرۆزی پێ دەدرێت ئەوە دەسەلمێنێ ، کە لە نیشتمانی ئێمەش منداڵ بە بەشێکی پیرۆز لە قەڵەم دەدرێت ...

ئێمەش بۆ بەسەر کردنەوەی ئەم ڕاستیانە سەرمان لە دایەنگەی حەوتی نیسان دا ، بەو پێیەی کە باشترین دایەنگەیە .

لە هەولێر ، چاومان

بە خوشکە (داسۆز عبدالله) بەرێوەبەری دایەنگە کە کەوتو دەربارەی چۆنیەتی بەرێوەچوونی دایەنگەکە وتی:

ئێمە گەوتو دەربارەی چۆنیەتی بەرێوەچوونی دایەنگەکە وتی:

ئێمەش بۆ بەسەر کردنەوەی ئەم ڕاستیانە سەرمان لە دایەنگەی حەوتی نیسان دا ، بەو پێیەی کە باشترین دایەنگەیە .

لە هەولێر ، چاومان

بە خوشکە (داسۆز عبدالله) بەرێوەبەری دایەنگە کە کەوتو دەربارەی چۆنیەتی بەرێوەچوونی دایەنگەکە وتی:

بێگومان ئاشکرایە کە بایەخدان بە منداڵ ئەرکی هەموو لایەکمانە ، بەپێی بەرنامەی ڕۆژانە منداڵەکان بە خێو دەکرێن ، لەبەر ئەوەی

بڕوانە ل : ٧

کێشە ئاڵۆزەکانی ئافرەت لە بەندیخانە

نجاة رفیق حیلمی

● لە دادگای مێرمنداڵان بڕیار درا بە گرتنی کیژۆلەیەك وخرایە بەندیخانە کیژۆلەیەکی منالکار روخسارو ڕوێکی ناسك باڵا بچکۆلەو وردیلە پرچ زەرد دەمو لێو ئاڵ ، ئەگەر لە شار بێ ئەبێ لە پۆلی سێ و چواری سەرەتایی و لە ژیر سایەی نازو بازی دایك و باوكدا پەروەردە ببێ ، بگرە تا وەکو تەمەنێکی پێشکەوتوو لە ژیانی ئەو کیژۆلەیە باس و خواستی عاشقێتی و شوکردن بێ ئاگا بێ .

لە تەمەنی حندرحۆوو جۆلانێ و چەرخ و فەلەك و خەتخەتین لە تەمەنی کروزانەوە ، لە تەمەنی ئامیزگرتنی دایك و باوك بۆ پەنا بردنە بەر هیواو ئاواتی نەهاتووە دی کوریکی منال کە لە کورتەك و شەروالێك بەو لاوە هیچی کە گومان نابا .

لە سەر کانی بە دەم گۆزە پڕ کردنەوە ، لە لەوەرگابە دەم شوانکاریەوە لە بن دار هەنجیریکدا ریکەوتن لە کاتی گیا ڕنینەوەو بە سەودای ئاوازی شمشال کاك بەختیار خاتو پەرژین شەیدای چاوە مەستەکانی بوو .

پاش دوو سێ چاوپێکەوتن سەرپۆیی عەشق ترەکیەوە ، پەیامی دلداری مۆر کرا لە نیوان کیژۆلەی یازدە ساڵو لاوی نۆ ساڵە هەفتەی نەخایاند بووك و زاوا لە دێیەکی کە لە پەردە هاتنە دەری ، باوکی کچەلە کیژۆلە وون بووەکەی ئەگەرا باوکی کوڕەش عەودالی ڕولە نەفامەکەی بوو ، لە دادگابینرانەوە ، کە لە ڕێیەکی دەرەوەی شار نیازیان بوو بچن بۆ دێیەکی کە ، باوکی کچە تاوان ئەخانە سەر باوکی کورە باوکی کورە بە پیچەوانە باوکی کچ تاوانبار ئەکات .

– کوڕ ناگیرێ .. کچ ئەبێ جلەوی بەر نەدرێ .

– کوڕیش نابێ کچی خەلکی دەستخە ڕۆ کات .

● لە قوژبنێکی بەندیخانەی ئافرەت بە قنج و قیتی دانیشتبو وەك هیچ ڕۆی نەدابێ نەبای دیبێ و نە باران .

– تاوت چیە کچە بچکولە ؟

– پەرژین .. (بە زەردەخەنەیەکەوە وەلامەکەی دامەوە) .

– بە چ تاوانێك تۆیان هێناوە بۆ ئیرە ؟!

– زەردەخەنەکەی بەرین تر بوو ... بە تاوانی ... نازانم هەڵگرتن .

– چی ! مانای چی ، هەڵگرتن !!

بە پێکەنینەوەو بە قاقای ئافرەتەکانی ژووری بەندیخانە یەکێك لەولاوە هەلیدایە !

هەڵگیراوە مانای پیاویك هەلیگرتووەو بردویەتی ، بەلکو منالیك .

– شووم بێ کردوە .

– چۆن !؟

– بێ ڕەزامەندی باوك و برام .

– هەر خۆت پێی ڕازی بوویت ؟.

– بەڵی چونکە باوکم بەو کوڕەی نە ئەدام .

– تەمەنت چەندە ؟!

– یازدە ساڵانم .

– ئەی میردەکەت ؟

– نۆ ساڵانە ... (ئەمەی بە پێکەنینەوە دەوت)

– نۆ ساڵان ! ئەوە چون شتی وا ئەبێ ..؟!

– ئافرەتیك لەو لاوە ووتی : لای دیهاتیەکان تەمەن زوو مەرج نی یە بەڵکو جیاوازیێکی ئاشکرا ئەبێ لە مەسەلەی شوکردن و ژنهێنان دا ، لەوانەشە کورەکە بە ژنی منالکار بیت و تەمەنی گەورە تر بیت .

پەرژین هەڵیدایە ووتی : تەخیر هەر ئەوەندەیە لەبەر ئەوە نەجوینە لای ئازی مارەمان بکات جوینە لای مەلایەك .

– باشە مالی باوکی کورەکە بەمەیان زانی ..؟

– باش ئەوەی جومە لای بۆ ماوەی سێ چوار ڕۆژ ئنجا بردمیانە لای مەلاو مارەیان کردم .

(بەڵام لە ئەوراقی هامەلەکەی لە بەندیخانەدا بۆم دەرکەوت کە ئەم دوو منداڵە پتر لە ساڵیکە نەجنە لای یەك) .

– ئەی نە ئەبو کەمیك چاوەڕوانی ئەوە بکەیت گەورە تربیت کورەکەش گەورە بێ .

– ئنجا بۆ چی ئەبوو .. لەوانە بوو باوکە بمدا ، بە میردبك بە دلی خوم نەبوایە پیر یاخود ناشیرین بوایە .

– ئەی ئەم کوڕە جوانە ؟

– گەلیك .

– ئەی بیرت نەکردەوە بەچی ئەژین .؟

– لە مالی باوکی کوڕەکە .

– تۆ ئەڵێیت ئەوانیش بەم مەسەلەیان نە ئەزانی تا چەند ڕوژیك .

– هەر ناچار ئەبوون ڕازی بن .

– ئەی ئەو چەند ڕوژەی پیش زانینی مالی باوکی بەختیار لە کوێ بوون .

– لە گوندیك خۆمان پەنا دابوو .

– باشە تۆ ئەزانیت وێلاشی تۆ ئیستا لە قوتابخانەیەو لە پۆلی سێ و چواری سەرەتاییە پاشە ڕوژێکی گرنگی لە ڕێیە شووکردنیش لە تەمەنی خۆیدا ئەبێ .

– زەردەخەنەکەی بەرە بەرە تەسك بووەو شانێکی بۆ لە قاندم .

– ئەی باشە ئەم شوینەت خۆشە .؟!

– چی تیدایە هەر ئەمخەنە دەرێ و هەر بۆ ئەو ئەبم .

Institut kurde de Paris

هاوکاری لە سەنگەرەکانی پێشەوەی کەرتی خواروو بەرەی جەنگ دا

● عبدالله عباس نوێنەری رۆژنامەی هاوکاری لە وەفدی نەقابەی رۆژنامەنووسانی عیراق نووسیویەتی : لەگەڵ هەڵمەتی تیشکی دۆژ لە ١٩٨٣/٩/١٩ وەفدی رۆژنامەنووسەکانی عیراق ، گەیشتنە شاری بەسرەی خۆراگر تووە ئازاو سەربەرز کە تیشکی سەربەرزی بەسەر دەریادا پرشنگ دەداتەوە .

نەتابەی رۆژنامەنووسەکانی عیراق بەپێی ئەو بەرنامە چاکەی بۆ چالاکیەکانی داناوە ، ئەم جەژنە گەشتێکی بۆ نوێنەرانی رۆژنامەو گۆڤارەکانی وڵات سازکرد کە سەردان بوو لە کەرتی خواروو بەرەی جەنگی رەوایان دژی رژێمی قین‌لەدڵی ئێران ، مامۆستا سعد قاسم حمودی نەقیبی رۆژنامەنووسەکانی عیراق سەرەکایەتی وەفدەکەی دەکرد

● لەلای هاوڕێ ئەمین سری رێکخراوی خواروو .

هەر ئەو بەیانیە ، وەفدەکە ، چووە سەردانی بارەگای رێکخراوی خواروو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست‌و لە لایەن هاوڕێ مزبان خضر هادی ئەندامی سەرکردایەتی قطری‌و ئەمین‌سری رێکخراوەوە پێشوازی کراو بیرۆزبایی رۆژنامەنووسەکانی پیرۆزەوە لێ‌کراو لەم چاوپێکەوتنەدا ، هاوڕێ ئەمینی‌سری رێکخراو بە گەرمی بەخێرهاتنی رۆژنامەنووسەکانی کردو دەستی ڕێزی نا لەم کارەی نەقابەکەیان کە بۆ سەردانی جەنگاوەرە ئازاکانمان لە کەرتی خواروو رێکخراوە ، هەروەها دەستی ڕێزی نا لە دەوری رۆژنامەکانی وڵات‌و دەزگاکانی راگەیاندن لە راگەیاندنی رووی رووناکی سەرکەوتنەکانمان‌و بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەرو لەمەشدا دام‌و دەزگاکانی راگەیاندن‌و رۆژنامەکانی وڵات پشت بە ئامۆژگاریە بەنرخەکانی سەرەکی فەرماندە صدام حسین دەبەستن کە تفەنگ‌و پێنوس بەك رێبازیان هەیە .

لە سەرەتادا مامۆستا سعد قاسم حمودی نەقیبی رۆژنامە نووسەکان ، شادمانی هەموو رۆژنامەنووسەکانی دەربڕی بەم چاوپێکەوتنەوەو ئەوەی دووپات‌کردەوە کە هەموو رۆژنامەنووسەکانی وڵات زۆر بە تەنگ ئەوەوەن راسپاردەو ئامۆژگاریەکانی سەرەکی فەرماندەو رابەری رەوتی سەرفرازمان صدام حسین بگۆڕن بە کردەوەی رۆژانە ، دوای ئەوە دیاری نەقابەی رۆژنامەنووسەکان پێشکەش بە هاوڕێ مزبان خضر هادی ئەندامی سەرکردایەتی و ئەمینی‌سری رێکخراوی خواروو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست کرا .

● لە سەردانی سەرکردایەتی فەیلەقی چواردا .

لەوتەی‌وە ، وەفدەکە بەرەو بارەگای فەیلەقی چوار کەوتە رێ‌و لە لایەن بەرێز فەرماندەی فەیلەق‌و ئەفسەرەکانەوە پێشوازی کراو سەرەکی وەفد نەقیبی رۆژنامەنووسەکانی وڵات بەناوی رۆژنامەنووسەکانەوە پیرۆزبایی گەرمی جەژن‌و سەرکەوتنە مەزنەکانی جەنگاوەرانی فەیلەقی چواری کرد‌و ئەوەی دووپات‌کردەوە کە رۆژنامەنووسەکانی وڵات ئامادەی بەجێ هێنانی ئەرکی سەرشانیان لەم رۆژگارەداو بە سەردانەکانیان بۆ بەرەکانی جەنگ دەیانەوێ زیاتر لە ژیانی سەربەرزی ئەو جەنگاوەرانە تریك‌ببنەوە کە بە خوێندیان بەرگری لە ئابروو سەربەستی عیراق دەکەن‌و دەستی بۆ ئەوە کێشا کە وەك چۆن جەنگاوەرەکان لەمەشق‌و جەنگ‌و بەرگری لەوڵاتدا پشت بە راسپاردەو ئامۆژگاریەکانی سەرەکی فەرماندە صدام حسین ، رۆژنامەنووسەکانیش لە کاریاندا پشت بە راسپاردەو بیروباوەری سەرکردەی رەوتی سەرکەوتومان دەبەستن .

بەرێز فەرماندەی فەیلەق بە گەرمی بەخێرهاتنی وەفدی رۆژنامەنووسەکانی کردو باسی ئەوەی کرد کە لە هەموو جەنگەکاندا رۆژنامەنووسی وڵات لە ریزی پێشەوە بووەو لە بەرەکانی جەنگاوە هەواڵی سەرکەوتنی بەگەل گەیاندوە ، لەو گفتوگویەدا کە لە نێوان بەرێز فەرماندەی فەیلەق‌و رۆژنامەنووسەکاندا کرا ئەوەی دووپات‌کردەوە کە سنووری وڵاتمان وەك شورایەکی پۆلایە بە عەزم‌و توانای جەنگاوەرەکانی صدام حسین‌و هەمووان لە بیریانە کە کەرتە دلێرەکانمان چ دەرسێکی پڕ ئیشو ئازاری دابەدوژمن کە ویستی لە رۆژهەڵاتی بەسرە بپەرێنەوە ، ئێمە ئیستا لەوسا زیاتر بە هێزو بە توانایەن‌و سەرکردایەتی‌و گەل دڵنیا دەکەین کە هەرگیزاو هەرگیز دوژمنی قینی لە دڵ ناتوانی زەفەر بە سەربەرزی عیراق بەری مادەمێکی هێزەکانمان لەو جەنگاوەرە مەردانە پێك‌ماتوون دەزانن چۆن بەرگری لە وڵات‌و شورەی‌و دەستکەوتە مەزنەکانی‌و سەربەستی گەل دەکەن .

لە وەڵامی پرسیارێکی تردا وتی : دوژمن هەوڵی یەکەم رۆژەوە بەرێگای ناشەریف‌و چەپەڵانە دەستدرێژی کردە سەر وڵاتەکەمان‌و نیەتی چەپەڵی لەم بارەیەوە ناشکرایە ، لەبەر ئەوە چاوەرێ‌کردنی ئەوەی لەوانەیە دەستدرێژی دوژمنانەی نادەوا بکاتە سەر شاری بەسرە لە لایەن ئێرانەوە ئەگەر بۆی بکرێ چاوەرێ کراوە ، بەڵام دەبێ ئەوە چاك بزانی کە سزای کردەوەی وا نامەردانە زۆر گەورە دەبێ‌و دوژمن چاك دەزانی ئێمە توانای بەرەنگاربوونەوەیمان چەندەو زۆرجار دەرسی تاڵمان کردوە بە قورگیا .

لە کۆتایی سەردانەکەدا، دیاری نەقابەی رۆژنامەنووسەکان پێشکەیش بە بەرێز فەرماندەی فەیلەقی چوار کراو بەسوپاسەوە وەری‌گرتوو سوپای رۆژنامەنووسەکانی کرد بەرامبەر بەم سەردانە .

● لە بارەگای سەرکردایەتی هێزەکانی محمد قاسم ..

دوای ئەوە ، وەفدی رۆژنامەنووسەکان ، رووی لە ریزەکانی پێشەوەی بەرەی جەنگ لە کەرتی خواروو کردوو بەرەو بارەگای سەرکردایەتی هێزەکانی محمد قاسم لەسەر سنووری دەوڵەتی کەوتە رێ . لەوێ لە لایەن بەرێز فەرماندەی هێزەکانەوە پێشوازی کرا . بەرێز نەقیبی رۆژنامەنووسەکانی وڵات سڵاوو بیرۆزبایی رۆژنامەنووسەکانی راگەیاندو لە گفتوگویەکی وردی بەرێز فەرماندەی هێزەکانی محمد قاسمدا لەگەڵ رۆژنامەنووسەکان ئەوەی دووپات کردەوە کە جەنگاوەرانی ئەم هێزانە دەورێکی باڵاو پاڵەوانانەیان نواند لە شکاندنی دوژمندا لەکاتی دەستدرێژیە نارەواکەیدا بۆسەر رۆژهەڵاتی بەسرەو ئیستاش بەڵێن بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌و هەموو گەلی عیراق نوێدەکەینەوە کە ئێمە هەر ئەو جەنگاوەرە بەوەفایانەیین نایەڵێن دوژمن زەفەر بە سەربەستی‌و سەربەرزی عیراق بەرێ‌و هەر جولەیەکی بەو نیازە بکات لە سەر سنورمان سەری بو گەنی وا لە قوری شەرمەزاری‌و شکاندن وەردەدەین هەرگیزاو هەرگیز بیری نەچێتەوە ، هەروەها وتی : ئیستا لە گەڵتاندا دەچین بۆ سەنگەرەکانی هەرە پێشەوەی رووبەرووی دوژمن لەوێ بە چاوی خۆتان دەبینن ، جەنگاوەرانی عیراق بە چ ورەیەکی بەرزەوە وەك شێر لە سەر سنووری وڵات وەستاون‌و دەست لە سەر پیلکەی تفەنگ بەرووی دوژمندا ، ئێمە مێزو توانا‌و ورەمان لە هێزو توانا‌و ورەی سەرکردەمان صدام حسین‌ەوە وەردەگرین‌و هەموو راسپاردە بەنرخەکانی رۆژ بە رۆژ جێ‌بەجێدەکەین ، هاوشانی بەردەوامە ، لە هیچ‌کات کەم‌نیەو پشت بە بەزدان‌و بە توانای جەنگاوەرانی عیراق کە رۆڵەی نەمەك‌داری ئەم گەل‌و خاکەن مل بەدوژمن کەچ دەکەین‌و ئالای سەرکەوتنی عیراق نانەوێ .

● لە سەنگەرکانی پێشەوە، ئەمە ئێمەو ئەوە دوژمن

دوای ئەوە لەگەڵ بەرێز فەرماندەی هێزەکانی محمد قاسم دەستەیەك جەنگاوەر، رۆژنامەنووسەکان بەرەو سەنگەرەکانی هەر پێشەوەی کەرتی خواروو بەرەی جەنگ رۆشتن ، لەوێ ، لە رووی جەنگاوەرەکانی عیراقدا ، لە وەستانی سەربڵندانەیان لە سەنگەوەکاندا ، بە ورەیەکی بەرزەو کە هەرگیز نانەوێ ، زیاتر شانازی بەم وڵاتەوەو بەم گەلەوە دەکەنی کە ئەوەو بەچکە شێری وای هەیە ، لەوێ ، لە سەنگەرەکانی پێشەوە ، عیراق ، لە بەر تیشکی باوەری رابەری رەوتی سەرفرازماندا صدام حسین، بەهەموو سەربەرزی‌و عەزم پتەویەکەوە دەبینی‌و دڵنیا دەبی رۆژی سەرکەوتنی عیراق ئاوانابێ ، ئەمە ئێمەو ئەوە دوژمن ، جەنگاوەرێك لە سەنگەرێکدا پێی‌وتین ، ئێمە نایەڵین لە سەنگەرەکانیان سەربەرزبکە - ئەوە ، هەندێ جار سەرەتاشکێی ئەوە دەکەن هەڵی دەستدرێژی بۆ خۆیان برەخسێنن ، بەڵام ، ئێمە ، بە دەستێکی پۆلاین ، هەر کە جێ خۆیاندا سەرکوتیان دەکەینەوە .

دوای بەسەربردنی شەمش سەعات لە سەنگەرەکاندا لەگەڵ رووە گەشەدارەکانی جەنگاوەرانی عیراقی مەزن وەفدی رۆژنامەنووسەکان گەڕایەوە بارەگا کانی

بروانە ل ٧

لە هەولێر

گەورەترین پرۆژەی کشتوکاڵ

شێرزاد عبدالرحمن — نووسینگەی هەولێر

● کێڵانی ٢٠ هەزار دۆنمدەری بزار .
● پرۆژەی ئانستی بۆزیادبوونی بەرهەمو ئاژەڵداری
● رۆزگاربونی جوتیار لەرێ‌و شوێنی کۆن .
● ئەرخان کردنی زیاتر لە سێ ملیۆن دینار بۆ ئەم پرۆژەیە .
● ژانا ئوسترالیەکسان لەگەڵ ئەندازیارانی هەولێر لە گەورەترین تاقی‌کردنەوەدا ئەژین ..

لە شاری هەولێر ، مەلبەندی نۆتۆنۆمی کوردستان، سەرباری سێ‌ساڵ تێپەڕبوون لە شەڕی چارەنووسماندا ، دەستی ناوەدانی‌و پێشکەوتن درێژ دەکرێ ، بۆ ئەوەی مرۆڤی نوێی عیراقی رەشیدار لە بنیاتنان‌و دروست‌بوونی ژیانێکی گەشترو پاشەرۆژی رووناك بکات .

پرۆژەی کشت‌و کاڵی «دیمی» کە وا نزیکەی زیاتر لە ساڵێکە دەستی پێ‌کراوەو بریتی‌یە لە کێڵانی «٢٠»هەزار دۆنم زەوی‌و بە کارهێنانی دەیەها رێگەی زانستی بۆ زێتربوونی بەرهەم‌و مەڕو ماڵات وپێ‌گەیاندنی دەستی لێ‌هاتوو لە کادیری کشت‌وکاڵی‌و ئاسان‌بوونی



پەروەردەو هەڵسوکەوتکردنی پێویستی‌یەکانی ئاژەڵداری لە عیراقدا بە رێگەی زانستی‌و بەو شێوەیەی کە لەگەڵ گۆڕانە گەورەکانی ئابووری‌و رامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌دا بگونجێ .

● سەر لە بەیانیەکی ئەم مانگە ، براەدەرێکی فەرمانبەر لە کشت‌و کاڵی هەولێر ، بە درێژی باسی بایەخی گەورەی ئەم پرۆژە مەزنەی بۆ کردین وەکو گەورەترین تاقی‌کردنەوەی کشت‌و کاڵی‌و ئێمەش راستەوخۆ جانتای خۆمان پێچایەوەو لەگەڵ وێنە گرێکی هونەرمەندو ئەو براەدەرە بەرێ کەوتین ..

● بە درێژی چەند کیلۆمەترێك لە شاری هەولێر کە بەرێوەبەرایەتی پرۆژەکەی تێدایە وەستاین‌و بەرێوەبەری گشتی پرۆژەکە بەرێز ئەندازیار عزالدین نجم‌الدین صالحی‌و چەند ئەنداز یارێکی تر لە پێشوازی‌دابون .. بە رووێکی گەشەوە وتی :

دەمەوێ پێش هەموو شتێك باسی ئەوەت بۆ بکەم ، کە دیاردەیەکی نوێ لەم پرۆژەیەدایەو بووە بە جێگای شانازی هەموو لایەك .. ئەویش بریتی‌یە لەوەی کە کارگێرو ئەندازیارو «خبیر»و جوتیارو گرێکار بە یەك ئەرك هەڵدەستن‌و لە بەیانی سەعاتی سێیەرەوە تاکو رۆژ ئاوا لەم دەشت‌و دەوارەو بە زستان‌و بە قرجەی گەرما کار دەکەن بۆ ئەوەی بەدرێژی(٢٠)هەزار دۆنم زەوی‌و زار بکەنە بەرو بۆمی خێرو بەرەکەت بۆ کەلکی جوتیاران‌و زۆربوونی بەرهەم‌و مەڕو ماڵات ... ئەمەش لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئوسترالی لە ساڵی ١٩٨٠ەوە دەستی پێ کراوە بۆ ئەوەی چۆنیەتی سیستەمی کشت‌و کاڵی ئوسترالی لەم ناوچەیەدا بچێنین .. بۆ پێشکەوتنی بارەی گەنم‌و بەجێ گەیاندنی «خولی کشت‌و کاڵی بەجاڵدنی «ئینجە» لە ئەرزدا کە دەیتکە کەو زیاتر لە حەوت (خبیرای ئوسترالی‌و ١٥ ئەندازیاری کشت‌و کاڵی‌و چەندان کارپێری کشت‌و کاڵی کار لەم پرۆژە گەورەیەدا دەکەن .

بێ‌گومان ئەم پرۆژەیە یەکەمین تاقی‌کردنەوەیەکی زانستی‌و تا ئێستا بەشێکی زۆری لێ جێ‌بەجێ کراوەو بناغەیەکی راستەقینە بۆ پاشە رۆژی کشت‌و کاڵیمان دادەمەزرێنێ لە رێگەی بەجێ هێنانی بەرهەم‌و بەکار هێنانی ئامێری نوێی ئەوتۆ لە ئابووری کشت‌و کاڵیماندا کە پێشتر لە هیچ ناوچەیەکدا لە کوردستان بەکار نەهاتووە .

● **ئەندازیار خسرۆقرنی لە وەڵامی پرسیارێکدا ووتی:**

گەلێك دیاردەیەکی نوێیە کە ئەم هەموو ئەندازیار وکرێکارو جوتیارە کۆبوونەتەوەو هەمیشەو هەتا لە رۆژانی هەینی‌و پشووی ئاسایی‌دا مۆڵەت وەرناگرن‌و بەردەوام دەبن لە ئیش .. چونکە چاك دەزانن کە تەواوبوونی پرۆژەی دێمی کە وەختی ئاسمایی‌و یەکجار قەڵەوی دەکات‌و پار ئەمەمان لەگەڵ «بەرخ» تاقی‌کردەوەو بڕۆ لە جوتیارەکان بپرسە تا چ رادەیەك کاری کردە سەر بابەتی ئاژەڵداری ..

● **ئەندازیار ئەریمان توفیق ووتی :**

یەکەمجارە کە ئەندازیارەکانمان بەو شێوەیە بچنە کێڵگەو خۆیان لەگەڵ جوتیارو رابەرە کشت‌وکالیەکانەکاندا ببێنەوە، کە ئەمە وا بزانم خۆی لە خۆی‌دا بە تاقی‌کردنەوەیەکی زیندووی پەرەپێدانی کاری

بروانە ل : ٧

لە بەر رووناکی رووداوەکاندا

● فۆواد حسین ●

ئەو رێککەوتنە [نوێیەی] نێوان رژێمی نەفامی خومەینی‌وقەزافی‌دا مۆرکراوە ، بێ‌گومان شتەکە نە «نوێ»یەو نە سەرسوڕهێنەرە .. وە ئەوەی ڕەنگە تاڕادەیەك سەرنجڕابکێشێت یان بە چاوێکی نوێیەوە سەیر بکرێت ، ئەو بڕگەیەیە کە باسی پەرەپێدانی پەیوەندی لە بواری تەکنۆلۆجیاوە دەکات .

ئەی نابێ بڵێین ئایا ئەو تەکنۆلۆجیایەی کە هەردوو رژێم دەیانەوێ پەرەی‌پێ‌بدەن چی بێت !؟

ئێرانی خومەینی دەرگای زۆربەی هەرەزۆری کارخانەو فابریقەکانی داخستووەو کرێکارەکانیشی تاردراون‌و بە بەتاڵی‌و بێ‌ئیشی لە جادەو کۆڵانەکاندا دەسوڕێنەوە ..

کابرای شێتیش هەموو بێداویستیەکانی وڵات بە ئامادەیی لە دەرەوە ئەیهێنێت ..

ئەك هەر ئەمەش لە هەردوو وڵاتدا ئەوانەی کە بڕوانامەی بەرزی پسپۆڕی‌و شارەزاییان هەیە لە دۆزەخی ئەم دوو کابرایە بۆ دەرەوە هەڵاتوون ، جونکە ئەم دوو گەوجە رقیان لە زانست‌و زانایانە ، واسەیریان ئەکەن کە دژ بەمانن‌و لەگەڵ بیروڕاکەیاندا ناگونجێت..

زاناکان لە کتێبەکەی قەزافی تێناگەن ..!

بۆ ئێرانیش تەگەرەیەکی هەرە گەورەن بەرانبەر بە پەرەپێدانی «شۆڕشەکەی» خومەینی .. بۆ دەرەوەی وڵات .. ئەمانە هەروەك خومەینی دەڵێ = «لە جادووگەری‌و فاڵچێتی نازانن» ..

لە راستیشدا زانایان گاڵتە بە خومەینی دەکەن‌و ئەو بیروڕایانەی کە خومەینی باسی دەکات بە شێتیکی پڕوپوچ دادەنێت‌و ئابڕوی خومەینیان بردووەو خومەینییان هەراسان کردووە ..

ئیتر شۆڕشەکەی خومەینی لە جێگای خۆیدا کپ‌بووەوەو لە هیچ جێگایەکدا دەنگی نەدایەوە .. بگرە هەتا ئێرانیەکانیش لێی جاڕس بوون .

نهێنیەکەی قەزافیش ئەوەیە ،زانایان بە چاوێکی سوکەوە سەیری کتێبەکەی دەکەن‌و دەڵێن «ئەم کتێبە چارەسەری گیروگرفتەکانی جیهانی ناکات» .

ئێمە ئەوەمان لە یادە چۆن قەزافی بۆ ماوەی چەند ساڵێك رقی لە رۆژنامەو رۆژنامەنووسەکان هەڵسابوو و بڕوای پێیان نەئەکرد ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو ئافرەتە رۆژنامە نووسە بێگانەیە کە پێی وتبوو «بڕواناکەم ئەو کتێبەی کە بە قەد پاکەتە ماکیاجی نێو جانتا بچکۆلەکەمدایە لە توانایدا هەبێت گشت گیروگرفتەکانی جیهانی چارەسەر بکات» ..

قەزافی هیچ وەڵامێکی بەرانبەر بەو ئافرەتە بۆ نەهات .. شۆڕشەکەی خومەینیش لەسەر حیسابی جادووگەری بەرپابووەو دەڵێ «زانایان لەگەڵ شەیتانە گەورەکەدا کە ناوی تەکنۆلۆجیایە مامەلە دەکەن» .

ئەمەشی دژی خومەینی‌یەو تووش نائومێدی‌و نوشتی‌ی دەکات ..

هەرچۆنێك بێت ، ئێمە تەنها برسیارێك دەکەین ..! چۆن لە وڵاتێکدا پەرە بە تەکنۆلۆجیا ئەدرێت ، کەچی هیچ تەکنۆلۆجیایەکی تیایا ڕەچاو ناکرێت .. تەنها گرینی‌چەك‌و شەیتان نەبێت !؟

Institut Kurde de Paris

کتێبخانەی گشتی هەولێر

مەعدید حاجی

ئاشکرایە کە کتێبخانە گشتی‌یەکان وەکو مەلبەندێکی ڕۆشنبیری ڕۆلێکی گرنگ دەگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە نێو جەماوەردا، بە تایبەتی لە نێوان لاوانو قوتابی‌یاندا کە هیوای گەلو وڵاتن شان بە شانی چینو توێژەکانی تری ناو کۆمەڵ ٠

بە گوێرەی سەرژمێرە تایبەتی‌یەکانی کتێبخانە گشتی‌یەکان قوتابی‌یان لە هەموو دەستە کۆمەڵایەتی‌یەکانی تر زیاتر هاوشۆی ئەم مەلبەندە ڕۆشنبیری‌یانە دەکەن ٠ جا بۆیە پێویستە بایەخێکی ئەوتۆ بە کتێبخانە گشتی‌یەکان بدرێت کە لەگەڵ ئەم ڕۆڵە گرنگەیاندا بگونجێت بە تایبەتی لە ڕووی دەوڵەمەندکردنیان بە هەموو جۆرە کتێبو بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریو ئەدەبی سوودبەخش ٠

ئێمەی هاتوچۆکەرانی کتێبخانەی گشتی لە شاری هەولێر لە ماوەی ساڵانی ڕابوردوو دا بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی تەواوکردنی بینا نوێ‌گەورەکەی کتێبخانەکەمان دەکرد بۆ ئەوەی ببێتە هۆی چارەسەرکردنی گەلێک کەم‌وکوڕیو گیروگرفت کە کتێبخانەکە لە ماوەی ساڵانی حەفتادا بە هۆی تەنگەبەری جێگاکانی پێشووی بە دەستیانەوە دەینالان بەڵام ئەوە زیاتر لە ساڵێکەو ئەم بینا گەورەو نایابە تەوا بووەو کتێبخانەکەی بۆ گوازراوەتەوە کەچی جێگای داخە کە زۆربەی کەم‌وکوڕیو گیروگرفتەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە ٠

ئێمەیش لە پێناوی سوودی گشتیو چاسەرکردنی کەم‌وکوریو گیروگرفتەکانو ڕەخساندنی بارێکی گونجاو و سوودبەخش بۆ هاتوچۆکەرانی کتیبخانەکە لە بەرواری ٢٦-٦-١٩٨٣ دا ڕاپۆرتێکمان دایە مامۆستا ئەمینداری کتێبخانەی گشتی هەولێرەو لەم ڕاپۆرتەشدا کەم‌وکوریو گیروگرفتەکانمان شان‌بەشانی کۆمەڵێک پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان خستنە ڕوو ٠٠ هەر لەم پێناوەشداو لە سەر داواکاری بەڕێوەبەری کتێبخانەکە خۆی لە ڕێکەوتی ٩-١٩٨٣٧ دا چاوپێکەوتنێکمان لە گەڵیاندا ساز کردو بەڕێووبەری کتێبخانەکەدانی بە خالەکانی ناو ڕاپۆرتەکەمان ناو بەلێنی جێبەجێ کردنی هەندێکیشیانی داینیو بۆ ئەمانی تریش گوتی لە تووانای ئێمە دا نی‌یە ٠٠

دووای ئێپەربوونی دوو مانگ هیچ لە کەم‌وکوڕیو پێشینارەکانی ناو ڕاپۆرتەکە چارەسەرو پەیڕەو نەکراون کەچی دەبوایە دووانیان سەرەڕای ئاسانیو سادەیی‌یان کە پەیوەندی‌یان بە گەرمی هۆلی خوێندنەوەی کوڕانو ئاو خواردنەوە هەبوو زوو جێبەجێ بکرێن بەڵام جێگای داخە کە لە بەر ئەمە هەمووی بە پێویستمان زانی لێرەدا ئەمانی‌تریش گوتی لە کەم‌وکوڕیو گیروگرفتەکان لە گەڵ پێشینارەکانمان بۆ چارەسەرکردنیان بخەینە بەرچاوی لێپرسراوان خوێنەرانی بەرێز بە هیوای دراسەکردنو چارەسەرکردنیان :

١ - تاکو ئێستا لە کتێبخانەی گشتی هەولێر دا شێوەی کۆنی فەهرەسە بەکار دەهێنرێت ٠ ئاشکرایە کە بە گوێرەی ئەم ڕێگایەش خوێنەر تاکو کتێبێک دەدۆزێتەوە دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر چاو بە ناوی کتێبەکانی ناو فایلی بابەتەکە دا بخشێنێت ٠ بۆیە هەق وایە پەیڕەوی شێوەو ڕێبازی نوێو هاوچەرخ بکرێت لە فەهرەسەکردنو دانانو ڕێکخستنی کتێبەکان ٠

٢ - بۆ پەیڕەوکردنی ئەم خاڵەی سەرەوەو گەلێک ئیش‌وکاری پێویستی تری کتێبخانەی گشتی ، دەبێ فەرمانبەری پسپۆر هەبێت ٠٠ بەڵام تاکو ئێستا کادیرێکی پسپۆری ئەم بوارەو بۆ هەمیشەیی لە کتێبخانەی گشتی هەولێر دەست ناکەوێت !! ٠

جا دەبوایە هەر لە زوێکەوە ئەم گیروگرفتە چارەسەر بکرابوایە ، نەك بۆ باری ئێستاکە بمابوایەوە ٠٠

٣ - لە شەستەکانو سەرەتای حەفتاکاندا کتێبخانەی گشتی هەولێر مۆلێکی تایبەتی بۆ منداڵان تەرخان کردبوو ، بەڵام ئێستاکە ، سەرەڕای گەورەیی شوێنی کتێبخانەکەو پەرەسەندنی باری ڕۆشنبیری منداڵان بە گشتی ، ئەم دەزگا ڕۆشنبیری‌یە ئەم لایەنە گرنگەی فەرامۆش کردووە٠٠ بۆیە پێشنیار دەکەین کە هۆڵێك لە هۆڵەکانی کتێبخانە کە بۆ منداڵان تەرخان‌بکرێتو هەموو پێداویستی‌یەکیشی لە کتێبو گۆڤارو کەرەسەی نەخش‌و نێگارو مۆسیقای بۆ زامن بکرێت ٠

٤ - لە بینا تەنگەبەرەکەی پێشووی کتێبخانەکە شوێنێك بۆ موتاڵاکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەکان تەرخان‌کرابوو ٠٠ بەڵام لەم شوێنە فراوانەی ئێستاکەی ئەم بووارە نەماوەو هاتوچۆکەرانی لێی بێبەش ماونەتەوە ٠٠

بۆیە پێویستە ئەم کەم‌وکوری‌یەش کە بەڕای ئێمە هەندەی پێناوێو بەسانایی جێبەجێدەبێت ر بە زووترین کات چارەسەربکرێت ٠ کتێبخانەکەیش بەشداری لەگەڵ هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەکدا بکات چ لە ڕێگای کتێبخانەکانی هەولێرەوە یان ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرچاوەکانیاندا

سەبارەت بە گۆڤارو ڕۆژنامەکان من خۆم جارێکیان داوای ژمارەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ ی ڕۆژنامەی (العراق) م لە کتێبخانەکە کرد ، نەیان بوو گوتیان :

ژمارەکانی ئەم مانگەمان نەپاراستوون چونکە ئەم کتێبخانە - یەی کە بەشداریمان لە گەڵیدا هەبوو لەم مانگەدا داخرابوو !! ئەوەو لە کاتێکدا پێویستە کتێبخانەی گشتی وەکو ئەرشیفێکی دەوڵەمەند هیچ جۆرە چاپەمەنی‌یەکی خۆماڵیو بە گوێرەی تواناش هی بیانی لە دەستەخۆی نەداتو بۆ ئێستاو دووا ڕۆژیان بپارێزێت ٠

٥ - گواستنەوەی ئامرازی ئاوخواردنەوەی کوڕان !!

لە شوێنەکەی ئێستای کە ڕاستەوخۆ لە بەردەم ژوورەکانی ئاودەستخانە دانراوە ٠٠ !

٢٦-٨-١٩٨٣

کورێکی ئەدەبی لدهوکێ

ڕەمضان عیسی : لقی دهوك

- ل ئێڤاریا پێنج‌شەمبی‌ڕێکەفتا ١٩٨٣/٨/١٨ و ل سعەت حەفت ٠٠ کورەکێ ئەدەبی هاتە گرێدان بۆ برادەر [حجی عبدالله محمد]ی ل بن ناف و نیشانێن [عەیشا بیبێ] ٠

د فی کوری دا هژمارەکا باش یا تورەفان و ڕوشەنبیران ئامادە ببون ، ئو ئەف کورە هاتە گێران ژ لایێ برادەر [وصفی ردێنی] فە ٠ ل سەرێ دەست پێ‌کرن کاك حجی بۆ بابەتێ خۆ ، پیچەکێ ل سەر فلکلورێ کوردی ئاخفت ، پاشی دەست ب خویندنا چیروکا کوردی یا کەفن (عەیشا بیبێ) کر هەتا دوماهیێ ٠ ئو پێتڤیە ئەم بێژین کو ئەف چیروکا ب ستران د هێتە گوتن گەلەکا نافدارە ل دەفەرا دهوکێ ئو چ ستران بێژێن کەفن نینن وێ نەزانیت ٠ پاشی هنگر دەست پێ کر تایبەتی وێ سترانێ د گەل ئێك هەڤبەر کرن چونکو هەر وەکو ئەم دزانین کو ئەف ستران بە وەکو بەهرا پتر ژ ستراتێن مە ب گەلەك ڕەنگا دهێنە ئەگێران ٠

ب ڕاستی ئەف بابەتە بو ئەگەرێ گەنگەشەکا گەرم و پر بوها د نافبەرا تورەفانێن ل وێدەرێ دا ، ئو هەتا دەمەکێ درەنگ مانە ب ئێك ڤە و گەلەك دەرگەهە هاتنە قوتان کو ئەف چەندە ژی بو ئەگەرێ خنێ کرنا فێ ئێڤارێ چونکو مغایەکێ باش ژێ هاتە وەرگرتن ئەز دشێم بێژم کو ئەف مغایە پترە ژ یێ کو د کورێن مەزن دا دهێتە وەرگرتن ٠

ئو ل دوماهیا فێ فەکولینێ یا فەرە ئەز بێژم کو ئێکەتیا مە ڤێ هەیامێ وەکو دبێژن یا ڕابویە سەرخو و یا بزافەکا هێژا د کەتن ب گرێدانا ڤان کورێن ناڤ خویی هەتا کو ئاگەهوارییا هەمی ئەندامان یا هاتبە کرن کو هەر ئێك بابەتەکی ئامادە بکەت بۆ ڤێ چەندێ ٠ بێ د سەر هندێ ڕاهیڤیامە ئەوە جوکا ئێکەتیا نڤیسەڤانا ل دهوکێ هەر دەم یا بوش تر بیت دا ڕیبارێ ڕوشەنبیرێ ل دەفەرا مە هەر دەم یێ بوش بیت ئو دا کو ئەفی مەودایێ شورەشا ١٧ - ٣٠ تەموزێ ل بەر مە فەکری بدرستی تەرخانکەین بو سەربلندیا وەلاتێ مە و ملەتێ مە٠

ڕسێ وێنەی ئەڤینێ

[عەبدلایێ جندی]

- ١ -

هۆ پەریێ !
ئەز نزانم ، ئەڤان شەڤێن ٠٠٠
ب سرۆ سەقەم ، ب ترس‌و لەرز
ب چ بورینم
ئەز نزانم ، ئەڤان چاڤێن
پڕی هیڤی‌و دەریا خوزیا
جارەکادی چاوە ژ بیربکەم
ئەز نزانم ، وێ ئەڤینا
بویە چراو بویە جانێ من‌و تەو خرا ٠٠٠
چاوە ژ بیربکەم
ئەز نزانم ٠٠٠ ئەز نزانم

- ٢ -

هۆ ئەسمەرێ !
هەمی چاخ‌و دەم‌و گافا
ژ بەر ڤینانە
ئەزێ بویمە ستێی‌و ژارۆ ٠٠٠
تەیرکێ هەمی دافا
دلبەرا من !
چاوە ئێدی ئەز نەبمە
فندك‌و شەمالك ،
خوە بسوژینم هێدی هێدی
دابیمە ڕوناهیەك
بو ڕوخسارێ زێباو دەلال
بو ڕان چاڤێن ڕەش‌و زەلال

- ٣ -

هۆ دەلالێ !
لهزرا منی
لخڕ گاڤ وجهو وارا
گوندو بتەف شارا بتەف
ئەز نزانم
لکێز قولا چکێ ، لکێز شەقامێ
لمن بەرزەبوی ، بویە خەون
من نەهێلان
جادەو شەقامێن شارا
من نەهێلان
دول‌و چیایێن وارا
من نە هێلان
کون‌و قولا چکێن یارا
تو هندابوی ٠٠٠ بویە خەون
ئەز نزانم
تو بوی نێچیرا چوتوڤ وارا
ئان ژی هەر مایێ لسەر سوزو قەولێن جارا ؟

- ٤ -

هەڵبژاردەی هاوکاری

باڵندەکانیش کۆچیان کرد

ئەلقەی حەوتەم

نووسینی : بەشار کەمال

محمد احمد اسماعیل کردویەتی بەکوردی

« وریابە دەمرن وات پڕ کردوون دەمرن » ٠

«دەمرن ٠٠ بێ‌گومان دەمرن ٠ ئینجا بزانە ئەستەموول چی‌بە سەرایێ ، بۆ مەلەرزەیەك ئەستەمول دەگرێتەوە ٠٠ مەپرسە ٠٠ هیچ شتێك بە پێوە نامێنی ٠٠ ماڵەکان خاپور دەبن داریان لەسەر بنجك نامێنێ ٠٠٠٠

ئۆتۆمبیلەکانیش پارچە پارچە دەبن ٠ دەبنە هەزار پارچەوە ٠٠ » ٠

درێژ : « حەیف ٠٠ حەیف بۆ ئەستەموول ، دەبا خەلکەکە ئەوەندە خراپ نەبن ٠٠ لە ڕووی ئەم پەلەوەرە بچووکانەوە ئەستەمول دەروخێ ٠٠ وەك «وان»ی لێ‌دێت ٠»

سمیح : «ئەم فزندانە دڵ پارچە پارچە دەکەن ٠٠ ئەوەی خۆی بە مرۆڤ دادەنێ ٠٠٠ پورە زارای دەیگووت وانیش هەر بەبۆنەی پەلەوەری بچوك بچووکەوە ئەو دەردەی بەسەرا هات وبا گسکی لە شوێنەواری دا ٠ »

ووتم «ئەوەی خۆی بە مرۆڤ دابنێ دڵی بەم پەلەوەرانە دەسووتێ ٠٠ » ٠

« نازانم بۆ وا مرۆڤ مرۆڤایەتی خۆی لە بیر دەکات ٠٠٠

گێتمەکە ئەبوایە ٠٠٠ گێتمەکە دەگێڕینەوە ، دەبێ پورێ زارا چی بکات لە خۆشیا ٠٠ من لەم دونیایەدا ئافرەتی وا باشم نەدیوە ٠٠ ئێستا ئەگەر بێت‌و ئەم پەلەوەرانە بولابیەین ،بەو ئەخۆشی خۆیەوە چاوی بە حالیان بکەوێ ٠٠ هەرچی هەیەو نییە دەیفرۆشی ، بە پارەکەی هەمووی دەکرێتو ئازادیان دەکات‌و جوان جوان دەفڕن ٠٠٠»

درێژ : «جوان جوان ٠٠٠ وای دایکە کلولەکەم» چاوەکانی پڕ بوون لە ناوو بەری‌کردە ئەوڵاوە ٠

سەمیح‌و خەبریش بە یەك دەنگ ووتیان «وای بورەزارا وای ٠٠ »

سەمیح چاوی بڕییە چاوم ، تەماشای کردو پرسی :

« ئەم شاهۆیانە لام وا بێ بیلدرچن‌لکی زۆر دەگرن ؟ »

« حەسەن قایتان دەیگووت زۆر دەگرن »٠

« چەندانە دەتوانن بگرن ؟ »

«نازانم ٠٠٠ مەلی ماندوو شەکەت، بارانی لەشیانی گران دەگردو باڵیان تەڕ دەبوو شەوارە دەبوون لە دەریاکەوە دەهاتنە «ریزایە» ئەوانیش لە ڕۆخی دەریاکەدا چرایان دادەنا ٠ مەلەکان خۆیان بۆ ڕووناکی‌یەکە دەکوتا ، بە تەنیشت ئاگرەکەوە کۆمەڵتەیان دەبەست شەواتی باران‌و ٠٠ باڵیانیش تەڕە ٠٠ گران بوون ٠٠ ئەوانیش هەر وەکو بەرد کۆبکەنەوە پەلەوەرکانیان کۆ دەکردەوە ٠»

خەیر ووتی « ئەماتەیش »

درێژ « ئا شاهۆش » ٠

« بە ڕۆژ بە شاهۆ ڕاویان دەکرد ، شاهۆ خیرایەو بیلدرچن هێواش ٠٠ شاهۆکانیان لی بەردەدان ، بەسەر سەریانەوە دەنشتنەوە حەسەن دەیگوت شاهۆ ماندوو بوون نازانێ ٠٠ بەڵام دەبێ لە بێشدا فێری بکەی ٠٠٠ کە هەڵندا بۆ یەکجاری هەڵنەفڕێ ، بگەڕێتە دوواوە ، بەسەر سەر مەلەکەشەوە نیشتەوە پارچە پارچەی نەکات » ٠

سەمیح ووتی «شاعلی ، مەل چاك ڕادەهێنێ ، لە دۆڵاب دەرە دادەنیشی ، ئەو مەلەکەم بۆ ڕادەهێنێ وانیە ؟ »

«مەلەکەی منیش هەر پەروەردەی دەست حەسەن قەپتان بوو » ٠

«ئەی کوا چی‌ساچیت لێ‌کرد ؟ » سەمیح بە پەرۆشەوە ئەو پرسیارەی لێ‌کردم ٠

ووتم «وازم هێنا » ٠

« بلدرچنی بۆ دەگرتی ؟ »

« زۆزۆز ٠ »

«یەکی چەند دەکات ؟ »

ووتم «گرانە ٠٠٠ بیست بیستو پێنج لیرەی دەکرد ٠٠ لە بیرم تەماوە خۆمن ئەو مەلانەم دەگرت ئەم دەفرۆشتن ٠٠ »

درێژ بە دەنگێکی بەرز ووتی :

«ئەی ٠٠ ئەی چۆن ؟ »

خەیری هەناسەیەکی هەڵکێشا «ئەی چی ٠٠ ؟»

درێژ هاواری خۆشی لێ‌هەڵسا :

«تەماشاکەن ٠٠ تەماشاکەن ، وای ووتو

بڕوانە ل : ٧

یەتاسیکە

شانۆگەریەکە لەسێ بەشدا

نووسینی : کارل چاپك

مصطفی صالح کریم لەعەرەبیەوە کردوویەتی بەکوردی

(١)

کەسانی ئەم شانۆنامەیە :

بەشی یەکەم - بەڕێوەبەری نەخۆشخانە -

بەڕێوەبەری نەخۆشخانە : پروفیسۆر دکتۆر سیجیلیوس دکتۆر جالین ، یاریدەری یەکەمی بەڕێوەبەر ، یاریدەری دوەمی بەڕێوەبەر ، پرۆفیسورەکان : یەکەم ، دوەم ، سێیەم ، چوارەم ، مارشاڵ : سەرۆك‌و سەرکردەی وڵات ، سکرتێری مارشاڵ ، ژەنەراڵ ، وەزیری تەندروستی ، پیاوێك ، پیاوێکی عەسکەریی (مفەوەز) ، سیستەرێك ،ڕۆژنامە نووسێك ، ڕۆژنامە نووسی دووەم ، دەستەیەك لە پزیشك ، سیستەرو برین پێچ ، ڕۆژنامە نووس‌و دەست وپێوەندو یاوەرەکانی مارشاڵ گولەکان : یەکەم، دووەم ، سێیەم ، باوك ، دایك کچەکەیان ، کوڕەکەیان ،

بەشی دووەم - بارۆن گرێك : سەرمایەدارو خاوەن کارگە

دکتۆر سیجیلیوس ، بارۆن گرێك ، دکتۆر جالین ، مارشاڵ ، دوو گول : یەکەم ، دووەم ، سکرتێری مارشاڵ ، باوکەکە ، دایکەکە ،

● ● ●

بەشی سێیەم - مارشاڵ

مارشاڵ ، کچی‌مارشاڵ ، گریکی لاو (برازای بارون گرێك) ، وەزیری پرۆپاگاندە ، سکرتێری مارشاڵ ، دکتۆر جالین ، کوڕەکە ، یەکێ لە خەڵکە تێك ڕژاوەکە ، کۆمەڵێ خەڵکی ٠

● ● ●

بەشی یەکەم : بەڕێوەبەر

پەردەی یەکەم : سێ گولی چاو بەسترا و

گولی یەکەم-تاعوونە ٠٠٠ تاعوون ، لە شاقامەکەی ئێمەدا هەر ماڵە و چەند کەسێکی تێدایە کە تووشی ئەم تاعوونە بوون ٠ بە دراوسێکەم وت : پەلەیەکی سپی بە چەناگەتەوەیە ، وتی : نا ، هیچ نییە ، هەر هەستیشی پێ ناکەم ، کەچی ئەوەتا ئەویش وەك من پلە گۆشت لە لەشی هەڵ دەوەرێ ، بەڵێ ٠٠٠ تاعوونە

گولی دووەم - نە تاعوونە و نە گولی ، دەڵێن دەردە سپیکەیە ، بەڵام چاتر وابوو پێیان بوتایە «سزا» ٠ نەخۆشی وا لە واقیعدا لە خۆیەوە نایەت ، خوا بەم دەردە سزامان دەدا ٠

گولی سێیەم - مەسیحی گەورەم ، خوایە ، ئەی مەسیحی گەورەم ، خوایە مەسیح پێغەمبەر ، ئەی خوای مەزن ٠

گولی یەکەم - سزایە ! سزا ! بەڵام زۆر دڵم بەوە خۆش دەبوو بمزانیایە لە سەر چی سزا دەدرێم ، کابرا ، من هیچ خۆشییەکم لە ژیانمدا نەدیوە کڵۆڵی نەبێ ، خوایەکی سەیرە ئەگەر بە تەنیا سزای هەژاران بدات ، وا نییە ؟

گولی دووەم - چاوەڕوان بکە دەیبینی ، لە سەرەتا دا لە سەر پێستدا دیاری دەدا ، بەڵام کە لە ناوەوە بەر بووە خواردنت ئەوسا دەڵێی : ماقوول نییە کار بەم شێوەیە بێ ، نابێ ، دەبێ ئەمە سزا بێ ٠

دەبێ هۆیەك بۆ ئەم دەردە هەبێ ٠

گولی سێیەم - یا یەسوع ٠٠٠ یا یەسوع ، خواوەندی ئاسمانەکان ٠

گولی یەکەم - بێگومان دەبێ هۆیەك ببێ ، ژمارەی ئێمەی ئادەمزاد لەم جیهانەدا لە زۆر بو ندایە ، کەواتە با نیوەمان بتۆپێ ، بۆ ئەوەی جێگای نیوەکەی تر ببێتەوە ٠ هەر ئەمەیە مەسەلە ! تۆ نانەوایت ، جێگا بۆ نانەوایەکی تر چۆڵ دەکەی ، من هەژارم ، جێگا بۆ هەژارێکی کە بەجێ دەهێڵم ، تا لە بری من یەکێکی تر برسی وداماو بێ جا لە بەر ئەوە پێویست بوو ئەم تاعوونە تووشی خەڵکی ببێ ٠

گولی دووەم - ئەمە تاعوون نییە ، گولییە ، کابرا ، تاعوون وات لێ دەکا ڕەش هەڵگەڕێی بەڵام گولی وەك تەباشیر سپیت دەکات ٠

گولی یەکەم - سپی بێ یان ڕەش لام وەك یەکە ، تەنیا ئەوەندەم مەبەستە بەو شێوەیە دا نەڕێتم و بۆگەن نەکەم ٠

گولی سێیەم - ئەی هاوار مەسیحی گەورەم خوایە یەسوعەکەم ! یا یەسوعی مەسیح ٠٠٠ بەزەییت پێماندا بێ ٠

گولی یەکەم - تۆ بە تەنگ چییەوەی ! تۆ تەنیای ، بەڵام بەڵێ ئەوەیە کە مرۆڤ تەنانەت ژنەکەی‌و منداڵەکانیشی ،نەفرەتی لێ بکەن ٠٠٠ ئەو هەژارانە چۆن لە توانایاندا بوو لە گەلمدا هەڵبکەن ، ! ئێ ، ئەوەندەی نە خایاند لە سەر سنگی ژنەکەشم پەلەیەکی سپی پەیدا بوو ٠ دراوسێ یەکمان هەیە ، هەڵاجە شەوو ڕۆژ دەنالێ ، شەوو ڕۆژ ٠

گولی سێیەم - یا یەسوع - یا یەسوع - یا یەسوع ٠

گولی یەکەم - بەڵام لێ دای ! کێ هەیە - گولە - بەردەوام گوێ لە تۆ بگرێ !

- پەردە دادەدرێتەوە -

Institut kurde de Paris

وتــه گرنگەکەی سەرەکــی فەرمانــدە لەبەردەم جەماوەری دیالەدا پاشماوە

دیالە ئەم ڕواڵەتە تایبەتی‌یەی هەیە کــــە باسیم‌کردو ڕواڵەتی تایبەتی ئەوەیشی هەیە کــە هێزەکانی پیرۆزی لە ڕۆژی ٢٢ و ٩/٢٣دا لــەبەر پێشەکی‌یەکی تایبەتی لە دیالەوە هەڵسان بۆ ئەوەی لە هێزی تاریکی‌و دەستدرێژی بدەن ٠

خومەینی لە بارەتانەوە دەڵێ چونکە مـــــن وتارەکانی دەخوێنمەوەو ئەویش وتارەکانـــــم دەخوێنێتەوە «چونکە لە بارەی وتارەوە بەینمـــان خۆشە» لە بارەتانەوە دەڵێ صدام حسین‌و کۆمەڵەکەی چی دەکەین لاساییمان دەکەنەوە دەڵێ «ئێران گەلێکی تیایە پارەوشت‌و مەك دەبەخشێ بە کۆششی شەڕ لەبەر ئەوە بارێکی وایان سازاند بۆ ئەوەی بڵێن لە عیراقیشدا گەل پارەوشت‌و مەك دەبەخشی بـــــە کۆششی شەڕ» ٠

جیاوازی لە نێوان ئێمەو ئەوانا

بەڵێ بیستمان‌کە شارەکەی خومەینـــی وەك بڵاوکرایەوە چەند پارچەیەك زیوو هەندێ تمەنـــی بەخشیوە ٠٠ ئێمە ئەمەمان پاش ئەوە بیست کـــە گەلەکەمان دەستی کرد بە لێشاوی پارەو شت‌و مەك بەخشین‌و شتە بەخشراوەکانیش زیوو گونیەی تیـا نەبوو و ئاشکرایشە جیاوازی لە نێوان ئێمەو ئەوا وەك جیاوازی لە نێوان ئالتوون‌و گونیەدا وایە ٠

بەیاننامە ڕەسمی‌یەکانی داوا لە خەڵك دەکەن گونیەو چەرەزو نانی تیری ببەخشن کەچی گەلەکەمان بێ ئەوەی داوای لێ‌بکرێ تەکان دەدا بـــۆ ئەوەی ئالتوون ببەخشێ ٠

جیاوازی لە نێوان گەلەکەمان‌و یارمەتیدەرەکانی ئەوا وەك جیاوازی نێوان ئالتوون‌و (گونیە) وایە ، مرۆڤایەتی تیا بمایە دەبووازی لـــە دەســـتەلات بکەون پاش ئەوەی تووشی هەڵوێستە چەپەڵە بەدە دوژمنانە فراوانکاری‌یە دواکەوتووەکانی کردن لە ناو ئێراناو دوو چاری هەڵویستە دوژمنانـــــــــــــە تەماعکاری‌یەکانی کردن لە دەرەوەی ئێراندا ، درێژە پێدانی شەڕیش هیچ بەکەڵکی نایە بۆ ئەوەی کەین‌و بەینی لە ئێرانا دەرنەکەوێ چونکە توانای ئەوەی نیە چارەی گیروگرفتەکانی گەل بکا ئەو بە شێوەیەکی گشتی باسی ئیسلام دەکا بەڵام ئەگەر باسی قەرزی عیقاری لێ بپرسن کە ئایا حەرامە یا حەڵاڵـــە ٠٠ ناتوانێ وەڵام بداتەوەو کە باسی ئەو قازانجەی لـێ دەپرسن کە هاووڵاتی لە بازرگانی شت‌و مەك کڕین لە دەرەوە دەستی دەکەوێ لە بارو دۆخی شەڕدا کـــە ئایا حەڵاڵە یا حەرام ٠ ٠ ناتوانێ هیچ وەڵامێـــك بداتەوە هەتاکو ئەگەر بە گوێرەی ئـــــەو ڕێبازە ئایینی‌یەیش بڵێین کە دەڵێ باوەڕی پێ‌یەتی ٠

خومەینی تەلە کەبازیان ناسی

کە باسی بارەکانی تری ژیانیشی لێ دەپرســـن توانای ئەوەی نیە وەڵامێك بداتەوە بەڵام ئەگـــــەر بیەوێ وەڵامی ئەو حاڵەتە وردانە بداتەوە کە ماوەیەکی دوورو درێژە خەڵکی تر وەڵامیان داوەتەوە پێویستە لە سەری بزانێ کەوا سوننەت بۆیە پەیدا بوەبۆ ئەوەی بوترێ کە بڕیارە سەرەکی‌یەکان لە قورئاندا هـــەن‌و سوننەت شان بە شانی قورئان دەرواو ئیجتهادیش بۆ ژیان پێویستە چونکە ژیان لە گۆڕاندایە ، گەلانی ئێران لە مەولا داوای لێ دەکەن‌و پێی دەڵێن تـــۆ (ئیمام)ی یا بڵێین جێنشینی ئیمامی ئەگەر لە ئیمامەت واز بێنی یا بە ئیمام ناوی دەبە ن‌چونکە ئیمام دەبێ لەگەڵ ژیانی بەرەو پێش‌چوودا ئیجتیهاد بکاو کە کاتێ پرسیاری لێ‌دەکەن ناتوانێ وەڵامی گیروگرفتەکانـــی چاککردنی کشت‌وکاڵ‌و بازرگانی دەرەوەو کاروباری ئافرەت‌و خێزان بداتەوە بە چاوێکی تازەوەو لـــــە کاروبارەکانی تریشدا لەبەر ئەوە لای وابوو کە شەڕ ئەو کاتە دوا دەخا کە ئەوە دەرکەوێ کە توانـــــای ئەوەی نیە چارە پێشکەش بە کۆمەڵگای ئێران بکـا بەڵام ئێرانی‌یەکانیش ناسی‌یان ، ناسی‌یان‌و ئیستە بەرهەڵستیکەران بەو ناوە ناوی دەبەن کە ئێمە لـــە زووەوە ناوی دەبەین پێی ٠٠ ئێمە لـــــە زووەوە پێدەڵێین تەلەکەباز ٠٠ ئیستا بەرهەڵستیکەرانـــی ئێران بە تەلەکەباز ناوی دەبا ٠٠

سیاسەتە نەفامەکەی خومەینی هۆی بەردەوامبوونـی شەڕە

لە دیزفولدا دژی خومەینی خۆپیشاندان دەکرێ‌و هاواری ڕووخانی دەکەن‌و داوای ئاشتی لێ‌دەکـەن چونکە کاتێ کە دیزفول لە شەڕدا تووشی ناخۆشـی دەبێ بە هۆی شەڕەوە ڕۆڵەکانی دەگەنە ئەوەی کـە هیچ مانایەك نیە لە بەردەوامبوونی شەڕداو هـــۆی بەردەوامبوونی شەڕ سیاسەتە نەفامەکەی خومەینی‌یە لەبەر ئەوە خۆپیشـــاندان دەکەن‌و داوای ڕاوەستانی شەڕو هێنانە دی ئاشتی‌و ڕووخانی خومەینی دەکەن بەڵام دانیشتوانی دیالە کە دەدرێنە بەر تۆپ دێـــن ئالتوون دەبەخشن‌و ئە وقسەیە دەکەن کـــە ئەمرۆ بیستمان لێتانەوەو کە تاو دەدا بە گیان‌و تەوژمێکی وا پێویست دەدا بە هاوکاری نێوان سەرکردایەتی‌و عیراقی‌یەکانی تر پایەی عیراق پتەو دەکاو بە یارمەتی خوا سەربەرزی‌یەکە زیاتر دەکا ٠

ئەو ماوەیەی شەڕ کە تێپەڕ بوە ماوەیەکی درێژترە

کە وابوو ئێمە گومانمان لەوەدا نیە ئەو ماوەیەی کە لە شەڕ بەسەرچوە درێژترە لەو ماوە داهاتوەی شەڕو ئەنجامی کۆتایی وەك وتمان بە یارمەتی خواو پشت بە توانای عیراقی‌یەکان کە ئاگادارین لـــێ‌ی‌و هەموو ڕۆژێ هەستی پێدەکەین ئەوەیە کـە هێزی نامەق وتاریکی لە ئێراندادەشکێ‌و هەق، بە شمشیری ڕۆژهەڵاتن کە لە عیراقەوە دێ سەردەکەوێ‌و پشت بەخوا عومر باقی بێ‌و ئەگەر خومەینی ڕۆژانی ژیانی درێژەی کێشا دەیبینن چۆن گەلانی ئێران لـــــە شەقامەکانی تاراندا ڕایدەکێشن‌و هیوامان بەخـــوا ئەمەیە ٠

کاتێ کە مصطفی بارزانی لە ژیانا بوو خەڵك ڕوویان دەکردە خوا بۆ ئەوەی بارزانی بمرێ چونکە تاوانبار بوو عیراق زۆر شەهیدی لە دەست چوو بە هۆی هەڵوێستو سیاسەتیەوە من لەو کاتەدا لـــە سەرکردایەتیدا وتم لە خوا دەبارێمەوە بـــۆ ئەوەی تەمەنی درێژتر بکا بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەوە ببینی کە دەستەکانی کردی بە خۆی ٠٠ ئەو بەدکاری‌یەی کە دەستەکانی کردنی‌و بە زیندوویی شکانی ببینێ بـۆ ئەوەی ئەم داخە بباتە گۆڕیەوەو بەو شێوەیە تەواو بوو کە دەزانن‌و لە دەرەوەی عیراقدا نێژراو ئەنجـا ئەو خەڵکانەی کە دڵیان بریندار کرابوو چـــوون گۆڕەکەیان هەڵتەکاندو ئیستە نازانرێ لاشەکەی لە کوێیە ٠

هیوامان بەخوا ئەوەیە خومەینی‌یش هەمـــان ئەنجامی هەبێ‌و لاشەکەی نەزانرێ‌و ئەنجامی ئـــەوە ببینین کە بەدکاری‌و کینەی بێجێ‌و بەدکاری تێکەڵ بە گرێی مێژوویی بۆ کوێی دەبا پشت بە خوا بەرەو ئەنجامێکی نەگبەت ٠

هیچ گومانمان لەوەدا نیە هەتاکو لە هەزاردا یەکێکیش کە بە یارمەتی خوا سەرکەوتن بۆ ئێوەیە چونکە ئەمە ڕێگامانەو سوورین لەسەری‌و هـــەق لەگەڵمانەو ناهەقیش لەگەڵ دوژمنان یا لە ناویانایە ٠

بەخێرهاتنی خەڵکی دیالە دەکەین‌و بەیارمەتی خوا هەمیشە خێوەت دەبن بۆ هێزەکانی ئەنفال بەرەو سەربەرزی‌و سەرکەوتن‌و پیرۆزی لە خواوە ٠

وەڵامدانەوەدان بۆیان دەتوانیین بڵێین ٠٠٠ ڕژێمی خومەینیش پەلە قاژێ مەرگ دەکاو گۆر هەڵکەن‌و تەن شۆرو کفن فرۆش هەموو خەرییکی خـــۆ ئامادەکردنن بۆ هەڵسانیان بە ئەرکی خۆیان‌و کۆمەڵێ گۆرانکاریش ڕەچاوکرێ لە وەزعی ئێران‌و دووبارە ڕیزکردنەوەی ڕیزەکانی هێزە نیشتمانیەکـــان‌و ئەتەوایەتیە پێشکەوتنخوازەکان ٠ بۆ ڕزگارکردنـــی گەلانی ئێران هەتا هەتایە لە چنگ‌و دەستەڵاتـــی ئیمپریالیزم‌و ڕژێمە کۆنەپەرستەکان ٠ بەڵام ئەمجارەش «توده» یان لەگەڵدا نایێ ، لەبەر ئەوەی لە باوەش ڕژێمی خومەینی کۆنەپەرست وەك پارتێکی هاوپەیمان گیانی تەسلیم دەکاو ، ڕژێمی دووەم لە کاتـــی سەرەمەرگدا هیچی پێ بکرێ ، هەر چەندە ئاواتـــە خوازین ئەمجارەش «توده» کۆتایی پێ نەیێ‌و بکەرێتەوە ڕیزی پەرەی معارضەو سوود لە هەڵەکانی پێشوی وەربگری ٠

لەبەر ڕووناکی ـ پاشماوە

دەگەڕێتەوە بۆ هەردوولا ـ ئەمامەلەی بازرگانیـدا ، ناتەواویش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ هەردوولا ٠٠٠ هەر دوولا یەك لان ٠٠٠ عیراقیەکانن ، ئەگەر ناتـەواوی بێ ، کە دەبینین پێویستە چاکی بکەین‌و ئێمە لـە یاسا مەرکەزیەکانـدا هەمـــوو ڕۆژێ یاســـاکان دەگۆڕین بەیاسای چاکترو لەکوێ ناتـەواوی لـــە ئۆتۆنۆمیدا هەبێ بەرەو حاڵەتی چاکتر دەیگۆڕین‌و ئەمە شتێکی ڕەوایە لەژیاندا (١)) ٠

● ماویەتی ●

بانندەکان ـ پاشماوە

دەستی بۆ ئاسمان درێژ کرد « بوون بەسێ ٠٠ هـەر سێکیانیش ٠٠٠ »

یەکسەر بەڕاکردن چووەلای پەتی تۆرەکەوە ، خەیری بەنی پەلەوەرەکانی ڕادەوەشاند، پەلەوەرەکانیش بەرز دەبوونەوەو دەکەوتنە خوارەوە ٠

تا خۆر گەیشتە دەم کەل چاویان لە ئاسـمان نەگوێزایەوە ٠ چاوەڕێ ئەوە بوون بنشـــنەوە ٠ نەنشتنەوە ٠ مەلەکان یەك دوو جار بۆ پەلـــەوەرە بەستراوەکان شۆڕ بوونەوە ، بەسەر تۆرەکانـــدا نزم بوونەوە ، مثالەکان لەم کانەوە ڕوح گەیشتبووە کونە لووتیان ، بەڵام دواجا بەرز بوونەوە ٠٠

ڕۆمانی ـ پاشماوە

باسم لێوە کردوون‌و پاشان لە توێی باسی‌ـ وەرگێڕی سەرکەوتوو کێ‌یە‌ـ بـــــە ئاشکراو بە ڕوونی نـــەو چەشنە سەرکەوتـــووەی وەرگێڕانم یەکاڵا کردۆتەوە ٠ سەبارەت بەوەش کـــــە‌ـ بانگەوازم نەکردووە بـــۆ چەشنی وەرگێڕاوەکـــەی‌ـ خەندە لێو‌ـ ، وا تێدەگەم کە هەر لە جۆڕی بەراوردەکان‌و هەڵە زەقەکانی مامۆستاوە کە لە بواری وشەو دێڕوبڕگـە دایە ئاشکراو دیارە کە چەشنی وەرگێڕانەکەی تێکەڵاوێکە لە وشە بۆ وشەو دێڕ بۆ دێڕو هەندێ جار مانا بۆمانا‌ـ ئنجا لەسەرو ئەوەشە وەکـــــە کەوتۆتە هەڵەی زەق‌و گەورە بەوەشەوە ئەوەستاوە تەوەو گەلی جارایش لەم لاو لەو لا مقەستی قارس‌کردنی خۆیـی خستۆتە کار بە ناوی (مافی دەستکاری)یەوە، بە دێـــڕو دوو دێڕو هەندێ جار بـــە پەرەگراف لێ‌ی قرتانـــدووەو کلك‌و گوێی بۆ تاشی‌وە !

ڕژێمی ـ پاشماوە

ڕۆژنامەکە وتی لـــــە ناوەڕاستی مانگی تەمـــوزی ڕابوورددودا لە فەیلەقـــی ئالی سوریا سەرباز لەگـەڵ سێ کەتیپـەی کۆمانـــدۆز گواستراونەتەوە بۆ ئێـــران بەجۆری کە کەتیبەیەکیـــان براوە بۆ کەرتی ســـــەروی ئێران‌و ئەوانی‌تری براون بۆ کەرتی ناوەڕاست ٠

ڕۆژنامە کەوتـــــی لـــە سەرەتای جەنگەوە ڕژێمـــی ئەسەد ئەفسەری دانـــاوە بـــۆ ئەوەی کە لە ئێرانـــــــدا کاربکەن‌و لە ســـــــەرەتای تەموزدا ئەم ئەفســـــــەرو سەربازانە ئەنجامـــــی تەقینەوەی ئەمبارێکـــــی نازوقەی نزیـــك شـــاری سنە تووشی زیانێکـــــی زۆربوون

ون‌بوونی دەفتەری خدمە

بەناوی موفق وهاب داودەوە دەفتەرێکی خدمەی عسکریـم لێ‌ون‌بووە کە لـــە تەجنیدی یەکەمی هەولێر دەرچوە تکایە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بە لقی

ناسکەنان ـ پاشماوە

ـ لـــــەبـــەر ئـــەوەی هەردووکتان دەتـــانـــەوێ براکەتان لەبێشکە دەربێنـن پێویستە بەجـــــووتە دەری بێنن ،، یەکێکتان دەسرازەی سەرسنگی بکاتەوەو ئـــەوی تریش دەسرازەی تاچی ٠٠٠ ئەوساکە براکەشتان تووشی ئەو ئازارە ناکەن‌و خۆشتان دەســـــت لـــەڤزی یـــەك گیرناکەن ٠٠٠ !

گوڵاڵەو سکاڵا بەجووتـــە هەریەکە دەسرازەیەکـــــی کردەوەو بەلێنیان دا دایکیان کەجارێکی تر «هیوا» تووشی مەترسی خنکاندن نەکەن٠٠٠

لەجەنگی ـ پاشماوە

شووشەیەك خوێنی مـــــن گەورەترین خۆشەویستـــی دەبەخشێت ، چونکە ئـــەم مرۆڤە پارێزگاری لـــە خاك‌و شەرەف‌و کەرامەتی مـــــن دەکات ، جا من وەك مرۆڤێکی کورد لە کوردستانی عیراقد هەستم بەو لایەنـــە پێرۆزە کردو ئەوەتا خوێـــــــن دەبەخشمەوە ٠٠٠

کاك (شێمە قصاب) دەڵێ :ـ

تاکو ئێستاکە زیاتر لە چل شورشە خوێنم بەخشیووەو بە پێی ئەو شەهادە نامانەی کە لە لامە ، چەند جارێـــك لێپرسراوانی هەولێـــــر بەتایبەتی بەرێزان سەرەکی ئەنجومەنی ڕابەرانـــــدن‌و ئەمینداری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی‌و پارێزگـــاری هەولێر ڕێزیان لێ ناوم ٠٠٠ جارێکی تریش دووپاتـــی ئەوە دەکەمەوە کە پێویستە ئێمە بەشداری بکەین لـــە پارێزگاری کردنـــــی خاکەکەمان ٠٠

خوشکە شیرین عبدالقادر دەڵێ :ـ

با ئێمەش وەك شەهیدە پیرۆزەکانمان خوێنمـــان ببەخشین بۆ ئەم وولاتەی کە ئێمەی تیا پەروەردە بووە ، پێویستە هیچ یەکێك لە ئێمە درێغی نەکات لە بەشداری کردنی ئەم جەنگە پیرۆزە ، هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەیـن کە خۆمان بەخت کەیـــن‌و پشتگیری بکەین ٠٠٠

دایەنگەی ـ پاشماوە

ئێمە دایەنگەکەمان بـــــۆ کارگارانی کۆمپانیـــــای پەرەوری باکورە، بـــــە پێویستمان زانی بیکەین بـە دوو بەش، بەشێـــــــك بەبانی‌یان‌و بەشێك ئێـواران چونکە کارگەکە دوو وەجبە ئیش دەکات٠٠٠٠ هەمـــوو ڕۆژێك سێ جـــار خواردن دەدرێتە هەر منداڵێك بـــە

هاوکاری ـ پاشماوە

سەرکردایەتی هێزەکانـــی محمد قاسم ٠ لـــەوێ دیاری ڕۆژنامەنووسەکان لە لایـەن مامۆســـتا سعد قاســـم حمودی‌یەوە پێشکەش بـــە فەرمانده کردو هەروەهـــا بەرێز فەرماندەی هێزەکانـی محمد قاســـم دروشـــمی هێزەکانی پێشکەش بـــە ڕۆژنامەنووسەکان کردو بـە گەرمی ناوچەوانـــــی جەنگاوەرەکانمان ماچ‌کردو بە هیوای زیاتـــــر بـــــە پاشەڕۆژی ڕووناکتر بۆ گەلی عیراق بە پشتیوانی ئـــەو جەنگاوەرە دڵێرانەو بـــــە ڕابەری سەرکردەی گـــــەل صدام حســـین وەفـــدی ڕۆژنامەنووسەکان دوی‌خوازی کردو گەڕایەوە بەرەو بەسرە٠

● لە سەرکردایەتی هێزی دەریایی ٠

دواکار لە بەرنامـــــەی گەشتی وەفدی ڕۆژنامە ـــ نووسەکاندا سەردان بوو لـــە بارەگای سەرکردایەتـــی هێزە دەریاییـــــەکانو لەوێ لە لایەن جێگری فەرماندەو ئەفسەرەکانەوە پێشـــوازی وەفدەکە کرا ، لە سەرەتادا مامۆستا سعد قاسم حمودی شادمانی ڕۆژنامەنووسەکانی دەربری بەم چاوپی‌کەوتنەو پیـــــرۆزبایـــــی ئـــەو سەرکەوتنانەی‌کرد کە هێزە دەریاییەکانمان بەدی‌هێنان٠ بەرێز جێگری فەرماندەو ئەفسەرە بەرپرسیارەکانی ئەو هێـــــزانە دەربارەی ئەرکەکانی هێزی دەریایمان قسەیان کردوو دووپاتیـــان کردەوە ، سەرەڕای ئـــەوەی ئەم هێزانە تازە پێکهاتوون، بەڵام لەبەر ڕووناکـــــی ڕاسپاردەکانی سەرەکـــی فەرمانده صدام حسین‌و بـــە تواناو لێهاتووی جەنگاوەرەـ کانی لەم ماوە کورتـــــەدا توانرا هێزەکانی دەریایمـان بگاتە ڕادەیەکی وا بەتوانا ، هەر لە سەرەتای جەنگـــەوە مەردانە بەرووی دوژمنـــی چاوچنۆکدا بوەستێ‌و بەرگری لە سەربەســـتی عیـــــراق بکات٠ ئەوەیان دووپات‌کردەوە کە لە سەرەتای جەنگەوە تـا ئیستا توانیومانە ١٦٣ کەرتی دەریایـــــی دوژمـــــن تەفروتونابکەین ، هێزەکانمان بە چاوکراوەیی‌و ئازایەتیـان توانیان دوژمن والێ بکـــەن کە نەتوانێ خەونە چەپەڵەکانی لە ڕێگای ئاوی ســـــنووری عیراقەوە بەدی بێت‌و لـــــە ئیستاو پاشەڕۆژیشـــــدا ناتوانێت‌و ئەمەش بەڵێنـی ئەو جەنگاورە مەردانەیەکـــە بەگیان‌و. هەموو توانایـــــان بەرگری ئازایانـــــە لـــــە سەربەستی‌و ســـــەربەرزی عیراق‌و ڕێبازی شۆڕشـــــە سەرکەوتوەکەی دەکـــــەن بەرابەری سەرکردەی گـــەل صدام حسین ٠

لەهەولێر ـ پاشماوە

کشت‌و کاڵی دادەنرێ ٠ ٠ وەکو جوتیارێك دەچینە ناو کێڵگەکان ، بـــــەڵام لە پال ئەوەدا ڕێگەی زانستی بـــۆ ئەو جوتیارانە دەدۆزینەوە بۆ زیاتر پەرەپێدانی بەرهـەم‌و چوینەتی ٠٠ ئەمەش وا لـــە جوتیار دەکات زیاتر هەست بە ئەرکی خۆی بکاو تەقەللای گەورەتر بدات بۆ پەرەپێدان٠

● هەروەهـــا کاك اســـعد عبدالرحمن کە هەموو ئەشی تۆزو خۆڵ بو بە ڕووێیکـــی زەردەخەنەوە ووتی :

سەرخستنـــی ئـــــەم تاقی‌کردنەوە هەر ڕەکـــو برایان باســـیان کـــرد ، قۆناغێکی نوێیە ، چونکـــە لە ڕووی چوینـــــــەتەوە گونجاوترە ، باشترە لە ڕووی پەینەوە ، سەزباری ئـــەوەی کە تەواوبونی پرۆژەکـــــە ئاژەڵداری دەخاتە بایەخێکـــی ترەوە بەتایبەتـــی لە وەرزی بەهاروو کار دەکاتە ســـــەر قەڵەوبوونی مەڕو مالات‌و زێتر شیر پەیدا کردن کە جاران لەم ئاستەی ئیستـــای‌دا نەبوو ٠

● ئـــەندازیـــار صدیـــق عبدالرحمن دەربارەی بایەخی گەورەی ئەم پرۆژە ووتی :

لە سەرەتای پرۆژەکـــەوە من لەگەڵ تاقی کردنەوەیەکی نوێ دا دەژیم ، زۆر کەلکم لەم پرۆژەیە وەرگرتووە کـــە دەبێتە بناغە بۆ پلانی گەورەی کشت‌و کاڵی لە عیراق‌دا ٠٠

● ئەنـــدازیار خـــەسرەو دەربارەی مەرو مالات ووتی :

زیاتر لە ٣٩٨ ســـــەر مەڕمان هەیەو بەرامبەر بـــەم سەر مەڕانـــــە خەریکـــی تاقی‌کردنەوەیەکی گەورەین کە بریتی‌یە لە بەکارهێنانـی چەند ڕێگەیەکی زانستی لـــە ڕۆڕبونی بەرهەم‌و چۆنیەتی ٠٠ سەرباری ئەوەی کـــــە ژیانمان بۆ ماوەیەکـــی دوور لەم دەشتە فێری نـــــەوەی کردینی کە بە شێوەیەکـــی ڕاستەو خۆ لە کـــاروباری هەرە وەزی بگەین‌و ئەمەش دەبێتە بەردی بناغە بۆ گەلێك پرۆژەی نوێ تر ٠

● بەڵام کاك جۆمرد مصطفی لە بەشێکی تری پرۆژەکـــە ڕای گـــرتیـــــن‌و دەربارەی بەشێکی تری پرۆژە کـــــە قسەی بـــۆ کردیـــــــن بەشی پاك ـ کردنـــــــەوەی مەروماڵات‌و سەر بڕینە بـــە شێوەیەکی زانستی ووتـــی چەندان ئامێری تازە بەکـار دەهێنرێ

● ئەنجا لەگـــەڵ بەرێـــز بەرێوەبەری گشتی پرۆژەکەو هەندێ برادەری ئەنـــدازیار گەڕایەوە گوندی «بە حرکە»و پرۆژەکە هەندێ لایەنـــی لەو گوندەدا تەواو دەبێ ٠٠

لە بەرێوەبەرایەتـــــی پرۆژەکەش مامۆستای ناوبراو لە فایلی پرۆژەکەدا چـــەندان سوپاسنامەو ڕێزلێنانی لـــە بەردەم دانایین کە لە لایـــەن لێ پرسراوانی گەورە لـــــە وەزارەتی کشـــــت‌و کاڵو پارێزگاری هەولێر بۆیـــــان هاتووەو ڕێزیان لەو هەمـــوو تەقەللاو کۆششە ناوە کـــە بەشدارانی ئەم پرۆژەیـــــە دەینـــوێنن وبـــــە توانای دڵسۆزانە دەیانەوێ وێنـــەی دەشت‌و دەوارێکی بە پیـــت

Institut Kurde de Paris

بیروڕای ـ پاشماوە

کوردستانی ئێران ، خۆ هەر بەستنی هاوپەیمانیەکەی نیوان تودەو «قوام السلطە» ئەوەمان بۆ ڕوون «دەکاتەوە کەوا پارتی تودەی ئێرانی بەپێی تەرکیبی سیاسی‌و ئادەولوجیان باوەڕیان بەجۆری جێ‌بەجێ‌کردنی مەسائلی نەتەوایەتی نەبوە وەك هەر گەلێ خۆی دەیەوی ، بەڵکو لەو کاتەدا تازە جیهان لە شەڕی جیهانـــی دووەم بوبوەوە ، یەکیتی سوفیتیش مانـــدوو بـــووبو ، بەرزەوەندی پارتی تودە لەوەدا بـــوە مەسەلـــەی دەرهێنانی نەوتی ئێرانی‌و هەندێ بەرژەوەندی تـری یەکێتی سوفیت ، لەوەدا نیە ئێران ماندوو بکـرێ‌و ئازەربایجان‌و کوردستانی ئێرانی لێ دابڕبکرێ ٠٠٠ ئەم حیساباتەی تودە نەك ئەو ڕۆژەو لە ئێراندا هەڵە بووە بەڵکو هەموو ڕۆژێك‌و لە هەموو شوێنێکـــدا هەر هەڵەیە تەنانەت بەپێی ئایدەولوجیەتی مارکسی‌یش بێ هەر ئەنجامەکەی بەهەڵە دەرئەچێ ٠

ئەوەی جێگای داخە ئەم قەوانـــــە زۆر جـــار لێدەراوەو زۆر جاریشی لێدەدرێتەوە ، تا ڕادەیێـــك دەنگی قەوانەکە زۆر کەرخ بوەو کەم کەس توانای گوێ ڕاگرتنیان ماوە لێی ٠٠٠ تەنها تەرازوێـــك هەبێ و ڕاست بێ ، تەنها سەنگ‌و کێشێك هەبـێ ڕاست بێ مەسەلەی نەتەوایەتی‌و مانی نەتەوایەتـــی هەڵسەنگێنن‌و کێش بکا ، سەنگ‌و تەرازوی نەتەوەکە خۆیەتی نابێ گرێ بدرێ بە بەرژەوەندی نەتەوەیێکی ترەوە ئەگەر هات‌و ئەو بەرژەوەندە دژی بەرژەوەندی نەتەوەنە چەوساوەکەو زۆر لێکراوەکە بێ ، نـــەك تەنها بەرژەوەندی نەتەوە گەورەکەو دەسەڵاتدارەکەبێ با ئەو با دووبارە بگەڕێنەوە سەر دەوری «توده» لـــە شۆڕش گەلانی ئێران تەنها مەسەلەیێك هەبێ کـــە پارتی (توده) لەگەڵی نەبوەو ئاگامی لێ نەبووە ، یان باشتر بڵێین هیچ دەستەڵاتێکی تیا نەبوە مەســـەلەی شۆڕش گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ پێش ئـــەوەی خومەینی بیقۆزێتەوەو بەرهەمەکەی بدزێ بەشـــدار نەبوونی (توده) لە شۆڕشی گەلانی ئێران ئێمە لە نووسینێکاندا کە بەم دواییە لە ساڵ ١٩٨٠ لە چاپماندا وەك نامیلکەیێك لە ژێر ناونیشانی «خومەینی ٠٠ خومە بۆ گەلانی ئێران لەو نووسینەمانـــدا ووتومانـــــە : « پارتی توده لە بەو ئەوەی جەماوەری لە ئێران دوای ڕووخانی حکومەتی (مصدق) ئەماو سەرکردەکانمـــی لە دەرەوەی ئێران ئەژیان‌و دوای شۆڕشی گـــەلانی ئێرانیش ئیسلامیان کرد بو ، بۆیە وەك یەکـــــێ لە دەریا بحنکێ دەست بە پووشەوەش ئەگرێ بـــۆ ئەوەی نەخنکێ ، تودەش وا دیارە دەستی بە ریشـی خومەینی‌یەوە گرتوە ئەمجارە بۆ ئەوەی بژێتەوە ٠لە٩ هەرچەندە ژیانەوەی (توده) لەسەر حیسابی هەمـــوو هێزە نیشتمانی‌و نەتەوایەتیەکانی ئێرانبـــو ، دوای ساڵی ١٩٧٩ ، لەسەر حیسابی حیزبی مجاهـــدینی خەڵق‌و فیدایێتی خەڵق بوو هەروەها لەسەر حیســابی پارتی دیموقراتی کوردستانی ئێرانیش ٠ گەیشـــتە ئەوەی مجاهدینی خەڵق » لە پاریسەوە بەیانێـــــك دەربکەن لەو بەیانەیاندا ئاشکرایان کرد کەوا «توده» مەعلوماتیان دابو بە پاسدارەکانی خومەینی دەربارەی ئاشکراکردن‌و کەشف کردنی بارەگای سەرکردایەتی «مجاهدین خەڵق» لە ناو ئێران ٠٠٠٠ دوژمنایەتـــی «توده» لەگەڵ «مجاهدین» دەگەڕێتەوە بۆ پیشـــەی سەرەکی پارتی «توده»و هەموو پارتیە کۆنیستەکان لەوولاتانی جیهانی سێیەم ٠

کەوا لە هەر وولاتێکی جیهانی سێیەم پارتێکی کۆمونیست هەبێ ئەو پارتی‌یانە بە دوژمنی سەرەکی خۆی ئەزانێ کەوا مارکسی‌لینینین ،ئەك ئەو پارتی‌یانەی کۆنەپەرست‌و بیروقراتین ، لەبەر ئەوەی بەپای ئەوان دەبێ تەنها ئەوان خاوەندی شعاراتی مارکسی بن ئەك پارتێکی تر بەم جۆرە هەڤاڵ «کیانوری» یان باشترو ڕاستر بڵێین ایەالله کیانوری ، ئەخشەی سیاسەتی ئاو دەست ئایەتوسللا کۆنەپەرستەکانی ئێران بو ،لە کاتێکدا هەزارەها لە ڕۆڵەکانی گەلانی ئێرانی بـــە کوردو عەرەب‌و بلوچ‌و ئازەری‌و تورکمانەوە لە سێ‌دارە دەدران‌و بەناهەق دەخنکێندران ،لە کاتێکدا دەنگـــی دەربڕینی نارەزایی گەلانی جیهان دژی ڕژێمـــی خومەینی‌و کوشتن‌و بڕینی دانشتوانی سەرانســـەری ئێران لە دەست ڕژێمی خومەینی گەیشتبوە کەشکەلانی (خومەینی‌و مارکس) یەك دەگرنەوە لـــە مێژوودا» هەرچەندێ ئەم هاوپەیمانیەی نێوان تودەو خومەینی شتی پکەینەوە ، ناگەینە ئەو قەناعەتەی کەوا «کیانوری» یان پارتی تودە ،، تەبیعەتی ڕژێمی خومەینیان نەزانیوە یان قەناعەتیان وا بوو بێ ڕژێمی خومەینی سیوقراطی‌و گروپە عەمامە بە سەرەکانی دەوروپشتی خومەینـــی ڕۆژی لە ڕۆژان دەبنە هاو پەیمانی ڕاستەقینـــەی «تودە» ئەی ئەگەر تودە» ئەم ڕاستی‌یەی زانیبێ ، دەبێ چ هۆیێکی تر ناچاری کردبێ دەست بخاتە ناو دەستی خومەینی‌و ڕژێمەکەی ٠٠؟ تۆ بڵێی مەسەلە «مەکتەبیەکە» بێ «توده» بەم ئەرکە هەڵسا بێ وەك مەکتەبی لەو مەکتەبەکانی (یەکێتی سوفیەت) پـــەو ئیعتبارەی پارتێکی کۆمۆنیستەو سەر بە خەتی یەکێتی سۆڤیتە ، یان لەوانە بێ مەسەلەکە وەك سکەی پارە دوو ڕووی هەبێ‌و ڕووبەکەی تریان مەسەلە مەکتەبیەکە نەبێ ، بەڵکو «توده» یەکێتی سوڤیتی بە هەڵەدا بردبێ ، هەرچەندە باوەڕی ئێمە لەگەڵ بۆ چوونی دووەم نیەو داواش لەو خوێنەرە بەرێزانە دەکەم ڕەخنەمان لێ نەگرن لەسەر ئەوەی ڕەخنەمان لەیەکێتی سۆڤیەت هەندێ هەڵوێستیان ڕازی نین‌و ڕەخنەی لێ دەگرین، دەوڵەتێکی سۆشیالیستی گەورە یەدۆستی ئەناسیـن بە هەموو هاڵیك ، ئەگەر چی لە ملاو لەولا یان لە سەر هەندێ هەڵوێستیان ڕازی نین‌و ڕەخنەی لێ دەگرین، بەڵام هەمیشە یە چاوێکی جیاواز سەیری دەکەیـن‌و بەگشتی یەکێتی سۆڤێتیش دۆستی عیراقە ٠ بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ ڕای تایبەتی خۆمان دەربڕین بەرامبەر گەورەترین هەڵەی تودەو یەکێتی سۆڤیەت لەسەر هەڵویستەکانی سێ ساڵ لەمەو پێشیان بەرامبەر بە ڕژێمی خومەینی ڕەگەزپەرست‌و خوێنڕێـــژی گەلانی ئێران ٠

لەلایەکی ترەوە ئەگەر پارتی «توده» لە سەرەتای لادانی خومەینی لە ئامانجەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران‌و دزینی بەرهەم‌و ڕەنجی هێزە نیشتمانی‌و نەتەوایەتیەکانی ئێران لەو کاتەوە ئەگەر «توده» تاقە پارتی نەپوایا لەگەڵ ڕژیمی خومەینی یەحوکمی پەیوەندیەکانی وەك هێزەیێکی شیوعی ئێرانی ، لەوانەیە ڕژیمی خومەینی نەئەوەندە دەستی درێژ بوایاو نەئەوەندە تەمەنی درێژ بوایا بەهەر حاڵ ئەم ئارایانەش یان ئەم بۆ چوونەش بۆ چونێکی سیاسی نیە ، لەبەر ئەوەی مەسەلەکـــە ڕابوردوە ، ڕابوردوش تەنها دەکەوێتە حوکمـــی مێژوەوە هیچی تر ٠

ئێمە پرسیارێك لە «توده» سەر بە تودەییەکان دەکەین ئایا لە گوێ چ گاتێکدا نوستبون ئەو کاتەی خومەینی لە ١٩

پێشانگایەك لە خانەقین

لە ژێر دروشمی [کوردوعەرەب بە رابەری سەرکردەی مەزنمان صدام حسین بەرگری لە عیراقمان دەکەین]و لە چوارچێوەی چالاکی رۆشنبیریو راگەیاندندا بە بۆنەی رابووردنی سێ ساڵ بەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئازایانەی گەلەکەمانو هێزە

سەرکەوتوەکانمان دژی دەستدرێژی نارەوای فارسیو ئەم چالاکیانە کە سلیمانیو دهۆكو هەولێرو کۆیەو خانەقینو رەواندوزی گرتەوە ، دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی قەزای خانەقین پێشانگایەکی بۆ دە هونەرمەندی لاو پێکهێنا کە بریتی بوون لە هونەرمەندان [نیازصالح ، هەفاڵ بێکەس ، سامان دەربەندی ، ابراهیم شکر ، محسن جعفر ، عادل محمود، احمد مصطفی ، احمد عزالدین ، سمیر عبدالله ، موفق عبد الحمید)و پێشانگاکە لە لایەن بەرێز قائمقامی قەزاوە رۆژی ١٩٨٣/٩/٢١ کرایەوەو ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری شاری خۆراگرتوی خانەقین ئامادەی بوون ، کە لە رووباندا تیشکی سەرکەوتنی عیراقی مەزن دەدرەوشایەوە، پێشانگاکە سێ رۆژی خایاند ٠

چالاکی رۆشنبیری دەزگاکەمان لە یادی سێ ساڵەی جەنگی رەواماندا

بەبۆنەی تێپەڕبوونی سێ ساڵی رەبەق بەسەر جەنگی رەوای گەلەکەمان ، لەرۆژی دەسدرێژیە تاوانکارانەی عەجەمە رەگەزپەرستەکانو لەپێناوی پاراستنی خاكو شەرەفو دەسکەوتە مەزنەکانی گەلی ئەبەزماندا ٠٠

لەسەرەتای ئەم مانگەوە ، دەزگاکەمان کەوتە خۆ وبەرنامەیەکی فراوانی بۆ ئەم بۆنەیە تەرخان کرد وسەرانسەری کوردستانی گرتەخۆی ٠٠ ئەوەبوو لەشاری شیرینی دهۆکدا ،سێ چالاکی نواند کە صەر لە ئێوارەی رۆژانی ١١-٩/١٢ ١٩٨٣ گرتە باوەش :

١ ـ سەر لەئێوارەی (٩/١١) ، کۆڕێکی زۆر فراوان لەلایەن کاك (سەگفان عبدالحکیم)ەوە بۆ سترانبێژی ناسراوی کورد (محمد عارفی جزیری) رێکخراوو جزیری خۆیشی ئامادە بوو ، بەدورو درێژی لەبارەی ژیانو بەهرەو توانای ئەم هونەرمەندە رەسەنە قسە کراو خەلکێکی زۆریش بەشداریان تێدا کرد

٢ ـ لەسەر لەئێوارەی رۆژی (٩/١٢) شدا خەلکی تامەزرۆی شار ، لەگەڵ دوو کۆڕ روبەڕوو بوونەوە ٠٠ یەکەمیان باسێکی بەنرخی کاك (مختار فایق) بوو ، لەبارەی دەسدرێژیەکانی فارسە تاوانکارەکان لەدژی گەلی عیراق بەگشتیو گەلی نەبەزی کوردمان بەتایبەتی کەلەلایەن کاك رەمەزان عیساوە (نجیب بالایی- جلال دهۆکی-پێزانی ئالنجانی -هزرەفان عبدالله -نەزیر عەلی -اسماعیل سلیمان) هەریەکە لەنێوشەپۆلی شادمانییداقەسیدەکانی خۆیان خۆیندەوەو گەلێ سروودیان بۆ خاكو مرۆڤودەسکەوتەکانی ئەم وڵاتە چریکاند ، لەهەمان کاتیشانەوەیان دووپات کردەوە ،کەجەماوەری بەجەرگی کوردستانی عیراق سوورنلەسەر تێکۆشان وقوربانیدان، لەپێناوی نیشتمانەکەیانو خەباتی بێوچانیش ئەکەنلەدژی دەسدرێژییەملهوڕانەکەی تاقمی جادوبازی خومەینیوونارەزایی خۆیشیان بەرامبەر تاوانەکانی حکومەتی دڕندەی تاران لەدژی گەلی کوردلەکوردستانی ئێران دەردەبڕن ٠٠٠

ئەوەی شایانی باسیش بێت هەر دووکۆڕو ئێوارەشیعرەکە ـ بەسەریەکەوە ـ ئۆ سەعاتی رەبەقی خایاند ٠

دووکۆڕو ئێوارە شیعرێك لە دهۆك

لە هاوینەهەواری صلاح الدین

پێشانگای هونەرمەند یوسف برادۆستی

لە ٦ تا ١٩٨٣/٩/١١ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ـ لقی هەولێر (بەشی صلاح الدین) پێشانگایەکی بۆ کارە هونەریەتەشکیلیەکانی هونەرمەند یوسف برادۆستی کردەوە ٠

بەرێز بەڕێوەبەری ناحیەی هاوینەهەواری صلاح الدین پێشانگاکەی کردەوەو بە ئامادەبوونی لێپرسراوی رێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست وژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان ٠٠

برادۆستی دەربارەی پێشانگاکەی بە پەیامنێری هاوکاری وت :

ـ لەم پێشانگایەمدا ٢٦ تا بلۆم پێشکەش کردووەو ، بابەتەکانیم لە خۆشەویستی مرۆڤی ئەم وڵاتەو گەورەیی پارستنی خاك هەڵێنجانوە ٠٠

هەروەها وتی :

ـ ئەمە یەکەم پیشانگام نیە ، بەڵکو پێشتر لە ساڵی ١٩٧٨دا لەگەڵ کۆمەڵی هونەرمەنددا پیشانگایەکمان کردەوە ، هەروەها لە پیشانگایەکی یەکێتی لاوانی هەولێر بەشداریم کردووە ٠٠

● کامە تابلۆت لا زۆر پەسەندە ؟

ـ (دێروکا گوندێمە) ئەو تابلۆیەیە کە شانازی پێوە دەکەم ٠٠ بێگومان خۆم بە خاوەنی هەموو تابلۆکانی تریشم دەزانم ٠٠٠

عبدالوهاب تاڵەبانی
لقی هەولێر

چالاکی رۆشنبیری جەماوەری لە سلیمانی

● **باسێك دەربارەی تەسەوف :**

لە باخچەی نووسەران ، هەفتەی رابووردووتر مامۆستای شاعیر حسیب قەرەداخی لە چوارچێوەی چالاکی رۆشنبیری ئەم وەرزەی بەریۆبەریتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی باسێکی لە کۆرێکی فراواندا دەربارەی تەسەوف پێشکەش کردو جەماوەرێکی زۆری ئەدەب دۆست ئامادە بوونو کۆرەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند ٠

● **باسێك دەربارەی هونەری شانۆ**

هەر لە چوارچێوەی چالاکیەکانی ئەم وەرزەی رۆشنبیری جەماوەردا لە سلیمانی هونەرمەند کەمال هەنجیرە باسێکی دەربارەی هونەری شانۆ پێشکەش کردو ئەوانەی بایەخ بەم لایەنەی هونەر دەدەن لە کۆرەکەدا دەمەتەقێیان دەربارەی ئەم باسە کرد ٠

● **کۆڕێکی رۆشنبیری لە هەڵەبجە :**

هەروەها لقی بەژەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە هەڵەبجە کۆرێکی بۆ مامۆستا ساجد ئاوارە ساز کرد ، کە تیایدا باسێکی دەربارەی دوو شیعرە بە ناو بانگەی نالیو سالم پێشکەش کردو ژمارەیەکی باشی خەلکی ئەدەب دۆست ئامادەی کۆرەکە بوون ٠

جیهانی رەنگاورەنگ

فانی ئەردان
هەر لە ئیستەوە لە لووتکەدایە

فانی ئەردان ناوێکی تازەیە لە جیهانی سینەمادا لە ساڵی ١٩٨١ەوە ئەستێرەکەی لە گەشەکردندایە ٠

پاش ئەوەی فرانسوازروفوی دەرهێنەر لە تەلەفزیۆنەوە بەرەو سینەمای برد چەندەها دەوری خرایەبەر بەڵام بەپێچەوانەی کچە ئەکتەرەکانی ترەوە ئەو فلیمو دەورەی بە دڵی نەبێ بەشداری تیا ناکا ٠

کارەساتی تانکەرەکە

خەریکی پێچ کردنەوەبوو بەدەوری ئەفەریقای خوارووداکاتێ کتوپڕ ئاگری تێ بەربوو بە جارێ ملیۆنەها تەن نەوت بڵاوبووەوە بە ناو ئاوی ئۆقیانووسدا ٠ یەکسەر چەندەها کەشتی فریاکەوتنو فرۆکەی هیلیکوپتەر رویان کردە شوێنی کارەساتەکەو توانیان ٣٦ کەس لە دەریاوانە ڕزگارکەن ٠ پاش دوو ڕۆژ گەڕان دەرکەوت کەوا سێ دەریاوان لەناوچوون بەڵام پەلەی نەوت ملیۆنەها کیلۆمەتری چوارگۆشەی ئۆقیانووسی گرتەوە ٠٠ هەرچەندە ئەم پەلەیە دوور لە خاك دەڕوا هێشتا ترسی ئەوە هەیە کە با بەرەو خاك بێگەڕێنێتەوەو زیانێکی زۆر گەورە بە خواروی ئەفەریقا بگەیەنێ ٠

لافاوە مێژووینیەکەی بەرازیل

بەرازیل لەم چەرخەدا بارانی وەك بارانی ئەم هاوینەو لافاوی وای لەم سەدەیەدا بە خۆیەوە نەدیوە٠ بەجارێ بە دەریایەکی گەورەو زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ئاوا خنکانو سەدان هەزار بێ ڕێوشوێن مانەوە ٠ چەندەها ڕانەمەڕو گەلە گا ڕێگاو بانێکی زۆر بوون بە ژێر ئاوەوە ٠٠ هەندێ فرۆکەوان وتیان شوێنەواری چەندەها دێ بە جۆرێکی وا ون بوە ناریەلی تەلەفزیۆنی ماڵەکان نەبێ ڕێیان پێ نابرێ ٠

دەستهێنانەوە بە بورجی ئێفلدا

چوار ساڵ لەمەوبەر بورجی ئێفل بە بارێکی سەختدا تێدەپەڕی بەجۆرێکیوا ئەندازیاران لایان وابوو بورجەکە خەریکە بکەوێ ٠لەو ٥ر٢ ملیۆن بزمارەی کە تیایا بەکار هێنراوە یەکێکیان نەگۆڕابوو و ئەسانسیۆرەکەی سەدەی نۆزدەیشی یەکی کەوتبوو ٠٠ بەڵام پاش تەرخان کردنی ٢٧ ملیۆن دۆلار بۆ چاککردنی بورجەکە دەبێ چەندەها تەن ئاسنو کۆنکرێتی شۆڕبووەوە لابرێو ئەسانسیۆری تازەی تیا دابنرێ ٠

بەتایبەت لە گۆڤاروڕۆژنامەکانەوە بۆ «هاوکاری» کراون بەکوردی

جیهانی منداڵان

ناسکە نان

چیرۆك بۆ منالان
سەعدی عەلی

گوڵاڵەو سکاڵا لە دوای مەڵکۆنینی چاویان وەکوو جاران لە جێگاکەیان دەرپەڕینو خۆیان گەیاندە لای دایکیان لە تەنیشت «کەوڵو فەرشە » کەوە قیت دانیشتن ، وا ڕاهاتبوون هەریەکەی ئەگەر ئەوشەوە خەونێکی بدیبا ئەوا زوو هەوڵی دەدا پێش ئەوی تر بکەوێ بۆگێڕانەوەی ٠٠٠ دایکیشیان بەپێی بیری ئەوان خەونەکەی بۆ شی دەکردنەوە ٠٠٠ گوڵاڵە بەتەمەن لە سکاڵا گەورەتر بوو ٠٠ !! ئەوشەوە خەونی زۆریان دیبوو٠٠ ووشەکانیان تێکەلاو دەبوون ، دایکیان ووشەی هێچکیانی لەیەك جیا نەدەکردەوە ، لەپڕ ووشە ئالۆزەکانیانی بچڕاند ٠٠٠ !!

ـ گوێتان لێیە «هیوا»ی براتان لەناو پێشکەدا خەریکی گریانە ٠٠٠ !!

ـ جابۆ ناچی ژیری کەیتەوە ٠٠٠ ؟

ـ نابینن وا نانتان بۆ دەکەم ٠٠ ئێوە هەلسن لەناو پێشکەکەدا دەری بێنن و بۆم بێنن تا کەمێ هەمکی بدەمێ و ژیری بکەمەوە ٠ ئەوجا لەبری ئەم کارەتان ناسکە نانێکتان بۆ دەکەم ٠٠٠٠ !!

هەردووکیان بەجووتە بۆلای پێشکەکە رایان کرد ، سکاڵا زوو پەلاماری دایە ٠٠ بۆئەوەی دەری بهێنی ٠٠ ٠٠ گوڵاڵە دەستی گرت

ـ من دەری دێنم ٠٠ من گەورەترم لەتۆ شارەزاترم ٠

ـ ئەمەش بۆتە گەورەیی ٠٠! ئەوجارە من دەیکەمەوە ٠

ـ دەتەوێ ئاسکە نانەکە بۆ تۆبێ ٠٠؟ ٠٠ بەتەنیا ٠٠

ـ بەیەکەوە دەیخۆین ٠٠

ـ لاچۆ با دەسرازەکەی بکەمەوە ئەوساکە پێت دەڵێم ٠٠٠

لە پرکێش پرکێشیی «من دەیکەمەوە ٠٠ تۆ نای کەیەوە » پێشکەکە بەربووەوە تیژەی هیوای برایان گەورەتربوو٠٠دایکیان ساجەکەی بەجێ هێشتو گەیشتە سەریان ٠

ـ ئەوە چیتانە ٠٠ خۆخەریکن براکەتان بخنکێنن ٠٠ !!

باسەکەیان بۆ دایکیان گێڕایەوە ئەویش پێی ووتن !

بڕوانە ل : ٧

پۆستە

● **بەرێزان :**

معتصم عوزیری ، حمید عثمان ، نەوزاد علی ، صلاح الدین صالح ، فاروق فەتاح ، رشدی عزیز ، طە خۆشناو ، فواد دەژی ٠

● **هەروەها خاومن ئەم بەرهەمانە :**

گۆرانی فولکلۆری ، هەنگەزەردە ، سێ ماسی ، پاداشتی چاکە ، رەگ ، من قوتابیم :

لەگەڵ رێزو سوپاسمان بەرامبەر بەشداربوونتانو ناردنی بەرهەم بۆ جیهانی منداڵان بەڵام ببورن لە بڵاونەکردنەوەیان چونکە : یان دووبارە بوونەتەوە ، یان دورو درێژ بوون کە گۆشەکەمان بە قەدەری نیە، یان لەگەڵ ئارەزو تەمەنی منداڵان گونجاو نەبوون ٠ هیوادارین بەردەوام بن لە پەیوەندیو هاوکاری بە شتی بە کەڵك ترو سوپاس ٠

شوان صلاح شوان

شیرین عونی

سەرمەد دلشاد

سالار دلشاد

اسامە اسعد

هاوکاری

بەغداد : شەقامی « الخلفاء » / تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥
مەیدانی « الخلانی » / پێنج خەت

Institut Kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی نەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
● هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی جوتیاران لە سلێمانی ل٠٢
● بەشی سێیەمی یادی ٢٠٠ ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی ل٠٣

● پێنج شەممە ١٩٨٣/١٠/٦ ژمارە ٧٠٦ ● ٨ لاپەڕە ● بە ٥٠ فلسە ● الخميس ١٩٨٣/١٠/٦ العدد ٧٠٦ ●

لە گفتوگۆیەکی گرنگی بەریز سەرەکی فەرماندە صدام حسین دا بۆ رۆژنامە نووسێکی فەرەنسی :

ئێمە سەربەخۆین و ئەمەیان شتی بنەڕەتیە لە سیاسەتماندا



بەریز سەرەکی فەرماندە صدام حسین وتی : جەنگ تاکە وەسیلەی بنەڕەتی دەربڕینی ژیان نیە بەڵکو هۆیەکی ناچاریە کاتێ ژیان دەکەوێتە بەر مەترسی٠ بەریزی لە گفتوگۆیەکی بنەڕەتی بۆ بارودۆخی سەرتاپاگیریدا لەگەڵ نووسەرو رۆژنامە نووسی فەرەنساییدا شارل سان بڕۆی سەرەکی لیژنەی ئاشتی فەرەنسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر وتی : ئەم روانینە یان ئەم یاسایە لەوانەیە هەندێ جار لە عەقڵی هەندێ کەسدا سەرەوژور دەبێتەوەو وای لێك دەدەنەوە وەك یاسای ژیان ٠

سەرەکی بەریز رونی کردەوە کە ئەمە ئاسایی کاردەکاتە سەر ئارەزووی خۆیی نەخۆش و لەرێ لادەر یان بیرورایەك لەسەر ئەساسی روانینی خۆفراوانکردن یان بەهۆی گۆشەگیری لەژیان دروست بوبێ ٠

بەریز سەرەکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی کردەوە کە ئێمە لەوان لەلێران وێرانکاری دەکەن ، ئێمە رابەری ژیان دەکەین ئەوان هەوڵی گێرانەوەی دەدەن بەرەو دوا ، ئێمە منداڵ پێدەگەیەنین و گۆشیان دەکەین ئەوان دەیانێرنە بەرەکانی شەڕ تا بکوژرێن٠

« ئەمەو دەقی گفتوگوکەی سەرەکی فەرماندە لەژمارەی داهاتوودا بڵاودەکەینەوە »

فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیمان بنکەو مۆڵگاکانی دوژمن ئاگربارانیان دەکەن

بەتواناو باوەڕی پتەوەوە، هێزە دلێرەکانی سوپای ئازای عیراق لە هەموو کەرتەکانی بەرەکانی جەنگدا، بەردەوامن لە بەرەنگاری مەردانەی هێزەکانی شەرخوازو داخ لە دڵی ڕژێمی ئێران ٠

لە ماوەی هەفتەی رابووردووداو بەپێی بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ، هێزەکانمان زۆر جار دەستی مەردانەیان لە بنکەو مۆڵگاکانی دوژمن وەشاندوە ٠

لەم هەفتەیەدا ، هێزەکانی هێزی ئاسمانی سەرکەوتوومان ، چەندان پەلاماری مەردانەی کردۆتە سەر بنکە عەسکەریەکانی دوژمن بەرامبەر بە هێزەکانمان و لە قوڵایی خاکی ئێراندا و ئاگری لە زۆر بنکەو مۆڵگایان بەرداوەو زیانی سەرومالی زۆریان بە دوژمن گەیاندوەو ئەم هەڵمەتانە کەرتەکانی خوارووی ناوەڕاست و باکوریان گرتۆتەوەو هەموو هەڵمەتەکان سەرکەوتووبوون و نیشانە دیارەکانی دوژمنیان راستەوخۆ پێکاوەو هەموو فڕۆکەکانیشمان پشت بە خوا بە سەلامەتی گەڕاونەتەوە بنکەکانی خۆیان٠

دیسان ئەم هەفتەیەش دیاردەی هەڵاتنی سەربازە ئێرانیەکان و خەڵکی تری ئێرانی لە دەست جەورو ڕژێمی خومەینی ڕەگەزپەرست و پەنابردنیان بۆ لای هێزەکانمان بەردەوام بووەو هێزەکانمان هەموویانیان بە سەلامەتی گەیاندۆتە هێڵەکانی دواوە ٠

لەم هەفتەیەدا ، چەندان جار مەفرەزەکانی هێزە جەنگاوەرەکانمان ، هەڵمەتی شێرانەیان بردۆتە سەر بنکەو سەنگەرەکانی دوژمن کە بەرامبەر بە هێزەکانمان لەسەر سنوورو زیانی گەورەی سەرو ماڵیان بە دوژمن گەیاندوە ٠

دیسانو هەروەك جاران، دوژمنی داخ لە دڵو ڕەگەزپەرستی چەپەڵ لەم هەفتەیەدا بەردەوام بوە لە بۆردومانی نامەردانەی شوێنە شارستانیەکانی شارەکانی سەر سنوور لە بەسرەو مەندەلی و خانەقینو خورماڵو سەید صادقو ئەم هەفتەیە تاوانێکی چەپەڵی نامەردانەی کرد بە بۆردومانی گوندی شانەدەریو بووە هۆی کوشتنو بریندار کردنی ژمارەیەکی زۆر پیرو منداڵو ئافرەتی بێگوناه ، بەڵام ئەم کارە دڕندانەیەی دوژمن چەپەڵ عەزم و تینی گەلی عیراق زیاتر پتەو دەکات لەسەر دەرس دادانی دوژمن تامل کەچ دەکاتو ئاڵای سەربەرزیو سەرکەوتنی عیراق هەر بەرز دەشەکێتەوە ٠

هاوڕێ سعدی مهدی صالح سەر لەو بریندارانە دەدات کە لە شانەدەری بەر تۆپی دوژمن کەوتوون

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتریو رازگری نهێنی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعسی عەربی سۆشیالیست سەری لەو بریندارو پێکراوانەی دێی شانەدەری سەر بە پارێزگەی سلێمانی دا کە ئەنجامی ئەو بۆردوومانە بەرکەوتن کە ڕژێمی داخ لەدڵی ئێران کردیو لە خەستەخانەی کۆماریو ئەعلیمی لە سلێمانی راکشاون ٠

هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی قوتری سلاوی بەریز سەرەکی فەرماندەی بە بەبریندارو نە خۆشەکانی خەستەخانەکە گەیاندو خواستی بەریزیانی دەربڕی بەزوو چاك بوونەوەیان ٠

لەم سەردانەی هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبدا بەریز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانیو هاوڕێ رازگری نهێنی شوعبەی سلێمانی حزبو ژمارەیەك لە لێپرسراوانی پارێزگەی ناوبراوی لەگەڵبوو ٠

لە لایەکی ترەوە هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتریو رازگری نهێنی نووسینگەی باکووری حزب کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانیو هاوڕێیان رازگری نهێنیو ئەندامانی سەرکردایەتی شوعبەی سلێمانی حزب کبزدوو کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە باس کردنی پلەی دەزگا خزمەتگوزاریەکانی پارێزگاکە ٠

هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزب لە کۆبوونەوەکەدا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە دەزگا بەرێوەبەرێتیەکانی حزب بۆ ئامادەکردنی جەماوەرو بەشداری کردنی زیاتری چەندە جێی بایەخە بۆ بەرزکردنەوەی سەرکەوتنەکانی شەڕی شەرەفمەندیو کەرامەت ٠٠ شەری قادسیەی صدامی مەزن ٠

ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردستان بڕیاری لەسەر بۆدجەی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ئەدات

● بەتەلەفون لە لقی هەولێرەوە

ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی ئاساییدا کە بەریز احمد عبدالقادر نەقشبەندی سەرەکی ئەنجوومەنەکە سەرەکایەتی ئەکرد بڕیاری لە سەر بۆدجەی ساکارو قەبڵێنراوی ئەنجوومەنی یاسادانانو راپەراندنو ئەمینداریتیە گشتیەکانی ناوچەکە بۆ ساڵی ١٩٨٤دا ٠

بەریز ئەمینداری گشتی بەریوەبەرایەتی کاروباری ئابوریو دارایی ناوچەکە بە کورتی بۆدجەکەو ئەو لایەنانەی کە بۆ ئامادەکردنی بایەخی هەبە پیشاندا ٠

بودجە کە بە زۆری لایەنی تەندروستیو پەروەردەیو کۆمەلایەتیو ئاینی گرتەوەو

بروانە ل : ٧

ئەنجوومەنی راپەراندن دەمەتەقێی کاروباری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکات

بەریز جمال حاجی شریف سەرەکی ئەنجوومەنی راپەراندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا کە خۆی سەرەکایەتی ئەکرد باسی ئەو شتانەی کرد کە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەم دوایە لە بەغدا باس کراون

بەریز سەرەکی ئەنجوومەنەکە داوای لە بەریزان ئەمینداران گشتیەکان کرد کە پشت بە ڕێنیشاندانو بەردەوام بونی بەریز سەرەك صدام حسین نیشانەی کاری ڕۆژانەیە بۆ بەرێکردنی کاری هاوولاتیانو بەشوێنداچوونی کاری ئەو

بروانە ل ٧

سەرەکی فەرماندە بۆ لاوان دەروێ و دووپاتی دەکاتەوە :

بەرگری لە نیشتمان بیرو باوەڕە

بەریز سەرەکی فەرماندە صدام حسین ووتی : ئێمە نامانەوێ تەنیا خۆرمان لەسەربێو بە تیشکی شادبین بەڵکو لە سەرمانە خۆر دروست بکەین و ئەمەیشە قەدەری نەوەی نوێی عەرەب ٠

بەریز سەرەکی فەرماندە لە ووتەیەکدا لە کاتی پێشوازی بەشدارەکانی دووەم کۆڕی هاوکاری لاوانی عەرەبدا ڕایتر ووتی : لە جیهانی ئەمڕۆدا هەر نەتەوەیە خۆری خۆی هەیەو کەس ناتوانێ خۆری خۆیتان باتێ لەسەرتانە خۆری خۆتان دروست بکەنو ئینجا بەشداری بکەن لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بۆ دروستکردنی تیشکی بەربڵاوتر ٠

ئەمەو لە پێشوازیەکەدا هاوڕێ سمیر محمد عبدالوهاب ئەندامی سەرکردایەتی قوتری و ئەمین سری نووسینگەی قوتابیو لاوانی مەرکەزی حزبی بەعسی عەربی سۆشیالست ئامادەبوو ٠

ئەمەش دەقی ووتە بەنرخەکەی سەرەکی فەرماندەیە :

بەخێر بێن بەسەرچاوبرایانی عەرەبو ئەو میوانانەیان کە وەك چاودێری کەر هاتوون ٠

بەخێرهاتنی عەرەبەکان دەکەین لە وڵاتی خۆیاناو لەناو کەس و کاریاناو ئەوان خاوەنی فەزڵن چونکە هەنگاوی دوورتریان ناوە ٠

برایان لە سەرەتاوە ئێمە ژیانمان بە لەدایکبوون زانیوەو لەگەڵی منالی بچووکدا دێ بەڵام لاوان پێشەوایەتی دەکەنو ڕەنگە هەندێك بڵێن لاوان پێویستیان بە ژیریەو لایان وایە لاوێتی قۆناغی پێشکەوتوو و زووی سەرەتای لاویە لە کاتێکدا قۆناغی لاوی دەست پێدەکا بەڵام تا سەرەتای کاملی کۆتایی نایێو ئەمەیش قۆناغیکی درێژە تا کاملی دەست پێدەکاو پاش ئەویش پیری ٠

ژیری لای لاوان هەیە

هەر لە سەرەتایشەوە لامان وابوەو نیستایش لامان وایە کە وەك چۆن شارەزایی بە کارکردن پەرەدەسێنێو قووڵدەبێ ژیریش پەرەدەسێنێو قووڵتر دەبێ بە هەڵگرتنی باری نەتەوە بە بینینو بە کردەوەو بەرەو پێشەوە دەڕواو چونکە لاوانی نەتەوە لەم قۆناغە مێژووییەدا ئەرکی نەتەوە هەڵدەگرن لە بینینو کردەوەدا ئێمە لامان وایە ژیریان لا هەیە بێجگە ئەو توانایەیان کە لە بن نایە بۆ ڕووبەڕووبونی زەحمەت ج لە بواری تێکۆشاندا یا لە بواری بنیاتناندا ٠

نەتەوەی عەرەب ــ وەك دەبینین ــ بە قۆناغی دروستبووندا تێدەپەڕێو ژیانی گەلانو نەتەوەکان ژیانێکی زیندووەو بەو جۆرە دروست دەبێ کە ڕەگەزە پێشەواکان تیایانا بیانەوێو تووشی زەحمەنیش دەبێ وەك هەموو دروستبوونێکی تازە ٠٠ چونکە تێکڕا ئەو ڕەگەزانەی دژی پەیدابوونی ژیانن هەموو تواناو پاشکەوتیان بەکاردێنن بۆ ڕووبەڕووبونی دروستبوون بەڵام کە ژیانەکە دروستبوو ئەو ڕەگەزانەی دژین دەستدەکەنە سەرشۆڕکردن بۆ ڕاستیو ئەنجا خەریکی چاوەڕێکردن دەبن یا ئەو لەشەی کە دروستبووە یا ئەو حاڵەتە زیندوەی کە پەیدابوە کونوکەلەبەری تێدەکەوێ لە ڕێبازی درێژدا٠٠ برایان نەتەوەی عەرەبیش وەك دەزانن و وەك وتمان بە قۆناغی دروستبووندا تێدەپەڕێ بە ڕێگای ڕاستدا بەرەو خۆر بۆ سوودلێوەرگرتنو پیشەسازی ٠٠ ئێمە نامانەوێ هەر سوود لە خۆر وەرگرین بەڵکو پێویستە خۆر دروستکەینو ئەمەیە چارەنووسی ئەوەی تازەی عەرەب چونکە هەموو نەتەوەیەك خۆری خۆی هەیە لە جیهانی ئەمڕۆداو هیچ کەسێ خۆری خۆیتان ناداتێ لەبەر ئەوە دەبێ خۆری خۆتان دروستبکەنو ئەنجا لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بەشداری بکەن لە دروستکردنی ڕووناکی گشتیدا ٠٠ ڕووناکی ئادە میزاد هەموو کە هیچ سووچێکی تاریکی تیانیەو هیچ شوێنێکیش تیا نیە بۆ کلۆڵیو دەردیسەری ٠

دەورێکی بڕیاردەرو سەرەکی

بێگومان ڕێگایەکی بەتامە چونکە ڕەگەزی ڕاکێشان تیایا بەرەو پێشەوە سەرەکیە وەك چۆن ڕەگەزی پاڵپێوەنان لە کردەوەی دروستکردنی تازەدا کە لاوان دەورێکی بڕیاردەرو هەروەها سەرەکی تیا دەگێڕن ڕاکێشەرە ٠ کاتێ کە ڕەگەزی پاڵپێوەنان هەبێ لە لاواندا و لە مێشك و لە گیانو لە بازوو و لە خوێنی گەرمدا وەك چۆن هەبێ لە ئەقڵی لەسەرخۆی ژیرداو کاتێ کە ڕەگەزەکانی ڕاکێشان بەرەو ئامانجە دوورەکان پرشنگێکی دیارو ڕەوایی یەکی ئاشکرای هەبێ ئەو کاتە ڕێگای سەرکەوتن بە هەورازدا ئەگەر ماندوویش بکا هەر بەتامە ٠

دوژمنانی نەتەوە هەر باسی کونوکەلەبەرەکانی

بروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

لەبەر ووناکی ووتە گرنگەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌دا

بەشی سێیەم

راستی و دەنگی راستی

لەماوەی دەیان ساڵدا ، تاقمەکەی بارزانی‌و دارو دەستەکانی کاریان ئەوە بوو دیواری گومان لەنێوان جەماوەری کوردو دەستەڵاتداریەتیەکاندا دروست بکەن ، بەر لە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموز بیانوویان بۆ ئەم مەبەستە بەسەر زۆربەی خەڵکدا رەت دەبوو، بەڵام ئەوان کە سوورببوون لەسەر مەمان هەڵویست‌و بەڵکوو دوای شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمووز ئەم تەقەللایە شێوازی زیاتر خەستی وەرگرت ، چونکە شۆڕش بەجدی کاری بۆ چارەسەری مەسەلەکە دەکردو ، بەڵکو دوای شۆڕش بەیارمەتی زۆر لایەنی دەرەوەو ناوەو یارمەتی تاقمەکەی بارزانی درا بۆ ئەستور کردنی دیواری گومان لەنێوان جەماوەری کوردو دەستەڵاتداریەتی نیشتمانیدا ، هەتا هەندێ لایەن کە خۆیان لەریزی نیشتمان پەروەر دادەنا راستەوخۆو هەندێ ناراستەوخۆ دەوریان لەمەدا دەبینی ، تا رادەی ئەوەی زۆر کەسی نیشتمان پەروەری بێلایەن دەکەوتنە ژێر تأسیری ئەو گومانەوە یان تأسیری سڵ‌کردنەوە لەو هێزە وەهمیەی بارزانی خۆیی پێ فەرز کردبوو بەسەر خەڵکدا ، خۆ ئەگەر ، لایەنێ یان کەسێك ئەو نیشتمان پەروەرو پاکانە بیریان لەیارمەتی دانی دەستەڵاتداریەتی نیشتمانی بکردایەتەوە بۆ بەجێهێنانی گەرکی خۆیان بەرامبەر گەلی کورد ، تا رادەی تەصفیەی جەسەدی موحارەبەیان دەکراو ئەگەر واش نەبوایە ، هیرشێکی پروپاگەدەی وایان لەناو خەڵکدا لەدژ دەکرا ، لە ژێر باری کۆمەڵایەتی پر گرێی خەڵکی ناوچەکە ناچار دەبوون پەنا بگرن‌و وەك بێلایەن بوەستن .

[ئەوەی یاسای چاکتری بوێ لە دەولەتی مەرکەزی یان لە ئۆتۆنومیدا ، دەبێ بە دڵسۆزی کار بکات‌و هەل بدات بەو خەڵکەی بیر لە حالەتی چاکتر دەکەنەوە ، تا بیر لە حالەتی چاکتر بکەنەوەو یاسای چاکتر دابنێن(؟)] .

ـ ٥ ـ

هەر کە شەڕی عیراق‌و ئێران دەستی پێ‌کرد ، لای هەموو دووربینێ لەناو جەماوەری کوردا دەزانرا ، کە کورەکانی بارزانی‌و تاقمەکەیان لە خۆیانەو لەباوەشی شاوە نە گوێزرانەوە بۆ باوەشی خزمەینی ، ئەو تاقمە بەکردەوەی زۆر دیاری‌وا کە بۆ لێکدانەوەو ساغ کردنەوەیان پێویست بە خۆ میلاك کردن ناکات ئەوەیان سەلمانەوە کە لە تاقمێ «مورتەزەق» بەولاوە هیچی تر نین‌و فریان بەو دروشمانەوە نیە کە خۆیان لەژێر یا شاردۆتەوەو خۆیانی بە خەڵکی ساکاری ناوچەکە پێوەدەردەخەن ئەوانە ، بەر لەوەی دوژمنی کەسی تربن بە کرددو ئەنجامی کردەوەکانیان دوژمنایەتی لەگەڵ خواستەکانی گەلی کوردو سوودز قازانجیا دەکەن ، گەلی کورد لە عیراقیش‌و لەئێرانیشدا ، ئەی ئەوان نەبوون ، بەر لەوەی ببنە دەلیلی زەلیلی پاسدارەکانی خومەینی لە هەوڵدانیا بۆ شکاندنی سنووری عیراق لە کوردستانەوە هەر ئەزان نەبوون دەلیلی رەزیلی پاسدارانی خومەینی بوون ، بۆ ستواندنی گوندەکان‌و کوشتن‌و برینی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا ، دوای ئەوەی بۆ سەندنی حەقی دەوای خۆیان چەکیان بەرووی رژێمی خومەینی‌دا هەڵگرت، بۆیە دەڵێین ، هەموو کوردێکی بەشەرەفی بەراست مونتەمی بۆ نەتەوەی کوردو بەتەنگەوە هاتووی پاشەڕۆژی گەلی کورد ، هەواڵی بوونی تاقمەکەی بارزانی بە دەلیلی زەلیلی لەشکری ئێران بۆ سنووری عیراقیان بەلاوە سەیرنە بوو ، ئەو کوردە نیشتمان پەروەرە شەریفانەی چەندان جار بە ئاگری کردەوە نارەواکانی ئەو تاقمە نەگریسە سووتاون بەلایانەوە سەیر نەبوو ، چونکە دەزانن ئەوانە ئەرکیان ئەوەیەو دەمێکە ئەوەندە شیری خیانەتیان خواردۆتەوە لەو ئەرکە زیاتریان پێ رانابەرێ ، ئەوانە تەوقێك بوون لە ملی گەلی کوردماندا ، پێ داگرتنی سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموزو بەتحدید سەرەك صدام حسین نەبووایە لەسەر فەضح کردنیان‌و چوون بەگژیاندا، تا رادەی دەرپەڕاندیان ، ستەم بوو گەلی کورد بەئاسانی خۆی بیتوانیایە لەژێر باری ئەو دەجال‌و خۆفرۆشانەدا رزگاری ببوایە .

نیستاش ئەوەی لەسەر ئێمەی کورد پێویستە ئەوەیە : کاتی ئەوەهات ، ئەو تارمایی سڵ‌و گومانە لەناوببرێ ئەو تاقمە لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا دروستی کردبوو ، بە دڵسۆزی بۆ مرۆڤی کوردو سەربەرزی ئەو مرۆڤەو سەربەرزی عیراق ، ئەو راستیە بزانین : ئەوەی بەراست باوەری بە سەربەستی‌و سەربەرزی گەلەکەی هەیە ، ئەوەی بەراست «کەم یان زۆر » نەکەوتۆتە ژێر تاسیری هێزەکانی دەرەوە ، دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانێ ، شەرەفمەندی لەوەدایە ، مرۆڤی کورد نەکرێ بە سووتەمەنی یاریەك ، ئەنجامەکەی ، کورد تیایدا زەرەرمەند ببێ ، سەرەڕای زەرەرمەندی عیراق ، کە عیراق [بە کوردو عەرەبەوە] دەکەوێتە بەر ترسی چاوچنۆکی جەلادێکی رەگەزپەرستی کۆنە ویستی وەك خومەینی ، ئەوەی رادەی هەرەکەمی هەستی نیشتمان پەروەری مەبێ ، نابێ رێگا بدات [هیچ کوردێ ، کەلێنکی هێزوویی لەسەر خۆی تۆمار بکا ، رۆژی لەرۆژان ، دراوسێکەی پێی بڵێ عیراق کەوتە مەترسی‌یەوەو تۆ شەپت نەکرد بۆ پاراستنی(؟)] .

بێگومان کردن ، دەلیین ، ئەمەیان نیستا مەسەلەی سەرەکی‌یە ، هەموو گیروگرفت‌و تەگەرەیەکی تر ، ئەمرۆ یان سبەینێ ، لەژێر دەواری عیراقی مەزندا، نەك هەر شایانی چارەسەرکردنە ، بەڵکو بەزیادیشەوە ، پێویستە ئەوە بە دڵنیایەوە بڵیین، تەنیا ئەو کەسانە بەپێچەوانەی ئەم راستیەوە هەڵدەسووڕێن کە بەتەنگ ئەوەوە نایەن [کورد کەلێنی میژووی لەسەر خۆی تۆمار بکا] ، ئەوەیشی بە ئەنقەست‌و لەگەل پێزانینیا وای کرد ، ئەوە ، بیەوێ‌و نەیەوێ ، نەك هەر عیراقی خۆش ناوێ ، بەڵکو کوردیشی خۆش ناوێ ، چونکە بەو کردەوەیە ، وەك ئەنجام [بۆ ئەمرۆش‌و بۆ پاشە رۆژیش]، نە خزمەتی کوردو نە عیراق دەکاو هەڵویستی وا ناراست ، بەرەی ئەنجامەکەی هەر ئەوانە دەیخۆن کە سەربەرزی عیراقیان ناوێ ، جا ئیتر بیانووی هەر دروشمێکی بریقەدارێ ، لەبەردەمی هۆش‌و ویژدان‌و عەقڵی سەر بەم گەلەمەزنەداو بەتەنگەوەهاتنی پاشەرۆژی ئەم گەلە ، دروشمێکی سواوو بۆشە .

ئەوەیشی لەسەرکردایەتی دەخوازرێ یارمەتی‌دانی مەعنەوێ ئەو دڵسۆزانەی ناو گەلی کورد بدات کە هاوکاریان لەگەڵ رێبازی شۆڕشدا لەمونتەلەقی مەبدەئی‌و رەوشتی بەرزەوەیەو لە مونتەلەقی بەتەنگەوە هاتنی گەلی کوردو عیراقەوەیە ، هەندێ دامودەزگاش سڵ نەکەنەوە لەو یارمەتی‌دانەو لەلادانی ئەو رووانەی لێهاتوونین‌و ناتوانن ترجمەی ئەفکاری رێبازی شۆڕش بکەن بە کردەوە، لەناوچەی کوردستانداو بۆ پێشەوە .

پەراوێز :

(١) لە ووتەکەی سەرەکی فەرماندەدا ئێوارەی ١٩٨٣/٩/١٢ لەکاتی پێشوازی جەماوەری هەولێردا .

(٢) هەمان ووتەی سەرەکی فەرماندە .

(٣) ووتەکەی سەرەکی فەرماندە لە ١٩٨٣/١١/١٩دا لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە جەنگاوەرانی کورد .

جوتیارانی سلێمانی و گەورەترین هەڵبژاردنی دیموکراتیانە

هەفتەی رابوردو هاوڕێ محمد حمزە ئەندامی سەرکردایەتی قوتری ئەمینداری نهێنی مەرکەزی نوسینگەی جوتیارانی پارێزگای سلێمانی‌و لە کاتی سەردانەکەیدا سەرپەرشتی تەواوی چۆنیەتی سێهەم کۆنگرەو هەڵبژاردنەکانی یەکێتی جوتیارانی پارێزگای کرد کە لە هۆڵی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگا کرا .

ئەمەش کە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدام دەستی پێ‌کرد ، لە لایەن هاوڕێ محمد حمزە ئەندامی سەرکردایەتی قوتری‌یەوە وتارێك خوێنرایەوەو تیایدا سڵاوی سەرەکی فەرمانده (صدام حسین)ی گەیاندە نامادەبوان‌و بایەخ‌پێ‌دان‌و بەتەنگەوە هاتنی سەرەکی فەرماندەی بە شێوەیەکی گشتی بە ناوچەی کوردستان‌و بەشێوەیەکی تایبەتیش بە پارێزگای سلێمانی دووپات کردەوەو هەروەکو خۆی وتی پارێزگایەکە تێکۆشان‌و خەبات‌و مێژووی تایبەتی خۆی لە عیراقی خۆشەویستمانا هەیە .

هەروەها پەنجەی بۆ ئەم دۆخە ناسکەی ئێستامان کێشا کە تیایدا گەورەترین پیلان‌و ئەخشە لە لایەن دوژمنانمانەوە دژی نیشتمانی عیراق دەکێشرێت ئەمەش بە چاو پۆشی نەکردن لە ناوچەکانی سەروو خواروی وڵات‌و باشترین بەڵگەش دەستدرێژی‌یەکانی ئەم دوایی‌یەی رژێمی ئێرانی‌یە بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق‌و بۆیە لەم رووەوە دوپاتی کردەوە کە هەموو مرۆڤێکی بە شەرەف پێویستە چەکی بەرگری کردن لە پێناوی وڵاتی عێراقا هەڵبگرێ‌و نەهێڵێ تەنها بستێك لە خاکی خۆشەویستی داگیر بکرێت .

ئەمەو پێش ئەم وتارەش لە لایەن بەرێز محمد امین عبو جێگری پارێزگاری سلێمانیەوە وتارێك خوێنرایەوەو تیایدا دوپاتی بەستنی‌و گرنگی ئەم کۆنگرەیەو هەڵبژاردنانەی جوتیارانی لەم دۆخەی ئێستای وڵاتەکەمانا کردەوەو ئەوەی دەست‌نیشان کرد کە عێراق لە هەموو سەردەمێکا سەر بڵندو سەر کەشەو هەرگیز هیچ هێزێك سەری پێ نەوی ئاکات‌و پێویستەو بریاری داوە پرۆگرامو بەندەکانی گەشەکردن‌و پەرەپێدانی وڵات جێبەجێ بکات .

هەروەها لە لایەن هاوڕێ ئەمینداری نهێنی نوسینگەی جوتیارانەوە وتاری سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالسیت لە سلێمانی خوێنرایەوەو پاشان وتارێکی تر لە لایەن سەرۆکی یەکێتی جوتیارانەوەو دوابەدوای ئەمانەش دەست کرا بە هەڵوەشاندنەوەی دەستەی ئیدارەی یەکێتی جوتیاران‌و دەرگای خۆهەڵبژاردنی نوێ کرایەوەو بۆ ئەمەش (٢١) کەس خۆی هەڵبژاردو لە ئەنجاما کاك صباح سعید کرم بە ١٨٤ دەنگ‌و کاك نجم‌الدین سعید بە ١٢٨ دەنگ‌و کاك لطیف محمد امین قادر بە ١٢٦ دەنگ لەگەڵ کاك سعید محمد امین بە ٨٤ دەنگ دەرچون‌و دوو ئەندامیش بە ئیحتیات دانران کە ئەوانیش کاك حامد احمد محمدو کاك خالد اسماعیل رسول بوون .

فریا

چەك هەڵدەگرین چونکە وڵاتی خۆمانە ...

ناظم ئەلقی هەولێرەوە ..

● « اخلاص صالح .. ئەو هاوولاتی‌یە بە جەرگەیە کە سەرمەرای ئەوەی بە هۆی باری تەندروستی‌یەوە لە سەربازی بوردراوە ، ئیستاکە داوای ئەوەی کردووە کە ناونووس بکرێت بۆ چوونە بەرەکانی جەنگ لە چاوپێکەوتنێکی کورتدا ئەم هاوولاتی‌یە پێی وتین :ـ

ـ جەنگی قادسیەی صدام ، جەنگی هەموو عیراقیەکە وەلە سەرەکی خۆشەویست صدام حسین لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەك دووپاتی ئەوە دەکاتەوە ،ئیتەش کە گەلی عیراقین پێویستە هەموومان یەك دڵو یەك گیان خەبات بکەین‌و چەك هەڵگرین هەر لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستانەوە تا دەگاتە بەسرای سەربەرز بجەنگین دژی رژێمی خومەینی کۆنەپەرست ...

دووپاتی دەکەمەوە کە من سەرەڕای ئەوەی لە خزمەتی سەربازی عەفوکراوم، ، بەڵام نامادەم بچمە رێزی جەنگاوەرە ئازاکانمان، ئەوانەی، کە بەرگری لە نیراق‌و خۆشەویستی عیراق دەکەن بە سەرکردایەتی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین ...

رۆژنامەنووسانی کوردستان میوانداری دەورەی (تضامن) دەکەن

لە یەکی ئەم مانگەدادەستەی بەرێوەبەری لقی نقابەی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەسەر ۆکایەتی مامۆستا محمد امین محمداحمد کۆبوەوە .

لەم کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیارێك دەربارەی پەرەپێدانی چالاکی‌یەکانی لقی نقابە درا هەروەها دەستەی بەرێوەبەر رێوشوێنی پێویست‌و پرۆگرامێکی لەباری دانا بۆ میواندارکردنی دەورەی قوتابخانەی تضامن (هاوکاری) کە نقابەی مرکز لە ٢٢ی ئەم مانگەدا بۆ کادیری رۆژنامەنووسی عیراقی لە هەولێر دەیکاتەوە ، لەم دەورەیەدا بیست رۆژنامەنووس تیا بەشداری دەکەن‌و چەند لێکۆلینەوەیەکی تایبەت بە مەسەلەی راگەیاندن‌و رۆژنامەنووسی بەتایبەت لە لایەن چەند پسپۆڕێکەوە پێشکەش دەکرێت وە یەکێ لەو لێکۆلینەوانە دەربارەی مێژوی رۆژنامەنووسی کوردی دەبێت .

عبدالوهاب تالەبانی
لقی هەولێر

ئەم هاوولاتی‌یە دەڵێ :
خوێنم دەبەخشم چونکە بە هەنگاوێکی پیرۆزی دەزانم

● گەلی کورد مان وەك تەرکێکی نیشتمانی پیرۆز بەرامبەر بەو جەنگەی کە رژێمی خومەینی بەزۆرەملی مێناویەتیە سەر گەلەکەمان دەوری خۆی بینیووەو لە هەموو بوارەکاندا خەباتی بۆ کردووە ...

کاك شیخ محمد بلال کە ناسراوە بە (شێمە قەساب) لە هەولێر وەك هاوولاتیەکی دڵسۆز تا ئیستاکە (٤٣) شووشە خوێنی بە خشیووە..

بێ‌پەروا بەردەوامیشە لە بەخشینی زیاتر چونکە دەڵێ :ـ

ـ رزگارکردنی مرۆڤێك گەورەترین هەڵوێستی مرۆڤایەتی‌یە . منیش هەوڵم داوە بەرامبەر بە هیچ خوێن ببەخشم تاکوئیستا کەش (٤٣) شووشە خوێنم بەخشیووەو گەلێك جار لێپرسراوانی هەولێر رێزیان لێ‌ناوم‌و دواجار بەرێز پارێز گاری هەولێر پارچەیەك زەوی پێ‌بەخشیم .. پێویستە هەموو لایەکمان خزمەت بکەین ، چونکە ئەم وڵاتە ،وڵاتی خۆمانە ... من ئەو هەنگاوەی خۆشم بە هەنگاوێکی پیرۆزو دەزانم ، نامادەشم تاکو توانام هەبێ بەردەوام بم بۆ ئەم خزمەتە مرۆڤایەتی‌یە ..

ناظم لە لقی هولێرەوە

Institut kurde de Paris

یادی ٢٠٠ ساڵەی دامەزراندی شاری سلێمانی

احمد خواجە

رۆژی بەختی بابانەکان چۆن ئاوابوو ؟

ئەمجارەیش تورکی عوسمانی بە دوای پیلانی و فرۆفێڵەکانی خۆیاندا بە کەیشتن بە ئاواتە گرنگەکەی خۆیان «شارەزور» لە قۆڵی کۆیەوە بە سوپاو لەشکرێکی زۆر بێ شومارەوە هێرشیان هێنا، هێزو لە شکری کوردی بابانیش وەکوو چیایەکی سەختو بڵند بەرەنگاریان بوونو لە بەرامبەریاندا وێستان ٠

بەڵام فەرماندەی تورکەکان وریاو نەنوستوو بو بە ناوی ئاینی و برایەتی ئیسلامیوە ریگە گرنگەکانی ئاینی کرد بە چەکی کوشندەی کوردهێنایە کار بە ناوی خەلیفەی ئیسلامو «المؤمنین أخوة»ی دۆزیەوەو بە بەنهێنی نامەیەکی پر لە ناموژگاری نووسیو ناردی بو سەر لە شکرو فەرماندەی گشتی سوپای بابان – بریندار ئاغا –

لە نامەکەدا – پوختەی نامەکە ٠

ئەڵێت –

ئیسلام نابێ ئیسلام بکوژێت ، نابێت سەربێچی لە فەرمانی خەلیفەی ئیسلام بکرێت ٠ ئێمەی ئیسلام هاتوین بۆ ئاواکردنەوەی کیشوەرەوە دروستکردنی تەکیەو مزگەوتو ڕێزو بەرزکردنەوەی ئایینو شەریعەتی ئیسلامو لە هەموو بابەتێکەوە بە ناوی برایەتیمانەوە یارمەتیتان بریارمانە ٠

جا ، وا چاکە بەبێ خوین ڕژاندنی موسلمانان دەست بەرداری جەنگ ببینو ئیومو لەشکرەکەت بگەڕێنەوە ٠

ئاغای سەرلەشکر بریندار ئاغا بە هیوای بە هەوانتە کلیلی دەرگای بەهەشت بکە وێتە ناو لەپی بەبێ لێک دانەوە دەست بەجێ فەرمانیدا بە پاشەو پاشی کەرانەوەی لەشکرو سوپای بابانو بەشێکی زۆریشی تێکەڵ بە عوسمانیەکان کرا ٠

بەو چەشنە رۆژی بەختیاری دەوڵەتو بابان لە هەوری ڕەشدا ئاوا بووە شەوە زەنگی نەگبەتیش بەسەر بەختی بابانەکانو هەموو کوردستاندا کشا :-

– کارەساتەکەی سوپای عوسمانی

سوپای عوسمانی بەبێ گییرو گرفتو بەبێ ترس بە سەربەستی بە تالان کردنو سووتاندن بەرەو سولەیمانی کەوتنەڕێ ٠ بەبێ تەقەو نەندێشە دواییان بە ئەمارەتە مەزنەکەی بابان هێنا ئەو یرا ئاینیەیانەمان گەیشتە

ناو شارە تازەکەی سولەیمانی سالی ١٨٤١ زاینی ٠ دەست بەجێ بانگی دوا رۆژی فەرمانڕەوایی و دەسەلاتداری حوکمی بابانیان داری پەردەی ڕەشیان بەسەر ناوی دەولەتی بابانو ئەردەڵاندا کێشا ، ڕەنجی نیزیکەی ٧٠٠ حەوت سەد ساڵی ژیانی ئازادیو بەربەرەکانیو خوێن ڕژاندنی گەلی کورد بەنامەیەکی بچوک بە فیڕۆ چوو بە بادرا ٠

– هەر وەکوو وترا ، بەپێی رازو وتەی مێژو گیان دارەکەی لە پیاوە بە ساڵا چوو ، وەگوزارشی بینەکان بیستراوە لە ساڵی (١٧٨٣ زاین)دا لەم دەشتە ئاودارو پیرۆزەی ئیستادا لە لایەن برایم پاشای مەزنی بابانەوە ئەم شارەی سولەیمانی بەناوی سولەیمان پاشای گەورەی بابانەوە دامەزرا ئاوا کراوەتەوە ٠

جا ، بە بۆنەی بەسەرا رابوواردنی (٢٠٠ دووسەد ساڵە دامەزراندنو بنای شاری سولەیمانی هەموو ساڵێک بە یادی ناوی ئەم شارە تازە پر ڕوودانە مێژوییەو ناوی برایم پاشای مەزنەوە بەگشتی بادەی خۆشی ئەم ئاهەنگە نۆش بکەینو داوای یارمەتی چاکەیش بۆ بەرزیو ئازادی لە خوای تاکو تەنیا بکرێت – ١٩٨٣ زاینی ٠

تا وەکوو لاپەرەکانی مێژومان بۆ پر بکاتەوە :-

– لە بابەت مێژووەوە ٠

جێی باوڕ نیە هیچ مێژونوسێک بتوانێت لە ناو جەرگەی کارەساتدا بینراوی خۆی بەتەواوی بنووسێتو نووسینیو بوو بێت بەو بەرگە زلانەی مێژو کە لە پاش سەد ساڵان ئەهێتە ناو کتێب خانەو دەستاو دەست ئەقۆزرێتەوە، کەوا بوو ئەبێ لەو بڕوایەدا بین کە بیجگە لە بینراوی خۆی مێژوونووس بەشی زۆری لە باسی بینەرو رازە فولکلۆرەکان پێک هاتوە ٠ بەڵام تا ئێستا ئیمە لە هیچ لایەکەوە ئامادەکاریمان نەکردوە ، خۆ ئەگەر لە لایەن مەلا خوێندەوارەکانی ناو مزگەوتەکانیشەوە داستانو رازێک نووسرابی– بەداخەوە ئەوانەیش بە بای کەمتەرخەمی بەبا چوە :-

هەر بەو باوڕەوە کە ئەم ئووسراوەی بەناوی تەمەنی (١٠١ ساڵەیدا دوایی بە ژیانی هاتو لە زمان وەسمان ئاغای باوکی وەرەسول ئاغای باپیریەوە بیستبووی بیستوومانە پێشکەش کرا ٠

وەسمانو رەسول هەردووکیان باو بە دوای باودا لە سوپای دەولەتی ئەردەلان و بابانداا ئەفسەر وەخاوەنی جیگاو بە ناوبانگی بەرز و لە ئەوەی خانئەحمەد خانی زەلم بوون ٠

هیوادارم ئەم باسە ، بەنرخدار بزانرێتو لە مێژووی کوردو بابانداا دەقی خۆی بکرێت بۆ ئەوەی قولتر بکرێتەوە ٠

– وتمان تورکی عوسمانی زۆر بە ئاسانی هاتنو گەیشتنە ناو شاری سولەیمانی ، لە بابەت کارەساتەکانی ئەو داگیرکەرانەوە لە لایەن شاعری بە ناوبانگی کورد خوالێ خۆشبو «مصطفی بەگ »ی صاحبقرانو بە درێژی باسی زالیەتیو کوشتنو وێران کردنی شارو دیهاتەکان کراوەوە لە گوفاری « گەلاوێژ »دا بڵاو کراوەتەوە ٠ بەداخەوە نوسخەکەی لای خۆم بە سووتان لە ناو چوو ٠

ئەوەیش بزانن ! لە پاداشی کارەساتە نارەواکانی عوسمانیەکانیش لە شارو دەرەوەی وڵاتدا ماوەی پشوودان وهەسانتەوەیان نەدرا ٠ لە گەرمیانو کویستانی کوردستاندا دەست بە چەک لێیان ڕاپەڕین ٠ لە هەورامانەوە تا کەرکووک پەلاماریان دراو ڕیگەیان لێبڕین ٠

تا مەرەتای ئەم چەرخی بیستەمە زۆر بە گرنگی لە نوکەی سولەیمانیدا بوارەی بزوتنەوەو دەوتانیان لە حکومەتەکە بدرا ٠ لە ساڵی ١٩٠٨ زاینیدا لە لایەن کۆمەڵی «اتحاد و ترقی»وە خەلیفەی ئیسلام سولتان عبدالحمید لە تەخت دەرکراو دوایی بە فەرمان ڕەوایی دراو محمد ڕەشادی برای خرایە جێکای ، بۆ گەرانەوەی ئاسایشو لە ناوبردنی دەسەلاتدارەکان لە هەورامان زۆر بە خێزانەوە بۆ ئەفریقا–بنغازیو تەرابلوس٠ پاش ئەمانیش هەمەوەندە بەخێزانیانەوە ڕەهەندە کرانو گەیاندیاننە لای هەورامیەکان٠لە ناوشاریشدا حاجی شیخ سەعیدی حەفید بە ١٥٠ پیاوی ناودارەوە بە بەندیەتی ڕەوانەی موصل کران بۆ بەجێهێنانی پیلانە نارەواو زوردارییەکانیان شیخ سەعید کە لە تەمەنی ٥٠ ساڵ تێپەڕیبوو لەگەڵ شیخ ئەحمەدی کوری لە تەمەنی ٠ ٢٢ ساڵەدا وەنیزیکەی پەنجا پیاوی تری بە ناوبانگیان کوشتو پارچە پارچە کران ٠ بە هۆی حکومەتی ئیرانیشەوە لە قەسری شیرین جوامیر ئاغای هەمەوە ندیان بە خنکاندندا ٠ بەڵام لە کاتی جەنگی یەکەم ١٩١٤دا تۆڵەیان لێسەنرایەوە پاداشیان وەرگرتووە ٠

– حکومەت لە پەرێشانی ڕزگار نە ئەبوو لە دەربەندی بازیان تابووریک سوپایی حکومەت لە لایەن هەمەوەندەکانە وە گیرانو گوێچکەی چەند ضابطو پیاوانی ناسراویان بریەوە ئەو تابوورە ناونرا تابووری گۆی بڕاو حکومەت محمود خدر سەرکێکی هەمەوندیان بانگکرد بۆ دامرکاننەوەی ئاشووب کردیان بە تابورئاغایی ژاندرمە – مدیری پولیس – وەناردیان بۆ موسل ٠٠ بەڵام بەداخەوە تا دوایی جەنگی یەکەم کوردستان لە چوورتمو روو دانی ئاگەهانی ڕزگار نەئەبوو ٠ بەدوای هەموو پەریشانیەکدا دەردی گرانی کە نانێک گەیشتبوە بەرامبە گیانێک زۆر لە خێزان دەرگایان لەسەر خۆیان دائەخست و لە ژوورەوە ئەمردن ورەت ئەبوونەوە ٠

– هاتنی ئینگلیز

لە ساڵی ١٩١٨دا حکومەتی بەریتانیا گەیشتە سولەیمانی ٠ لە پاش جەنگی کوردو ئینگلیز لە دەربەندی بازیان ساڵی ١٩١٩ عەشیرەتی هەمەوەند دیسانەوە یاخیبوونەوەو خۆیان نەخستە ژێر باری حکومات ٠ ئینگلیزەکان بۆ دوای پێ هێنانی جەنگی هەمەوند محمود خدریان ناشت کردەوە ٠ جاء سەیر لەم باسەدا ئەوەیە بەرامبەر بە حاکمی سیاسی چەم چەمال چۆن ئەم پیلانو قسەیەی هات بەبیراو وتی ؟

کاتی حاکمی سیاسی کاپتان بوند بە محمود خدری وت ئێمە لە کارە خراپەکانی تۆ چاوپۆشیمان کرد ٠ بەڵام ئەبێ تۆیش زیانەکانی جەنگی بدەیتەوە بە حکومەت :

محمود خدر وتی :

بەسەر هەردوو چاوم ٠ چود لە ژوورەوە لێفەشرێکی کۆنی هێنا ٠ وتی فەرموو ٠ تکایە ئەم لێفەیە بنێرە بۆ لەندەن بۆم بکەن بە نۆتی دەروپیەی ٠ ئیوە چەندتان گەرەکە بیەن چیشی ماوە بینێرنەوە بۆ خۆم ٠ پارەی هاتوو چۆیش خۆم ئەیدەم:-

– حاکم دەمی بوو بە تەلەی ئەگیو ٠ وتی ئاغا هەلیگرو بام توزیکیتر کۆن بی نرخی زیاتر ئەبێ – ١٩١٩/١٩٢٠ زاینی ٠

– دواقسە :

عوسمانیەکان ئیمەیان بە ڕەنجەڕوی بەجی هێشت وهیچ بەلگەیەکی مرۆڤایەتی وایان لە پاش بەجێ نەهاکە یادێکی چاکەیان لێ بکەینەوە ٠ خۆ ئینگلیزەکانیش کە بەو پەری دەسەلاتداریتیەوە هاتبوون لە جیاتی خویندگە، پرد، ڕێگا، ئاوەدانی، موختاری گەرەکانیان کۆکردەوەو داوای ئاغرەتیان لێکردن کە قەحبەخانە بکەنەوەو زۆر ئافرەتی بی کەسیان توشی بێ ئابڕووی کرد تەنیا موختاری کانی ئاسکان : علی ، وتی مەزنی مزگەوتی گەورە ماوە نادات ٠ دەست بەجێ دەرکرا ٠

ئەمەیش وینەیەک بوو لە بەسەراهاتەکانی سولەیمانیو کارەساتی بێگانەکان وا ئەزانم مێژووی رابوردووی سولەیمانی بەم جۆرە باسو نووسینانە دوای نایەت بە دوای سیاسەتە ناقۆڵاو لە جەرەکەی ضابطە سیاسیەکانی بەرتیانیادا لە باوی مەلیکیشدا مەناسەی خۆشی ئەدرا تا شۆڕشی ١٤تموز ١٩٥٨ لە یەکەم سەعاتی شۆڕشدا بەرادیوو ڕۆژنامە مژدەی ئازادی بۆ کورد بڵاو ئەکرایەوە تا لە پر برنامەی سیاسەت تێکچوو،وە کوو ئەلێین ئاش وەرگەڕا هەر لە مانگی تموز (١٩٧٠)دا بە بەیانەکەی ١١ ئاذار کورد بە تاوات گەیەنراو گەیشت بە حوکمی ذاتیو ئازادی شەهبی کورد لە کوردستانی عیراقدا ٠

کورد بەرامبەر بە هەموو قۆڵتو ناهەمواریەک دەست بەردرای پیشەی باوو باپیری خۆیان نەبوون خەریکی پەرەپێدانو دەسەلاتداری چاندگەو زەویو زاری بەر ئاوو جۆگەیان بوونەوە بە سوپاسەوە بە یاسا پەروەریوە ژیاونو ئەژین ، خوا لەم عراقی پیرۆزەماندا بە خۆشیوە بمانژێنی کە ئاواتی راستیو گەورەمانە ٠٠

مەیکێک لە تەلی فولکلۆری کوردی

بەشی دووەم

ڕۆستەم باجەلان

جۆری سێیەم :-

ئەم جۆرە مەتەلە بریتیە لە چەند ووشەیێکی ریز کراو گرێیەکە هەر لە ناو ووشەکاندا خۆی حەشار داوە ، ئەو کەسەی مەتەلەکە هەڵدەدا پێویستی بەوە هەیە تەنیا بیر لە داڕشتنو واتای ووشەکان بکاتەوە ئەوەش پەیوەندی بە زیرەکیو هوشیاری هەیە بۆ نموونە : ئەو کەسەی مەتەلەکە دێنێ دەڵێ :

خۆشە ، مووشە مانای چییە ؟

ئەگەر ئەو کەسەی مەتەلەکە هەڵدەدا زەیرەکو هوشیار بێ دەڵێ : مانای ٠ خۆ ئەمڕۆ شەمەیە ٠

ئەم نموونانەی خوارەوەش بەشێکن لەم مەتەلە :

– کاچووما دان

واتە : کا یەکە لە زەوی نەماوە تەنیا دان ماوە ٠

– لەسەر چناری (کا)نییە

واتە : لەسەر دار چناردا (کا) نییە ٠

– بی تەڕ تالە

لێوتەڕ دوونە

واتە : ئەگەر بی تەڕبێ تال دەبێ لێوەیش دوونە ٠

جۆری چوارەم :

ئەم جۆرە مەتەلە بریتیە لە باسی شتێک ئەو شتە پەیوەندی بە بابەتی مەتەلەکەوە هەیە ئەوەی سەرنج ڕادەکێشی ئەوەیە ، ئەم جۆرە مەتەلە لە هاتبوون لە جیاتی خویندگە، پرد، ڕێگا، ئاوەدانی، موختاری گەرەکانیان کۆکردەوەو داوای ئاغرەتیان لێکردن کە قەحبەخانە بکەنەوەو زۆر ئافرەتی بی کەسیان توشی بێ ئابڕووی کرد تەنیا موختاری کانی ئاسکان : علی ، وتی مەزنی مزگەوتی گەورە ماوە نادات ٠ دەست بەجێ دەرکرا ٠

ئەمەیش وینەیەک بوو لە بەسەراهاتەکانی سولەیمانیو کارەساتی بێگانەکان وا ئەزانم مێژووی رابوردووی سولەیمانی بەم جۆرە باسو نووسینانە دوای نایەت بە دوای سیاسەتە ناقۆڵاو لە جەرەکەی ضابطە سیاسیەکانی بەرتیانیادا لە باوی مەلیکیشدا مەناسەی خۆشی ئەدرا تا شۆڕشی ١٤تموز ١٩٥٨ لە یەکەم سەعاتی شۆڕشدا بەرادیوو ڕۆژنامە مژدەی ئازادی بۆ کورد بڵاو ئەکرایەوە تا لە پر برنامەی سیاسەت تێکچوو،وە کوو ئەلێین ئاش وەرگەڕا هەر لە مانگی تموز (١٩٧٠)دا بە بەیانەکەی ١١ ئاذار کورد بە تاوات گەیەنراو گەیشت بە حوکمی ذاتیو ئازادی شەهبی کورد لە کوردستانی عیراقدا ٠

جۆرەکانی پێشوو درێژ ترنو زیاتر پێویستیان بە مێشک فرەوانی هەیە ئەو کەسەی مەتەلەکە هەڵدەدا تا ڕادەیەک دەبێ بەسەر ساڵا چووبێو زیرەکو هوشیار بێ ئەم نموونانەیش بەشێکن لەم مەتەلە :

– ئاشەوان دەگەڵ ژنەکەی

ئاش گێڕ دەگەڵ خوشکەکەی

ئەم چوارەی سەرەوە بۆ (شووتی) کڕین دەچنە بازاڕی (کەرکوک) لە ئاکامدا تەنیا (٣) سێ شووتی دەکڕنو هەر یەکە شووتییەکی وەبەر دەکەوێ ٠

باشە ئەگەر ئەوان (٤) چوار بن چۆن هەر یەکە شووتییەکی وەبەر دەکەوێ ؟

وەڵام : ژنی ئاشەوان خوشکی ئاش گێڕە ٠

– دوو ڕەوە باڵندە هەر ڕەوێک لەسەر دارێکا هەڵنیشتبوون ڕەوی یەکەم بەڕەوەی دووەم دەڵێن با یەکێک لە ئێوە بفڕێتە لای ئێمە تا ببینە دوو جار هەندی ئێوە ٠٠، ڕەوەی دووەمیش بەڕەوەی یەکەم دەڵێن : نەخێر ! با یەکێک لە ئێوە بفڕێتە لای ئێمە تا ببینە هەندی ئێوە ٠

باشە ژمارەی هەر یەکەیان چەند بووە ٠ ؟

وەڵام : ژمارەی ڕەوەی یەکەم (٧) حەوت بووە ٠

ژمارەی ڕەوەی دووەم (٥) پێنج بووە ٠

– دوو کوڕ بانگی یەک دەکەن ، یەک دەڵێ هۆ خاڵۆ وەرە ! ئەمن مامی تۆزمو باوم بانگت دەکا ، باوی منەو باپیری تۆیە ٠

وەڵام : کوڕێکو باوکەکەی کچێکو دایکەکەی دەخوازن دایکە بۆ کوڕەکە ، کچەیش بۆ باوکەکە ، کچەو دایکە هەر یەکە کوڕێکیان دەبێ٠٠ جا لێرەدا کوڕی دایکە بانگی کوڕی کچە دەکا ٠

– ڕەوە کۆترێک بە ئاسماندا دەفڕن ، کابرانێک تفەنگێکیان تێدەگری ٠٠ لە ئەنجامدا کابرا کۆترێک زامدار دەکاو دەبێنی کوترە زامدارەکە بێچووە کۆترێکی لە نێوسکدا دایە ٠ باشە ئایا گۆشتی ئەم بێچووە کۆترە حەڵاڵە یان حەرامە ؟

وەڵام : کۆتر هیلکەی دەکاو فەرخەی نابێ ٠

جۆری پێنجەم :

ئەم جۆرە مەتەلە بریتیە لە شتێکی شاردراوە ، ئەو کەسەی مەتەلەکەت بۆ دێنێ بە ژمارە تاقیت دەکاتەوە، تۆش دەبێ بیر لە ژمارەو داڕشتنی ڕستەکە بکەیتەوە، چونکە گرێیەکە هەر لە ناو ڕستەکەدا خۆی حەشار داوە بۆ نمونونە :

– (٣) سێ (٥) پێنج (١٥) پانزدە (٢) دوو (١٧) حەفدە (٣) سێ (٢٠) بیست دەکاتە چەند ؟

وەڵام : هەر دەکاتە (٢٠) بیست ٠

– مەڕی مەمی ، مەم شوان نۆ مەڕو ، دەبەران

یازدە کسۆک،دوار دەشوان دەکاتە چەند ؟

وەڵام : هەر دەکاتە (١٢) دوانزدە ٠

محسن عثمان عبدالله

کی دبێژیت ڤێ ئەز دڤێم ٠ وەی بابۆ چاڤێت وێ ئەز خارم ٠٠ نە بابۆ نە ،ئەو تشتێ لنك تە لنك وێ نینە باوەرنەکە ٠٠ کڕوتە ئەز دین کرم دێ برینێ چاوا یانیشارەتا دەدەتە مەن ٠٠

ئەفە چەند ڕەنگێت مەکسی ل بەر خۆ کرن ٠٠ چەند خۆ تیزو فێزکر دێ وەرە چامێ ئەز نەشێم جورەی دگەل تەبکێشم نێ ئەزێ بکوردی دبێژمە تە ئاگەهژ تە نینە !! بابۆ بخۆدێ هەکو ئەز تە دبینم تو نەیێ دورستی هەما بکورتی هاتو چۆ وێ توفیای ٠٠ تە ئەو فیا مرۆڤێت تە ئەو نەڤێت ٠٠

هەی هۆ ٠٠ هەی هۆ کادێ بلا ئەو دەیبابێت خۆ درازبین ، مرۆڤێت من دکار کرینە ٠٠

دێ ، ئە ئە من ئاخفتنا خۆ گوت دێ دویماهی بینی ئەرێ دێ بینم ،

باشە ما تەچ ژن نە خاستینە ٠٠ بەلێ پاڤێجا تە چ دڤێت ٠٠٠ برا ئەفە ژوێ جانترە ٠٠ ڕێنجبەرترە ٠٠ خودان مرۆڤ ترە ٠٠ نێیا ژ هندێ بوری ٠٠ ئێك : تە یادەزگر کری ٠٠ دوو : تە زێرێت بوکرین ، تە راستی بڤێت هندێ ژن ئینانە پێدڤیە یا بدلێ مرۆڤی بیت ، ما باشە بداری زوری خاستیە٠٠ نەء٠٠،

پا ڤێجا تە چیە ٠٠ هەما نوکە یا ل بەردلێ من مسار بوی ڤێ بەژنا وەکی نێرگزێ دلێ من یێ چرمساندی !!٠٠ پا ئەز دێ چم لمن نەگرە ٠٠ بخێربچی ٠٠ خودێ دگەل تەبیت ٠٠٠ بەلێ مانە زویە ٠٠ نەء

داوێڤەبچم بشکوژا گۆلا خۆ باش ببینم ٠٠

تویا چاوانێ هۆ ٠٠ ه ٠٠ هۆگرێ ، دێ هەرە سەر ڕێکاخۆ ٠٠ ئەزمانێ خۆ بکەت ناڤ دەڤێ خۆدا ٠٠٠ بخۆدێ تو من بکوژی ٠٠ بسوژی ٠٠ بحەلینی ٠٠ من بکەیە شەمو ئەز ژفرێ ناچم ٠٠ دێ ڤێجا ئەنیا خو لمن ڤەکەو مزگینیەکا خۆش بدە من ؟!!

ئەڤە چ تەنیا سێلێیە ژسەرو چاڤێت من ڤەنابیت ٠٠ مادەمێ هندەیە ٠٠ هەرە ئەڤە برایێ هات ٠٠، نەخێر چێ بۆ ٠٠ کڕو بابۆ خەلك چ بەنیشتە ٠٠ یابدلێ مرۆڤێت تە نینە ٠٠ تە ژنەکاخاستی ٠٠ ئەڤە هەمی هندێ نائینن نجۆدێ من دورستکر ٠٠ یا خودێ چ بکەم ٠٠ چ بکەم ٠٠ پا من نێکادی یا خاستی ٠٠ دێ چامێ دێ وێ هێلم !!!

ئەز ژیانا خۆ نەخۆش ناکەم ٠٠ کۆ مەنێکادیا خاستی ٠٠

یان بدلێ مرۆڤێت من نیتە ٠٠

نەء ٠٠ نە ٠٠

ئەز دێ گۆهێ خۆ دەمە خۆ ٠٠٠

دا دێ ئەفروکە من دلبەرەکا لاوا گرتی ٠٠ دێ هەرە شولا تە هەر ئەڤ پویچاتیەنە ٠٠ چ پا بخودێ ئان ڤێ دێ بزمن ئنین ٠٠یان کتێ ژوە ناهێلم ٠٠

دێ جامێ هەرە ئەو نجۆ سەرێ من یێ تێشیت ٠٠ من تاڤەتا هندێ نینە ٠٠ چیڤانۆکا بۆ من نەڤەهینە ٠٠ یان دێ خازن ٠٠

یان دێ مرن !! ، داوو مرۆڤا مەیە شەرمزاریە بۆمە بەس درێش کە بەس ٠٠ من زەوقا سوحبەتێ نینە ٠٠٠

پا دێ بلا بابێ بێت بچیتە نك دەزگرا تەوا ئەو وان تشت بنبیت ؟!!

ئاخ دلۆ ٠٠ ئاخ دلۆ ئەم دێ یادی بۆ من خازین

دارا بم بچمە نك شەنگە پیا خۆ ٠٠ چ دچم گوفەندو شەهیانە ل بەر دەرێ یارێ!!!

ئەو ٠٠ ئەو ٠٠ ئەڤە من چکر

ئەڤێ شویکر ٠٠ یادی من هێلا !!

من هێلا !!!

Institut Kurde de Paris
ئامێرێکی دڤیانێدا

لەگەڵ یەکەم نۆبەرەی تیپی ڕۆشنبیری جماوەر :

لە نێوان «مرۆڤ و ئازارەکانی»دا

کۆمەڵێك لاوی خوێن‌گەرم لە تیپێکی خنجیلانەداکۆبوونەوەو ڕوای هیلاکی‌و تەقەللایەکەی بەردەوام شانۆگەری «مرۆڤ‌و ئازارەکانی»یان پێش‌کەش کرد .. کە نووسینی «بیتەرفایس»ەو دەرهێنانی هونەرمەند صباح عبدالرحمن .. کاتێ شانۆگەرییەکەمان بینی‌گەشاینەوەو لە سووچێکی شانۆی بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جماوەر هونەرمەندی ناوبراومان‌هێنایە قسە.. ئەویش بەرووێکی زەردەخەنەوەوتی :

● هەر بەوبۆنەوە دەمەوێ لێت‌بپرسم ،ئاخۆ بەلای تۆوە شانۆی کەلەپوور هەڵبژێرین یان چیهانی ؟

● ببوورە ئەگەر بڵێم شتێك نیە بە تاکی تەنیا ناوی لێ‌بنرێت شانۆی کەلەپوور .. بەڵکو چاکتر وایە بڵێین شانۆی خۆماڵی .. کە یەکێك لە لایەنەکانی مەسەلەی کەلەپوور دەگرێتەوەو کەلکی لێ‌وەردەگرێت‌و بۆ ئەمەش چەند شێوازێکی دیار هەیە.. لەوانە داڕشتنی کەلەپوور بە شێوەیەکی هاوچاخانە کە پێویستە شێوازی هونەری هاوچاخی تێرا بەکار بێ ، بەڵام دەبێ بیری کەلەپوورەکە هەر بمێنێتەوە .. هەرگیز بەراوردی دەقی خۆماڵی‌و دەقی بیانی ناکرێت ، چونکە هەر یەکەیان لایەنی زیندووی خۆی هەیە .. بەڵام ئەوەی ڕوونە لای هەموان کە دەقی بێگانە لە ناوەڕۆك تێرو دەوڵەمەندەو یناغەیەکی قایمی هەیە .. بەڵام شانۆی ئێمە کە عومری کورتەو لە دەیان ساڵێك ڕەت نابێ هەڵبەتە کە قات‌و قری شانۆ نووسی تێدا دیار دەبێ ..

ئامادەکردنی : شێرزاد عبد الرحمن

سەربەستی مرۆڤ‌و کارەساتەکانی‌دا بووەستێ و سەرەڕای ئەوەی کە نزیکە لە چێژی بینەری ئێمە .

● کاکە صباح لە ڕێی ئەم شانۆگەرییە نوێیەتەوە چیت بە خەڵك وت ؟

● کاتێ مرۆڤ ڕوو بەڕووی ئازارەکان دەبێتەوە کە لە باری کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و ڕامیاری سەرهەڵدەدات گەلێك جار چەندی دەکات ناتوانێ زەفەربباو سەربەستی زامن بکات ، کەوابێ «مۆکیبۆت» ئەو پاڵەوانەیە کە دەیەوێ ئەو ئازارە گەورەیە ڕامالێت .. بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ .

● هەر بەوبۆنەوە دەمەوێ لێت‌بپرسم ،ئاخۆ بەلای تۆوە شانۆی کەلەپوور هەڵبژێرین یان چیهانی ؟

● ببوورە ئەگەر بڵێم شتێك نیە بە تاکی تەنیا ناوی لێ‌بنرێت شانۆی کەلەپوور .. بەڵکو چاکتر وایە بڵێین شانۆی خۆماڵی .. کە یەکێك لە لایەنەکانی مەسەلەی کەلەپوور دەگرێتەوەو کەلکی لێ‌وەردەگرێت‌و بۆ ئەمەش چەند شێوازێکی دیار هەیە.. لەوانە داڕشتنی کەلەپوور بە شێوەیەکی هاوچاخانە کە پێویستە شێوازی هونەری هاوچاخی تێرا بەکار بێ ، بەڵام دەبێ بیری کەلەپوورەکە هەر بمێنێتەوە .. هەرگیز بەراوردی دەقی خۆماڵی‌و دەقی بیانی ناکرێت ، چونکە هەر یەکەیان لایەنی زیندووی خۆی هەیە .. بەڵام ئەوەی ڕوونە لای هەموان کە دەقی بێگانە لە ناوەڕۆك تێرو دەوڵەمەندەو یناغەیەکی قایمی هەیە .. بەڵام شانۆی ئێمە کە عومری کورتەو لە دەیان ساڵێك ڕەت نابێ هەڵبەتە کە قات‌و قری شانۆ نووسی تێدا دیار دەبێ ..

ئامادەکردنی : شێرزاد عبد الرحمن

ـ دڵنیام لەوەی‌دوای ئەوەی شانۆگەرییەکەت بینی دەپرسی :

بۆچی ئەم دەقەت هەڵبژارد.. منیش لە وەڵامدا دەڵێم لەبەر زۆر شت .. بەکێك لەوانە بەلای منەوە ئەم شانۆگەرییە بابەتێکی زیندووی مرۆڤانەی بیانی‌یەو شانۆی کورد بیش بەم بابەتە هاوچاخانە دەوڵەمەند دەبێ چونکە بنچینەیەکی درامی بەهێزی هەیەو بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆیەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی نووسەر «بیتەرفایس» کە تەقەللای داوە هەمیشە لە پاڵ

لەگەڵ پێشانگای ژمارە ١٢ی کاك اسماعیل خەیات و سەرنجێکی ڕەخنەگرانە

دیسانەوە کاکی هونەرمەنداسماعیل خەیات خۆی بە جماوەری گەلەکەی‌و هونەردۆستانی ناساندەوە لە ژمارەیەکی بنوێ لە تابلۆ تایبەتیە ناسکەکانی‌دا ..

هەر یەکە لەم تابلۆیانە جیهانێکی خۆینی «ذاتی» لەروی بیرو هەستی دارشتنو ڕوخساری تایبەتیەوە بە خۆیەوە دەبینێ ... وەستایەتیەکی ئەوتۆی تێدا بەکاردەهێنێ کە دەتوانم وەك ڕاستیەك ئەوە بسەلێنم تاکە سوارچاکی بەیدانی ئەم لایەنە هونەریەیە لە شارە خنجیلانەکە ..ی سلێمانی‌داو جماوەریش هەر کە بابەتێك بەدی بکا لەهەر.. لایەك‌دا هەر زوو پەنجە بۆ ئەم برا هونەرمەندە ڕادەکێشێ کە ئەم کارە زادەی بیرو سۆزی هونەری ئەم هونەرمەندەیە . بەر کە چونە ناو شانۆی تابلۆکانی کاك اسماعیل خەیات ... باهەندێ ڕای تایبەتی بایەخدار وەك دیاردەیەکی واقیع بینانە لە کەسایەتی وڕادەی هونەرمەندیەتی‌و ئاشقی ئەم مرۆڤە بۆ گولزاری خەڵیوی هونەر یەکالا بکەنیەوەو بە هەموو ڕۆشنبیرو هونەردۆستێکی ئەم وولاتەش بڵێین کە ... کارکردنو بەردەوامی لەهەر کارێکی هونەری یان ئەدەبی یان زانستی تر پیرۆزەو ... ئەنجامی هەرکارێك بە دەستەوەدانی شێوە بەرهەمێکە کە بە پێی لێهاتوکی‌و دەسەلاتو سەلیقەی زیندوی ئەو مرۆڤە کە دەشێ بۆ ئەی هەستو لێك‌دانەوە ..کان جار لە جار زیاتر مۆرێکی بارێکی دەروونی لەباترو بەلگەی وەسەنایەتی‌و نزیك بوونەوەی لە ئازارە گەورەکانی ناو هێلانە بچکۆلەکەی «هۆشی» تێدا بەدیبکرێ‌و دنیای ڕەشبینی «التشائم»و تەماوی بەرە بەرە لەسەر پەردەی تەوژمی هۆش «تیار الوعی» ڕێگای ڕەوینەوەیەکی بە پەلە بگرێتە بەر . دیارە ئەم سەرنجە ئەنجامی باوەڕی‌و خواستی هەر یەکێکە کە خۆش بین بێ بە سبەینێ وبۆ هەمیشە هومێدی چاکترو چاکتر لەبەرهەمی دەستو پەنجەی هونەرمەندو هۆشی مرۆڤە زیندەوەکان بخوازێ..، بۆیە پێم وایە کە دەبێ نکولی لەوە نەکەین کە کاکی هونەرمەند لە ڕادە بە ..دەر خولیابەکی مەزن‌و گەورەی گەورەی دنیای هونەر ئاوێزانی هەستە ناسکەکەی بووەو لە گۆڕەپانی بزوێنی هونەری‌دا کێ بەرکێ بەکی بێ پسانەوە کەوتۆتە مل‌ملانێ‌و خەونە ئەرخەوانیەکانی ئەم هونەرمەندە تا دێ چاوەڕێی ئومێدو و چرۆ بارانێکی خەسترو ئاسۆیەکی بێگەرد تری لێوە دەکرێ .

بەڵام کە دێینەوە بەردەم تابلۆکانی‌و سەرنج لە هەندێ وردەکاری وتەکنیکی ڕوخساری دەستوپەنجەی قەڵەمە ڕەشەکەی ئەدەینو حەوسەلەی بێ وێنەی ئەم هونەرمەندە لە لێکدانی تیشکی هەندێ لە نیشانە پیشکی‌یەکانی تر بەسەر تابلۆکانیەوە دەبینین بەدەست خۆمان نیە کە دێینە سەر ئەو قەناعەتو باوەڕەیە کە ئەمەش وەك لایەنێکی تایبەتی لە خۆیەوە سەری هەڵنەداوەو پەیوەندیەکی سایکۆلۆژی هەیە لە میانەی هونەرمەندو بۆچونی خۆیی لە دارشتنی کلیشەی تابلۆکانی دا... ئەمە وەك دەربڕینی لایەنی ئەو کارانەی کە کاك اسماعیل هونەرمەند مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکا بۆ بەئەنجام گەیاندنی بەرهەمەکانی .. لەگەڵ ئەمەشدا وەنەبێ هونەرمەندو جماوەر بە گشتی بەوەوە نەوەستێ‌و بیەوێ لەو بیرۆکانە «فکرە» پرسیاربکات کە پاڵی بە هونەرمەندەوە ناوە تا ئەم تابلۆیەی پێ‌بنەخشێنی ... ئایا جوان‌ناسی «اسقاتیکا»ی ئەم هونەرمەندە خۆی بەرێچکەی دەرونی چەلایەنێکەوە بەستۆتەوە لە جیهانە دژواریەکەی ژیانی مرۆڤەوە ..؟! وەئایا ئەم هونەرمەندە هەموو ڕاستیەکانی تری بەلاوە ناوەو تەنیا لەگەڵ خۆیدا دەژی..؟!و چ کۆکردنەوەو لێدەرکردنێکی بۆ کێشە سەرەکیەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی نەکردووەو ئەوەی دەیبینێ وئەوەی دەیبیستی‌و ئەوەی لە چیروك‌و هەڵبەستن‌و ڕۆمانە کانا دەیانخۆینیتەوە هیچ‌وێنەیەکی ڕەسەن‌و سۆزێکی دەرونی ئەوتۆیان تێدا بەدیناکا تا کاربکاتە سەر تەوژمی هێژای هەستی‌و لەسەر سینگی تابلۆکانی‌دا وەك گولێخ دایان بکوتێ..؟! یان ئەگەر بەویژدانەوە سەرنج لە قولایی تابلۆکانی بدەین چاك ئەوەمان بۆ یەکالا دەبێتەوە کە ئەم هونەرمەندە ڕادەی کاری خەمەکان ئەگەر وەك هونەرمەندە ڕەسەنەکان کارنەکاتە سەر لایەنی سۆزو بیری چیر لەهونەرمەندانی تر کەمتر نیە ، کەهەر چەندە وەك خۆزگەیەك ئومێدی ئەوە لە هونەرمەند بخوازم کە دیاردەی قەوارە واقیعیەکانی بەرەو ئەو لایەنە هەنگاویاوێ کە بەوڕادە خەستولێلی‌یە خۆی بەهونەر دۆستو جماوەر نەناسێنێ‌و لایەنی ئاشکراو تیشکە ڕاستەوخۆکان زیاتر ناوەڕۆکی وێنەکانی برازێننەوە..، تا گەلێ جار وا لە بینەرنەکات واتاو لێکدانەوەی سەیر سەیرو جیاجیا بۆ تابلۆکان بەکاربێنێ کە دەشێ لەڕاستیدا «گوریسە ڕێیەك» ئەو مەبەستە نەپێکی کە هونەرمەند بیری تابلۆکەی لەسەر داڕشتووە . هەروەکو لە پیشانگای ژمارە «١٢»یدا لە زوخساری وێنەکانی «کاتێك بالندەکان حەمباردەبن» و «دڵەڕاوکێ» و «حالەتی ژمارە٢» و «بارۆکەیەکی کون» دا بەدیدەکرێن . وەنەبێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە تابلۆکانی «ئازاری مسیح» و «نوستنێکی قووڵ» و و «مسیح» بەگشتی هومێدێکی نوێ ئەدەن بە دەستەوە کە بەرەبەرە بۆچونی دنیای هونەر بۆ هونەر وتیژڕەوی لە کاروانی ڕۆژگاری شارستانیەنی سەردەم دا بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ دواومو سەرنجدانی دەوروبەر ..، وەك موچورکی کەژێکی بەسەتەڵەك ئاسانەیەتە ڕەوینەوە ..

جمال محمد سماعیل

شەوێك لە دیداری شانۆگەری «بە زۆر کراوە بە دکتۆر»

ناظم دلبەند
لقی دەزگا لە هەولێر

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە هەولێر ، جارێکی کە ئاشنای ئەم دەورو بەرە بووەومو ئەمجارەیان لە جیاتی گۆرانی‌و مۆسیقاو تەشکیلی شانۆی کردە دیاری ...

شانۆگەری« بە زۆر کراوە بە دکتۆر »ی پێش‌کەش کرد بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە نوسینی نوسەری فەرەنسی «مولێر»و وەرگێڕانی بۆ کوردی دکتور هیوا عمر احمدو دەرهێنانی هونەرمەند فەرهاد شەریف‌و شەوێك بە دیداری شانۆگەریەکە شاد بوین هەستمان بە زۆر شت کرد، لایەنی سەرکەوتنی شانۆنامەکەو دەرکەوتنی ئەکتەرەکان‌و لە جاران، توانیم چەند ئەکتەرێك ببینم ئەوانەی بە تەواوی شوێنی خۆیان کردەوە لە ناو دڵی دانیشتوان ...

« جیهان ئەحمەد » ئەو کیژۆلەی کە بۆتە مۆم بۆ شانۆ دەسووتێ‌و هەر زوو پێی وتم :ـ

(من چونکە شانۆم خۆش دەوێ ، بۆیە دەمەوێ لەگەڵ هەموو براو مامۆستا دەرهێنەرەکان ئیش بکەم سەرەتای فەزلیشم دەگەڕێتەوە بۆ برای هونەرمەندم « جەلال ئەحمەد»

ـ هونەرمەند نوزاد ڕمضان یان «سگانارین» کە بە زیرەکانە دەورەکەی دەبینی . لێمان پرسی :ـ

ئەم شانۆگەریە کۆمێدی‌یە لۆ دەوری سگانارین دەبینی ، تا چ ڕادەیەك دەورەکەت خزمەتی لایەنێکی ئینسانی دەکات .. ؟

● لە دیمەتی یەکەمی شانۆگەری‌یەکەدا دیارە کەوا سگانارین کابرایەکە بیر لە ژیانی خێزانی خۆی ناکەتەوە هەمیشە دەخواتەوەو قومار دەکا ، بەڵام کاتێ لە دیمەنی دووەم‌و سێیەم‌دا ڕا دیارە کەوا بە زۆر دەیکەنە دکتور لە ئەنجامدا چاوی بە هەندێ کارەسات دەکەوێ ئەویش دەیەوێ چەند کارێکی ئینسانی بنوێنی .

ـ بۆ ئەوەی بزانین، کە شانۆی کۆمێدی کوردی کەمە، جا ئەگەر ئەم شانۆگەری‌یە قالبێکی کوردەواری‌یانەی لەبەر بکرابابە سەرکەوتوو تر دەبوو ..؟

لەم ڕووەوە هونەرمەند (جلال احمد) وتی :ـ

دەبێ ئەمە بزانین کە دەڵێین مولێر بە مانا کۆمێدیا ، جا شانۆی کۆمێدیای کوردی ، بەشێکە لەشانۆی کۆمێدیای عیراقی‌و شانۆی کۆمێدیای جیهانی .. شانۆی جیهانی لە سەردەستی هونەرمەندانی وەك (ئەرستوفانیس ، یورپیدس ، سخیلوس ، شکسپیر ، مولیر) ..

ـ لە دوا جار بە پێویستمان زانی لەم ڕیپورتاژەدا ڕای هونەرمەند فەرهاد شەریف دەرهێنەری

ـ ئەی تۆ دەڵێی ڕۆژهەڵات خان دەربارەی بینینی دەورەکە «جاکلین» بوو ..

● ئەوەی ڕاستی بێ تا ڕادەیەك توانیم بچمە ناو قالبی دەورەکەمەوە کە پیاوێکی پیر بۆتە هاوسەری (جاکلین) ئەویش هەست بە ناخۆشی‌و کەم‌و کوڕی دەکات لەگەڵ مێردەکەی دا کە ناوی (لۆکاسە) .

شانۆگەری‌یەکە وەربگرین .. وتی :ـ

مەبەست لە پێش‌کەش‌کردنی شانۆگەری کۆمێدی هەڵقوڵانی پێکەنین نیە . بە تەنها ، بەڵکو لەوە دوورترو قولترە ، چونکە بابەتی کۆمێدیا کەمتر نیە لە تراژیدیا لە هیچ ڕوێکەوە .

من تەنیا لەگەڵ کۆمێدیا هاموشۆناکەم ، بەڵکو لەگەڵ تراژیدیش پێوەندیم هەیە بە تایبەتی لە شانۆگەری خۆماڵی جا چ لە ڕووی دەرهێنانەدا بووبێ یان لە نواندن‌دا .

Institut Kurde de Paris

چالاکی بەردەوام بۆ پێشکەوتنی بژوێنەوەی ڕۆشنبیری

لەبەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری لە لقی هەولێرەوە :

● شێرزاد عبدالرحمن ●

بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر ، وەك دەزگایەكی سەر بە كەلتوورو ڕۆشنبیری ، هەر لە دامەزراندینەوە ، بەردەوامە لە تەك دەزگاكانی تر بۆ پێشكەوتنی باری ڕۆشنبیری و بەرەپێدانی چالاكی یە ئەدەبی و هونەریی یەكانی هەولێرو بەرەو پێشەوەبردنی ئەم چالاكی یانە بەتایبەتی لەم بارو دۆخەدا كە وولاتەكەمان ڕووبەڕووی جەنگی چارەنووسی بۆتەوەو دەیەوێ بەرگری لە خۆی بكات .

لە چاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەگەری مامۆستا عبدالرزاق مەرعی بەرێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر ووتی : خۆتدەزانی كە وولاتەكەمان بۆ زیاتر لە سێ ساڵ دەچێ بەوبەپێ لەخۆبردنو ئۆقرەگرتنو قوربانیدان ڕووبەڕووی ڕژێمی ڕەگەزپەرستیو نەزانی تاران بۆتەوەو دەیەوێ دەستدرێژی نامرۆڤانە بكاتە سەر وڵاتەكەمان بۆیە ، ڕۆشنبیری جەماوەر ، تەقەللای داوە كە كە چالاكی یەكانی ڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەم جەنگی مێژوویی یەدابێ بۆ دەربڕینی هەستو پالپشتی ڕۆشنبیران لەم ڕەوایەداو لە ڕێگەی قەلەمو بیروباوەڕو هونەرو هەموو بزووتنەوەكانی تری ئەم دەزگایە خزمەتی ئەم جەنگە مێژوویی یەدا بۆ دەربڕینی هەستو پالپشتی ڕۆشنبیران لەم جەنگە چارەنووسی یە بكەین .

● بەرێزی لە چوارچێوەی لێدوانەكەیدا ووتی :

ڕۆشنبیری جەماوەر لەژێر ڕاسپاردەكانی پارتو سەرەكی فەرماندە تێكۆشەر صدام حسین تەقەللای داوە كۆششی گەورەی بخاتە كار بۆ پەرەپێدانی جموجۆڵی ئەدەبیو هونەریو لایەنەكانیترو لەماوەی ئەم چەند مانگەی دووایی‌دا چالاكی یەكانمان پتربوونو هەموو لایەنەكان دەگرێتەوە .

لە بەستنی كۆڕی ڕۆشنبیری‌دا ، هەموو ، یان زۆربەی چوارشەممەوان كۆڕێكی ڕۆشنبیری لە هۆڵی بەرێوەبەرایەتی سازكراوەو تیایدا ژمارەیەك لە ئەدیبو برا ڕۆشنبیرەكانی پارێزگاو دەرەوەی بەشداربوون . . سەرباری ئەوەی كە بەرێوەبەرایەتی لە هەموو بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەكاندا بەشداری فراوانی نواندووە ، بەتایبەتی لە گێڕانی ئاهەنگو كۆر بۆ بیرەوەری تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر جەنگی مێژوویی‌داو سازكردنی چەندان كۆبوونەوە بۆ لێدوان لە بارەی دەستدرێژی ڕژێمی قوم‌و تاران‌و پێش‌كەش‌كردنی شانۆگەری «مرۆڤو ئازارەكانی» .

● لە كۆڕە هونەریی‌و ئەدەبی‌یەكانمان گەلێك ڕۆشنبیر بەشداربوون لەوانە كۆڕێكی فراوان بۆ مۆسیقا لە لایەن لقمان ڕشیدو كۆڕێك بۆ لێكۆڵینەوە لە شانۆگەری جەنابی جانەوەر لە لایەن نووسەر محمد تەیمورو باسێك دەربارەی كاری درامی لە تەلەفزیۆن‌دا لە لایەن دەرهێنەر ناصرحسن‌و بەستنی كۆڕێ بۆ لێكۆڵینەوە لە فۆلكلۆری كوردی لە لایەن نووسەر ابراهیم عزیز عمرو چەندان كۆری تر دەربارەی گەلێك لایەنی ڕۆشنبیری‌تر .

● دەربارەی پیشانگا هونەریی‌یەكان ووتی :

بەرێوەبەرایەتیەكەمان گەلێك پیشانگای هونەری بۆ هونەرمەندانی كورد كردۆتەوە كە دوابەرهەممان پیشانگای هونەرمەند عبدالواحد مەرجان‌بو ، جگە لە كردنەوەی پیشانگایەكی تایبەتی بۆ مندالان‌و تیایدا بە فلچە شیرینەكانیان باسیان لە خۆشەویستی نیشتمان‌و دەستدرێژیی‌یە چەپەلەكانی ڕژێمی ئێران كردبوو . . جگە لە هەموو ئەو چالاكی‌یانە بەرێوەبەرایەتی نەخشەیەكی فراوانی لە داهاتوودا بە دەستەوەیە بۆ پەرەپێدانی كاروانی ڕۆشنبیری كوردی‌و تەقەللای پێشكەوتنی‌و نابێ ئەو هەنگاوە گەورەیەش لە بیربكرێ كە بەرێوەبەرایەتی لە نەخشەی خۆی‌دا توانی تیپێكی هونەری بۆ شانۆ پێك‌بهێنێ‌و چەندان توانای تیپێكی هونەری بۆ شانۆ پێك‌بهێنێ‌و چەندان توانای داهێنان لەم تیپە خنجیرانەدا كۆبۆتەوەو وا خەریكن بەرهەمی دووەمی خۆیان پێش‌كەش‌بكەن‌و لەبال تیپەكانی‌تردا بەشداربن لە خزمەتی شانۆی كوردی .

بۆیە كەمجار لە بازاڕەكانماندا

جل و بەرگی مۆماڵی مندالان

ئامادەكردنی : بەشی لێكۆڵینەوەی هاوكاری

وا بەرەوپیری زستان دەڕۆین‌و بەم زوانەیش قوتابخانەكان پێشوازی منالە ئازیزەكانمان دەكەن‌و . . باوكان‌و دایكانیش جل‌وبەرگی منالەكانیان ئامادەدەكەن‌و ئەمریكی گەڕانن بە بازاڕدا بۆ ئەوەی بە نرخێكی وا باری سەرشانیان زۆر قورس نەكا كەلوپەلی پەسەندیان بۆ پەیدا بكەن .

ئەم لێكۆڵینەوەیە باسی بەرهەمێكی تازەتان بۆ دەكا لە جل‌وبەرگی منالان كە دەخرێتە بازاڕەوەو لە بەرهەمی كارگای جل‌وبەرگی ئامادەی منالانە لە پارێزگای ئەنبارەوا كە سەربە دەزگای گشتی ڕستن‌وچنینی خوری‌یە لە بووسل‌و لەگەل ئەو سەركەوتنانەدا كرایەوە كە سێ ساڵ زیاترە سوپا قارەمانەكەمان لە سنووری ڕۆژەڵاتدا دەیانهێنێتە دی .

هەر لە یەكەم سەیركردنی بەرهەمی ئەم كارگا تازەیەوە هەست بە چاكی بەرهەمەكەو باشی جۆرەكەی دەكەی بەتایبەتی چونكە بەرهەمەكە هەر بۆ منالە خۆشەویستەكانەو بۆ یەكەمجار لە وڵاتمانا دەهێنرێتە بەرهەم .

كارگایەكی تازە

لە گەرمەی ئیش‌وكاردا لەگەل نركەی مەكینەكانا گوێم شل‌كردبوو بۆ ئەندازیار هەر لە یەكەم سەیركردنی بەرهەمی ئەم كارگا تازەیەوە هەست بە چاكی بەرهەمەكەو باشی جۆرەكەی دەكەی بەتایبەتی چونكە بەرهەمەكە هەر بۆ منالە خۆشەویستەكانەو بۆ یەكەمجار لە وڵاتمانا دەهێنرێتە بەرهەم .

كارگایەكی تازە

لە گەرمەی ئیش‌وكاردا لەگەل نركەی مەكینەكانا گوێم شل‌كردبوو بۆ ئەندازیار كارگاكە بخەینە كار تا ئەو كاتەی كادیری تەواوی بۆ ئامادە دەكەین لە ڕاستیشدا نەخشەیەك هەیە ڕێكەوتوین لەسەری لە نێوان بەرێوەبەرایەتی كارگاكەو یەكێتی گشتی نەقابەی كرێكاراندا لقی نەینەوا‌و یەكێتی ئافرەتانی نەینەوا‌و خەریكی ئەوەین ئەو كەم‌وكورتی‌یەی كە هەمانە لە كرێكاراندا پڕی بكەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین كارگاكە بە تەواوی بخەینە گەڕ ، بێجگە لەمەیش مەلبەندێكمان هەیە لە كارگاكەدا بۆ دروومانی فێركردن خەریكی ئەوەو دەبێ ئەو كرێكارە ئافرەتانە فێری دروومان‌بكا كە لە كارگاكەدا هەن بۆ ئەوەی جۆرەها هونەری دروومانیان فێركات بەهۆی وەستای تواناوە . لەبەر ئەوەیش كە ئافرەتانی نەینەوا بە گەرمی ڕوویان كردوەتە كارگاكە ئێستا ٤٠ كرێكاری ئافرەتمان هەیە لە مەلبەندی ناوبراودا خەریكی مەشقن .

هەر كە چوومە كارگاكەوە حەزم لەوە دەكرد گەشتێكی پیابكەم بۆ ئەوەی ئاگاداری بەشەكانی‌و شێوەی ئیش‌كردن بم تیایاو ئەمەیشم لەو گەشتەدا بۆ هاتە دی كە هەندێ لە كاربەدەستانی بەشە بەرهەمی‌یەكان لەگەڕیا بوون .

لە بەشی نەخشەداناندا

لە بەشی نەخشەداناندا سەیرم‌كرد چۆن بەپێی تازەترین ڕێگا نەخشە هەڵدەبژێرن‌و سەیرم‌كرد جم‌وجووڵو گفتوگۆیەكی پڕپیت لە نێوان كارگەرەكاندا هەیە بۆ ئەوەی بگەنە تازەتر و نوێتر نەخشە لەم بوارەدا بە جۆرێكی وا لەگەل ئارەزووی خەڵكیدا بگونجێ بەرپرسیاری ئەم بەشە وتی بەشەكە (١٠)- نەخشەكێشی بە توانای تیایەو ئەركی هەموو قۆناغەكانی نەخشەدانانی گرتوەتە ئەستۆ واتا هەموو نەخشەكان لە كارگاكەدا دادەنرێن‌و پشت نابەستن بە نەخشەی ئامادە یا ئەو نەخشانەی كە لە دەرەوە دەهێنرێن ئەمەیش توانامان دەردەخا لە جێبەجێ كردنی ئارەزووی خەڵكیدا . هەروەها ئەو نەخشانەیش كە خرانە بازاڕەوە جێگای پەسەندی سەرلێدەران‌و شارەزایان بوون‌و لە زۆر پێشانگایشدا بەشداریمان كردوە .

هێشتمان بە ئارەزووی خۆیان جۆرەكان هەڵبژێرن چونكە ئەوان لەهەموو كەس زیاتر ئارەزووی خەڵكی دەزانن .

بازێك لە بەرهەمدا

بەرێوەبەری كارگاكە دەڵێ ساڵی ١٩٨٤ بازێكی دیار بە خۆیەوە دەبینێ لە جۆری بەرهەمەكەماناو بەرهەم دەگاتە (٦٢٧) هەزار پارچە جل‌وبەرگی منالان كە (٩١) هەزاری پاڵتۆی منالان دەبێ‌و (٢٩) هەزاری چاكەت‌و (١٣٦) هەزاری كراس‌و (١١٠) هەزاری پانتۆڵ‌و (٢٤) هەزاری تەنوورەو (١١٦) هەزاری بەروانكەی قوتابخانە . لەم كاتەدا ڕێگای دابەش‌كردنی بەرهەممان بۆ بازاڕی ناوخۆ پەرەدەستێنێ بەهۆی پیشانگاكانی بازاڕە ناوەندی‌یەكان‌و كۆمپانیای كۆگاعیراقی‌یەكان‌و كۆگا تایبەتی‌یەكانی سوباو كۆمەڵە هەرەوزی‌یەكان‌و پیشانگای دەزگای گشتی ڕستن‌وچنینی خوری لە مووسڵ .

مەلبەندێكی ڕاهێنان بۆ كادیر ئامادەكردن

لەبارەی ئەو كادیرانەیشەوە كە كارگاكە ئامادەی كردوون بۆ ئەوەی بەرهەمكاری‌یەكە بەرن بە ڕێوە وتی وامان بە باشی زانی ئێستا نیوەو ناتەواو جۆرەكانی مۆدێل و تا تەمەنی ١٦ ساڵی . لەم ژمارەیە (٥٠) هەزار پارچەی بە ڕێگای بازاڕە ناوەندی‌یەكان‌و فرۆشگاكانی ترەوە دەخرێتە بازاڕەوە . هەروەها كۆمەڵێ پانتۆڵ‌و قەمسەلەی قەیفەو كراسی جۆراوجۆرو تەنوورەو جل‌وبەرگی تری وا كە منالان پێویستیانە پێی بۆ ئەوەیش ئاگاداری ئارەزووی هاووڵاتیان بین هاتین (٥٠) جۆر مۆدیلی جیاوازمان خستە بەردەمی جل‌وبەرگ فرۆشەكان‌و پەرێوەبەری كارگەكەو بۆ ئەوەی پێم بڵێ كە كارگاكە بە یەكێ لە گەورەترین‌و تازەترین كارگای هاوجۆر دەژمێرێ لەم ناوچەیەو لە جیهاندا كە بە تایبەتی جل‌وبەرگی منالان دروستدەكا . ئەم كارگایە چەند مانگێ لەمەوبەر كرایەوەو بەرهەمی زستانەی خستە بازاڕەوەو ئەمساڵ (١٥٠) هەزار پارچە جل‌وبەرگی منالانە دەهێنێتە بەرهەم گەورەو بچووك‌و بە جۆرەها مۆدێل و تا تەمەنی ١٦ ساڵی . لەم ژمارەیە (٥٠) هەزار پارچەی بە ڕێگای بازاڕە ناوەندی‌یەكان‌و فرۆشگاكانی ترەوە دەخرێتە بازاڕەوە . هەروەها كۆمەڵێ پانتۆڵ‌و قەمسەلەی قەیفەو كراسی جۆراوجۆرو تەنوورەو جل‌وبەرگی تری وا كە منالان پێویستیانە پێی بۆ ئەوەیش ئاگاداری ئارەزووی هاووڵاتیان بین هاتین (٥٠) جۆر مۆدیلی جیاوازمان خستە بەردەمی جل‌وبەرگ فرۆشەكان‌و

★ بە پێی چەند دەستنوسێكی جوغرافی ، هەولێر زیندووترین شاری جیهانی سێ‌یەمە كە ناوی خۆی پاراستووە لە جووڵان نەكەوتووە ، لە نووسینەكانی مەلیكی سۆمەری (شولكی) ساڵی (٢٠٠٠) ناوی هەولێر وا هاتووە - اوربیلم - بەڵام لە نووسینی بابلی‌یەكان‌و ئاشوری‌یەكاندا وا هاتووە - اربا - ایلو- بەمانای شاری چوارخوا . . .

★ هەولێر لە سەردەمی ئاشوری‌یەكان‌دا مەلبەندێكی ئایینی بووە بۆ پەرستنی خواكانی ئاشور لەو كاتانەی كە ئەلیك سنحاریب (٧٥٠-٦١٨) پ.ز دەوری دەگێڕا ئاوی بەهۆی پرۆژەی ئاودێری بەستی (بەستۆرە) كێشایە . . ئاو شارەوە . . هەر لەبەر ئەوەی شارەكە لە بەرچاوان بوو گەلێك لە دوژمنان دەیانویست واگیری بكەن ، بەڵام بێسوود بوو هەولێر هەر بەقارەمانێتی‌و سەربەرزی مایەوە . . .

★ قەڵا ، شاری هەولێری كۆن‌و هەولێری ئەمڕۆ . . بایەخێكی چاكی پێدراوە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی شوێنەوارەكان . . . . . لەم ڕووەوە بەرێز ڕفیق فتح‌الله بەرێوەبەری پرۆژەی بەرەپێدانی قەڵای هەولێر دەڵێ :-

وەك هەموو پرۆژەكانی نەتەوەییەكاندا بەشداری فراوانی نواندووە ، بەتایبەتی لە گێڕانی ئاهەنگ‌و كۆر بۆ بیرەوەری تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر جەنگی مێژوویی‌داو سازكردنی چەندان كۆبوونەوە بۆ لێدوان لە بارەی دەستدرێژی ڕژێمی قوم‌و تاران‌و پێش‌كەش‌كردنی شانۆگەری «مرۆڤ‌و ئازارەكانی» .

● لە كۆڕە هونەریی‌و ئەدەبی‌یەكانمان گەلێك ڕۆشنبیر بەشداربوون لەوانە كۆڕێكی فراوان بۆ مۆسیقا لە لایەن لقمان ڕشیدو كۆڕێك بۆ لێكۆڵینەوە لە شانۆگەری جەنابی جانەوەر لە لایەن نووسەر محمد تەیمورو باسێك دەربارەی كاری درامی لە تەلەفزیۆن‌دا لە لایەن دەرهێنەر ناصرحسن‌و بەستنی كۆڕێ بۆ لێكۆڵینەوە لە فۆلكلۆری كوردی لە لایەن نووسەر ابراهیم عزیز عمرو چەندان كۆری تر دەربارەی گەلێك لایەنی ڕۆشنبیری‌تر .

● دەربارەی پیشانگا هونەریی‌یەكان ووتی :

بەرێوەبەرایەتیەكەمان گەلێك پیشانگای هونەری بۆ هونەرمەندانی كورد كردۆتەوە كە دوابەرهەممان پیشانگای هونەرمەند عبدالواحد مەرجان‌بو ، جگە لە كردنەوەی پیشانگایەكی تایبەتی بۆ مندالان‌و تیایدا بە فلچە شیرینەكانیان باسیان لە خۆشەویستی نیشتمان‌و دەستدرێژیی‌یە چەپەلەكانی ڕژێمی ئێران كردبوو . . جگە لە هەموو ئەو چالاكی‌یانە بەرێوەبەرایەتی نەخشەیەكی فراوانی لە داهاتوودا بە دەستەوەیە بۆ پەرەپێدانی كاروانی ڕۆشنبیری كوردی‌و تەقەللای پێشكەوتنی‌و نابێ ئەو هەنگاوە گەورەیەش لە بیربكرێ كە بەرێوەبەرایەتی لە نەخشەی خۆی‌دا توانی تیپێكی هونەری بۆ شانۆ پێك‌بهێنێ‌و چەندان توانای تیپێكی هونەری بۆ شانۆ پێك‌بهێنێ‌و چەندان توانای داهێنان لەم تیپە خنجیرانەدا كۆبۆتەوەو وا خەریكن بەرهەمی دووەمی خۆیان پێش‌كەش‌بكەن‌و لەبال تیپەكانی‌تردا بەشداربن لە خزمەتی شانۆی كوردی .

پێشانگەی هەڵكەفتنا بورینا سێ ساڵا ل سەر جەنگی مە د گەل دوژمنێ فارسی

ل ناڤبەرا ١٠-١٢-١٩٨٣ و بهلكەفتنا بورینا سێ سالا ل سەر جەنگی مە د گەل دژمنێ فارسی یێ كەفتە پەرست ، پێشانگەهەكا شێوەكاری ل دهوكێ هاتە پێك ئینان ژ لایێ ڕێڤەبەریا روشەنبیریا جەماوەری ل پارێزگەهێ .

ئەڤ‌پێشانگەهە ژ كارێ چوار هونەرمەندێن گەنج و چالاك بو . . گوهدار صلاح‌الدین ، رشید علی رشید ، عدنان حسن شینو ، سلێمان علی طاهر ، ئو روشەنبیریا جەماوەری راپەرەك بۆ ڤێ پێشانگەهێ چاپ كربو ، ژیانا هەر چوار هونەرمەندا یا كەسانی و هونەری تێدا ئاشكەرا كس بون هەر وەسا ژی ناڤ و نیشانێت كەڤالیت وا نا ، ئو ب ڤێ هەلكەفتنا هێژا مە پێ خوشە ئەم ژی وان و كەڤالێن وان بدەنە نیاسین ژ خویندەڤانێت هاوكاری را یێت خوشتڤی :

● هونەرمەند - عدنان حسن شینو : ل سالا ١٩٦٣ ز ل گوندێ ردێنیا - قەزا ئامێدیێ وێ هاتیە دونیایێ - شاگردێ پولێ سێ یێ یە ل ئاموژگاریا هونەرێت جوان - پشكا نیگاری ل سلێمانیێ . كەڤالیت وی یێت پشكدار د ڤێ پێشانگەهێ دا ئەڤە بون :

هزرگرن - نێچیرا مروڤا - دوو كەو - دایكەتی - دیمەنەك ژ سلێمانیێ - ئەحمەدێ خانی - ئازادی مللەتا ب ڕێڤە دبەت - ستیلایف - مالا شەهیدەكی ل كوردستانا ئیرانێ - سروشت - كاروان - دستار - گوندیەك - گوندەك - هیڤی - دایكەكا هەژار -دوو گازی - فەگوهازتنا بویكێ . .

● هونەرمەند - سلێمان علی طاهر - ل سالا ١٩٦٣ ز ل قەزا شێخانە وێ هاتیە دونیایێ دەرچوێ ئامادەیا كاوەیە ل دهوكێ .

كەڤالیت وی ژی ئەڤە بون : نەفروز نیشانا ئازادیێ یە - كەلا دمدم - بو ئاشی - دەهواتەكا كوردی - سكێچەكا كەسابەتی - فەرهاد كەڤری د كولیست - سەرباز .

● هونەرمەند - رشید علی رشید - ل سالا ١٩٦٦ ز ل دهوكێ وێ هاتیە سەر دونیایێ - قوتابیێ پولێ دووێ یە ل ئاموژگاریا هونەرێت جوان - پشكا تەشكیلی - ل سلێمانیێ .

كۆن كە پێی دەگوترێ كەرتی (ئاغەوات) تاكو ئێستا گەلێكی لێ جێبەجێ كراوە لەمانە خانووی (حاجی صالحی چەلەبی) لە ساڵی ١٩٨٣ تەواوبوو و كرا بە مۆزەخانەو كتێبخانەی قەلا . . هەروەها ئێستاكە ئیش بەردەوامە بۆ تەواوكردنی خانوێكی‌تر بەناوی (دیوەخانەی ڕشید ئاغا) كە یەكێك بوو لە سەرەك شارەوانی‌یەكانی هەولێر لە سەردەمی عوسمانی‌یەكان . . .

لە لایەكی ترەوە تەواوكردنی گەرماوی قەڵا كە مێژووی دروست‌كردنی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٠٠) ساڵ . . . سەرەڕای ئیستیملاك كردنی ٢٣٨ خانوی‌تر لە لایەن ئەم دەزگایەوە . .

هەموو كارگەرانی ئەم پرۆژەیە ئاندووو هیلاكن بۆ ئەنجامدانی ئەم گەنجینە مێژوویی‌یە تاكو لەبیر نەچێتەوەو هەمیشە زیندووبێ . . .

تاكەی باخچەی «گلكەند» نەبێتە شوێنێكی گەشتگوزاری

بۆ بەرچاوی ئەمینداریتی شارەوانی‌و هاوینەهەوارەكان

ناظم دلبەند

لە لقی هەولێرەوە

باخچەی «گلكەند» لە هەولێر شوێنێكی فراوان‌و خۆشە ، شوێنی سەیرانگای بەهارانە ، بەڵام بەداخەوە ، تاكو ئێستا ئەمینداریتی گشتی شارەوانی‌و هاوینەهەوارەكانی ناوچەی كوردستان بیری لەوە نەكردۆتەوە كە سوود لەم شوێنە وەربگرێ بە كردنەوەی چێشتخانەی گەشت‌گوزاری بۆ خێزانەكان‌و گازینۆیەك كە خەڵك بتوانێ لێی دانیشێ‌و رابوێرێ . . . یان وا دیارە ئەم شوێنە هەر بە ووشكی دەمێنێتەوەو هەر بۆ (بۆن) كردن بە كاردێت . . بۆ نەبێتە شوێنێكی گەشت‌گوزاری . . چاوەڕوانین . . .

ناظم دلبەند

لە لقی هەولێرەوە

● قەڵای هەولێر لە سەرزەوی‌یەوە درێژایی‌یەكەی ٢٥ مەترە . . .

● پانتایی یەكەی ١١٠ هەزار مەتری چوارگۆشەیە بریتی‌یە لە سێ گەڕەك «تەكیە . تۆبخانە . سەرا»

● ٥٠٦ خانووی تیایە ٨٠٠ خێزانی تیا دەژی ، خێزانە كۆنەكانی تیا نەماوە جگە لە هەندێكیان نەبێ كە ژمارەیان دەگەتە ٣٠ خێزان .



Institut Kurde de Paris

کتێبی هاوکاری

شیعری شارستانیتی‌ی جگەرخوێن

نووسینی
دکتۆر ئوردیخانی جەلیل
لەلایەن
(دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول)موە

ئامادە کراوەو خراوەتە سەر زمانی ئەدەبیو تیپی نووسینی کوردیی عیراقو ڕەواوێژی بۆ نووسراوە ..

گەلی کوردمان لە کوردستانی عیراقداو لە سایەی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمووزی هەژندا ، بەختەوەرەو بەمافی ڕەوای خۆی شادە ، باری ژیانی گەلی کوردمان ، لە عیراقی شۆڕشدا ، لە هەموو لاکانی تردا کە کوردی تیا دەژی ڕچاکترەو بەلکو زۆر چاکە، ئەمە ئێمە نایلێین، بەلکو هەموو دنیا ئەم حەقیقەتە دەزانێ ، باری گەلی کورد لە ئێرانو سوریاو شوێنەکانی تر لە ژێر باری چەوسانەوەی ڕەگەزپەرستیدا لای هەموو کەس ئاشکرایە، لەکاتێکدا لێرە ، بە کوردی دەخوێنن ، بە کورد دەنووسین ، لە هەمولایەنەکانی ژیانی عیراقدا مافمان هەیە بەلکو دوو ما فمان هەیە ، کوردو عیراقی .. کەچی لە سوریاو لە ژێر ڕگیفی ڕژێمی حافظ اسدی دڕندەدا ، ئەوەی بەکوردی بنووسێ دەربەدەرە ، ئەوە بلێ کوردم چەوساوەیە ، ئەء بەلکو لە سایەی ئەو ڕژێمەدا کورد مرۆڤی پلەی دووەمەو تا ئیستا جنسیەی سوریایی پێ ڕەوا نابینرێ ، ژیانی شاعیری کوردی سوریا «جگەر خوێن» دەر بەدەریو چەوساندنەوەی نموونەیەکە لە وییاردە ڕەگەز پەرستی‌یە ، ئێمە لە عیراق ، لە سایەی مافو لە سایەی ڕێبازی مرۆڤایەتی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمووزی هەژندا ئەم زنجیرە وتارە دەربارەی ئەم شاعیرە گەورەیە پێشکەش دەکەین ، بە دوو مەبەست ، یەکەم پیشاندانی وێنەیەکی نارەوای ڕژێمی سوریا کە بەرامبەر بە کورد ڕەگەزپەرستانەو نامرۆڤایەتیە ، دووەم لایە نی ئەدەبی ئەم شاعیرە لێهاتووە بەخوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان دەناسێنین .

● ئەدەبو رۆشنبیری ●

شیعری شارستانی‌ی جگەر خوێن

وا تەمەنی جگەر خوێن بۆ هەشتا ساڵ دەچێت . هێشتا هەر دەربە دەرەو دوور لە نیشتمان دەژی‌و لە نووسین وشیعر دوور نەکەوتۆتەوە . دەنگی دلێری جگەر خوێن بە نووسراوی‌و بە تۆمارکراوی ، بە گۆرانی‌و سرود دەگاتەوە هەموو کونجێکی نیشتمانی ئەو .

بەرەو هەشتا ساڵەی جگەر خوێن‌و بە بەشێك لە ڕێزنان‌و خۆشەویستی دەربڕین بەرامبەر بەو شاعیرە مەزنەو ئەو تێکۆشەرە نیشتمان پەروەرە . دەست دەدەینە پێناسینی ئەو کتیبەی دوکتۆر ئوردیخانی جەلیل (١) بەناوی «شیعری شارستانی‌ی جگەر خوێن(٢)»ەوە نووسیوویەتی .

ئەم‌کتێبە بریتی لە ١٩٢ لاپەڕەی ناونجی‌و لەلایەن بەشی ڕۆژهەلاتناسی‌ی ئەکادیمیای زانستی‌ی ئەرمەنستانی سۆڤێتی‌یەوە بلاوکراوەتەوە .

٩٥ لاپەڕەی کتێبەکە لێکۆڵینەوەی هۆنراوەو، ژیانی جگەرخوێنە . ئەوبێری چاپکردنەوەی هۆنراوەکانی‌یەتی . لێکۆڵینەوەکەش ٨٦ لاپەڕەی بەکوردی‌و بەشێوەی کرمانجی‌ی ژوورو ، بەو چەشنەی کوردی سۆڤێتی پێی دەدوێن ، واتە تزیك بەشە دیالێکتی هەکاری‌یەو لە بۆتانەوە نزیکترە وەك لە بادینان . دووا بەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەشت لاپەڕەی کورت کراوەیە بەڕووسی‌و هەموو نووسینی کوردیی کتێبەکەش بەو ئەلفو بێ تێکەلەی (لاتینی‌و سلاڤی) نووسراوە کە ئیستا زور بەی گەلانی ڕۆژ هەلاتی سۆڤێتی پێی دەنووسن .

بۆ پێناسینی کتێبەکەو بۆ باسی جگەر خوێن ،لە توانادا باسی جیاجیای لێدوان‌و لێکۆڵینەوەی شیعری جگەر خوێن لەو کتێبەوە وەردەگرین‌و بەم ئەلفو بێ‌بەی پێی دەنووسین‌و بەم زمانە ئەدەبی‌یە بە ڕەواوێژی پێویستەوە لە چەند ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەدا دایدەڕێژینەوە -

ع.م.د

سەرەتایەك بۆ باسی جگەر خوێن

زنجیرەی کۆیلایەتی‌ی ئیمپریالیستان ئەمڕۆ بەتینی خەباتی گەلانی ژێر دەست ووردو خاش دەبێت . میللەتانی وولاتی کۆلۆن (مستعمرە) ،ئەمڕۆ یەك بەیەك ئازادی‌و سەربەستی‌و هەقی خۆیان دەستێنن . لە ناو ئەو خەباتکاری‌یەدا تێکۆشانی گەلی کورد جێگەیەکی هێژ او شایان بە خۆی هەیە .

١ - دوکتۆر ئوردیخانی جەلیل - زاناو شاعیرو فولکلۆر ناسێکی ناسراوی کوردی سۆڤیتی‌یە . دوکتۆرای لە ئەدەب‌و زماندا وەرگرتووە . گەلێك کتێبی هەیە . لە پال دیوانی شیعردا لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی بەیتی قەلای (دمدم)ی لە کتێبێکدا بە وەرگێڕانی ڕووسی‌یەوە چاپکردووە . نووسەر کوڕی شاعیری ناودار جاسمی جەلیل‌و برای هێژووناس دوکتۆر جەلیلی جاسمی جەلیل ومۆسیقاوان جەمیلەی جەلیلە . تا ئیستا لە لێنینگراد بە کەلچەری کوردەوە خەریکە .

٢ - ئوردیخانی جەلیل ، پوێزیا جگەر خوینی باژارفانی‌یە . یەریڤان ، ١٩٦٦ .

بڕوانە ل : ٧

ڕەخنەو لێکۆڵینەوە

ڕۆمانی «المشوه»ی شێواو «خەندەلێو»

بەهات حەسیب قەرەداخی

سێیەم :

مامۆستا ئالانی بەم واتایە پێم دەڵێ :

ئەم لووت بەرزی بەرتەسکە دەیەوێ هەموو دنیا لە چەند زاراوەیەکدا بقۆزێتەوەو (کۆگا!)ی (موفردات)و دێرینە دەربڕینەکانمان بۆ خۆیان عەمبارە بۆبن! پاشان ئەوەی لێ تێگەیشتم کە گوایە من خۆم کوردی نازانم کەچی بەلامەوە وایە کە خەلکی دیکەش لەو وشە مەتەلاتەی ئالانی تێناگەن .

وەلام :

پێش هەموو شتێ ئەگەر بمەوێ دنیا بقۆزمەوە ، ئەوە مافێکی ڕەوای خۆمە وەك چۆن مافێکی ڕەوای هەر مرۆڤێکە کە خۆی ماندوو بکات .. پاشان من بە هیچ جۆرێ لەگەل ئەوە دانیم کە- گەنجینە- نەك- کۆگا!ی وشەو زاراوەو دەربڕینی کوردیی ڕەسەنمان لە یاد بچێتەوەو لای لێ نەکینەوە . بەلگەشم بۆ ئەم بڕوایەم دەقی‌و تارەکەی کاروانمە کە تیابدا وتومە :

ل ٥٩ کاروانی ٨

«داتاشین‌و بەدی‌هێنانی وشەو زاراوەو دەربڕینی نوێ‌و زیندوو کردنەوەو بووژاندنەوەی پووکاوو لە بیرچۆ وەکانیان، کارێکی ئێجگار پیرۆزو گرنگە .

خزمەتێکی گەورەیە سەبارەت بە زمانی کوردیی ڕەوانمان . بەلام ...» تا ئێرە هەلوێستم ڕوونو ئاشکرایە.. جا با بێینە سەر بەلامەکە! وەك ئەوسا وتوومە ئێستاش سوورم لەسەر ئەوەی کە لە لای من هەلەیە پیاو شاکارێکی وەك شاکارەکەی هیگۆ بکاتە حەقلی تەجاروبی خۆیی‌و ئەسپی وشەو دەربڕینی داتاشراوو سەر بە لە هجە ناوخۆیی وتەسکەکانی تیا تاو بدات ، با هەر چەندە ئەو کەسە (لێهاتووبەتوانا) بێ لە بواری زمانەوا نیدا ..هەر کارەو بارو جێو بابەتی خۆیی هەیە.. کە بێینە سەر باسی فەرهەنگۆکەکەی مامۆستا ئالانی دەبێ لەم دوو دێرەی وتارەکەی ورد بینەوە: «ناچار بووم -بۆ دۆزینەوەی زۆریان - (مەبەستی وشە مەتەلەکانە) پەڕە بەپەڕە ڕۆمانێك هەل بدەمەوە . ئاشکرایە وشە بە تەنی خاسیەت‌و مەبەستی دەرناکەوێ‌و ڕوون نابێتەوە..!! بەبێ ئەوەی بە خۆیی زانیبێ دانی بەوە دا ناوەکە ئەو وشانە مەتەل بوون‌و بۆ هەلهێنانیان پێویستی‌ی بەوە کردووە کە هەر یەکەیان لە دێرو لاپەڕەی خۆی‌دا بدۆزێتەوەو پاشان پەنا بەرێتە بەر فەرهەنگی خالو خاناو تاریك‌و ڕوونو نالەی جودایی وهتد.. دەنا ئەگەر کارەکە وا نەبووە دەبێ چ پێویست بەوە بکات بۆ لێکدانەوەو ساغکردنەوەی مانای وشەی «خۆمالی‌و باوو ئاشتا بە گوێ‌و زوبانی خەلکی» بکەرێینەوە بۆ ئەسڵی ئەو لاپەڕەو لاپەڕەو پەرەگراف‌و دێڕەی کە تیایدا بەکار هێزاوە .. خۆ دەیان هەزار وشەی کوردیی پاراو بەتامان هەن کە بەبێ هاویشتنە ناو دێرو پەرەشەوە مانایان ئاشکراو ڕوونە .. یاشان گەڕانەوە بۆ بەنای فەرهەنگ بۆ لێکدانەوەی مانای‌و شەیەك ، چاکترین نیشانەو بەلگەیە کە ئەو وشەیە یان ئەو دەربڕینە باوو ئاشنا نی‌یە .. ئەگینا دەبوایە هەرچی خەلکی خوا هەیە سێ چوار فەرهەنگی لە بن هەنگل بناباو ئینجا قسەی بکردباو گوێی بۆ قسە ڕاگرتبا !!

شایانی باسیشە کە پێش نوویسنی وتارەکەی کاروانم لە زۆر ئەدیب‌و ئەدەب دۆستی ناسراوو لە ژمارەیەکی ڕۆریش خوێنەرو ڕۆشنبیری ئاسایم پرسی ، دەربارەی ڕایان بەرامبەر بە تەام‌و چێژو پاراویی زمانی - خەندەلێو - وەلامەکان بوون بەم دوو بەشەوە : بەشی هەر زۆری ئەدیب‌و (کەلەنووسەرەکانیش) هەر ئەیان خوێندبۆوە ! .. هێندێکیشیان گوتیان : ئێمە لە زمانی قسەکردنی ئالانی حالی نابین چ جای زمانی نووسینی ! بەشەکەی تریش تا چەند لاپەڕەو بەشێکیان لێ خوێندبۆوە ونیتر (بە هۆی وشکی زمانەکەی‌و وشەی ئالۆزەوە ورەمان بۆمان تەواو نەکرا ..) بەلێ من لە پاش ئەوەی ئەم حەقیقە تانەم بۆ وەدەرکەوتن ئنجا لە خۆمم ڕابینی ببمە وەکیلی گشتی‌ی کۆڕێچکەی خوێنەران !

● ماویەتی ●

هەفتەی ڕادەی هاوکاری

بالندەکانیش کوچیان کرد

خۆر ئاوابوو ، لە بەردەم چادرەکەدا ئاگرێکیان کردەوەو لە ناو قازانێکی هیساوی شۆربایەکیان لێنا ، هەر سێکیان بە یەك دەم جوێنیان بە خەلکی بێ دین‌و ئیمان‌و دل ڕەقی ئەستەمول دەدا .

لەپڕ سمیح سەری هەلبڕی :

« بەزەییم بەمانەدا دێ ... بۆ ئەم پەلەوەرە بچووکانە پارچە پارچەیە .. تەماشای کەن . خوا دەزانێ تا بەیانی چەند دانەیان لێ دەتۆپێ » .

درێژ : «وای .. بۆ ئەم بالدارانە دلم ونجڕ ونجڕ بوو ..

قەفەسی گەورەتر هەبوایە . (دان)مان لەبەر بنانایە لەوانە بوو مردار نەدەبوون .. تا بەیانی هەمووی مردار دەینەوە ... »

خەیری : «دەمرن»

سەمیح ڕووی لە من کرد ، ئاگرەکە ڕوومەت‌و سمێلە باریکەکەی سوور هەلگەڕانبوو ووتی «کاکە .. لەوانەیە ... لە دل خۆتەوە بڵێی : باشە ئەوەندە دڵیان بەم پەلەوەرانە دەسووتێ ، ئەی دەسووتێ ئەی باشە بۆ ئەم حەمکەیە دەگرن ، کە دەیگرنیش ئەی بۆ ئەناوا قەفەسەکان پڕ دەکەن ؟.. وانییە .

« وایە . »

«لەوانەشە ئەم پەلەوەرانە تا بەیانی دانەیەکی دەرنەچێ »

« کێ دەزانی .. لەوانەش هیچی نەمرێ »

سەمیح « سەیرکە کاکە .. لەوانەیە ئەمشەو هیچی نەمرێ ..

بەیانی سەد دانەی‌کەش دەگرین ، ئەوانەش دەنیینە قەفەسەکانەوە . ووتم «زەحمەتە ...»

هەرسێکیان بە دوای منا ووتیان «زەحمەتە» سەریان دانەواندو کەوتنە والا ورد .

«تەماشاکەن» هەر کە وام گوت ، هەر سێکیان بە جارێ سەریان هەلبڕی ، تەماشایان کردم . «تەماشاکەن ، من ئیستا سەد لیرەتان دەدەمێ ، بەم پارە دەتوانن قەفەسێکی گەورەو تازە بۆ خۆتان بگرن » .

سەمیح ووتی «نایێ» .

«بۆ نایێ ؟ » .

«پارەی تۆمان بۆ چییە .. ئێمە بسم‌الله ئەمڕۆ تۆمان ناسی »

درێژ ووتی «ئەمڕۆ» .

خەیری «هەر ئەمڕۆ .. نایێ . شەرمە . . دەڕۆزەکەرین ؟ » «نەخێر .. نەخێر .. ووتم گوایە شاهۆکە دەگرن‌و .. ها ... گوایە پارەکەیتان پێشین بدەمێ » .

« بەیانی ، زوو دەیگرین »

« پێش هاتنی ئەو چاو پیسە » .

درێژ ووتی « ئا پێش هاتنی » .

هەر چوارمان پێکەوە ، تەماشای تۆغرۆڵ‌و هاورێکانیمان کرد . ئەوان وەك جارانی خۆیان دانشتبوون ، کش‌و مات چەنەی خۆیانیان خستبووە سەر چۆکیانەوە .

سەد لێرەکەم دەرهێنا ، هەر سێکیان دەستیان کردە پێکەنین ، هەلسامەپێ ، وەك ئەوانیش بە منەوە بەسترابێتنەوە هەلسان .

« خوا حافیز »

سەمیح «سبەی بەیانی وەرەوە .. سێ شاهۆکە .. چۆن شاهۆیەکی .. سێ دانەی ڕەش‌و سپی .. لەوانەیە هەر یەکەی سەد ریشۆلە بگرێ وانییە ؟»

● ● ●

ل ٤ بەبەر هەنداڕی کارو ئوتان ، سێ چوار ڕۆژ ڕێم نەکەوتە دەشتایی‌یەکەی فلوریا . مەراق بووم بزانم شاهۆکەیان گەتووە یان نە . بەلەپە تەپێ ، یەکێ لە بەلەمە بارهەلگرەکانی ناو دەریا کە بەرەو «عەمیارلی» دەڕۆیی بەیانی زوو بە ئاگای هێتام ... دوتیا تەواو ڕووناك بۆتەوە . خۆر لە پشت منارەکانەوە لە دەرچوونایە . هەر ئیستا ها نەختێکی کە تیشکی خۆر بەسەر شارو تەوەق خۆرئاوادا بلاو دەبێتەوە . شاوەژاو نکەنکی شارە زرمەکەی ئەستەمول دەگەیشتە ئەم ناوە . لە مال دەرچووم بە نێوان دارکاژەکاندا ڕۆیشتم . دارە بادەمەکان گەلاکانی لە مەلەقەدا بوون ، لە ناو دڕکەلانییەکەوە قیامەت هەلسا بوو . فڕندەیەکی بێ ژمارە ، زمرد ، بۆر ، سوور ، دۆشاوی ، سەوزکار ، مەیلەو کەوە ، بە هەزارەها لەم کومەلتە درەکەوە بۆ ئەو دڕك هەلدافرین .

«سالانێ کە دڕك حەوزەلە بستێنێ‌و پڕ بڕوێ .... » « ئەو سالانەی دڕکەکان باش دەڕوێن ، سەرە دڕك زۆردەیێ .. .. »

«کە بارانە ساڵ‌و بەفرە ساڵ دەبێت ...»

« ئەو کاتە بزانە دەبێتە چی قیامەتێ »

« ئەو کاتە قەفەسەکان لە بالندە تژی دەین»

ئەو کاتەش منالانی مەنەکشاو فلوریا ، گەرەکی جەنەت ، یەشیل بورد ، شانلی‌کوێ ، ببینە . ڕۆژانی تەڕو خۆشی پایزان بە پارەی ئەو پەلەوەرانەی دەیگرن ، پە نترۆنی تازە ، چاکەت ، پێلاو کراسی جوان جوان دەگرن .. باش‌گوێی لە جیرەو خشەخشی ، پێلاو کەل‌و پەلی تازە ، پڕ دەکەن ، شەر بە کچە جوانەکان دەفرۆشن ، قسەیان بۆ فڕێ دەدەن ...

ئەو ساڵانەی دەشتایی‌یەکەی فلۆریا یەك پارچە دەیێ بە دڕك‌و سەرە دڕکی خرو گەورە گەورە دەگرێ ، ئاشکراشە لە پایزان تۆمە دڕك لەو ناوەدا زۆر دەیێ . هەر بۆشە بە هەزارەها بەلەوەر وەك شلتەی هەنگ لە قەدو سەری دڕکە ووشك هەلاتووەکان دەئالێن بە لاسکی ووشك هەلاتوی خاوەیی ڕەنگ‌و سوورو ژنگارەوە شۆڕ دەبوونەوە .

محمد احمد اسماعیل کردویەتی بەکوردی

پەتا سپیکە

شانۆگەریەکە لە سێ بەشدا
نووسینی : کارل چاپك
مصطفی صالح کریم لە عەرەبیەوە کردوویەتی بەکوردی

پەردەی دووەم :

«ژووری نووسینگەی پرۆفیسۆر دکتۆر سیجلیۆسی بەرێوەبەری نەخۆشخانە» :

بەرێوەبەر :

ئەرموو ڕۆژنامە نووسی بەرێز . بێگومان تەنیا سێ دەقیقە کاتم هەیە ، نەخۆشەکانم هەر وەك دەیزانی !! پێم بڵێ چییە لە دڵتدا بووە بە گری؟

ڕۆژنامە نووس :

بەرێز ڕۆژنامە کەمان دەیەوێ لە سەرچاوەیەکی شارەزاو باوەڕ پێکراوەوە هەواڵەکانی بە ڕای گشتی بگەیەنێ .

بەرێوەبەر :

دەربارەی ئەمەی پێی دەڵێن پەتا سپیکە یان گولی پاپینی(١) ئەوە دەزانم!بە داخەوە دەربارەی ئەم پەتایە زۆر نووسرا ، بەلام ساویلکانە. بەرێز بە بۆچوونی من وای بە چاك دەزانم کاروباری دەردو نەخۆشی بۆ پزیشکەکان بەجێ بهێلن ، چونکە هەر ئەوەندەی لە ڕۆژنامەکاندا شتێ دەربارەی ئەم پەتایە نووسرا ئیتر زوربەی خوێنەران دەکەونە تاوتووکردن و پشکنینی خۆیان تا ئەو نەخۆشییە لە خۆیانادا بدۆزنەوە ،نایا وا نییە؟ .

ڕۆژنامە نووس :

ڕاستە ، بەلام ڕۆژنامە کەمان بە ڕاستی دەیەوێ ڕای گشتی دا مرکێنێتەوە و فەرامۆشییەکیان پێ ببەخشێ .

بەرێوەبەر :

فەرامۆشی ؟ کابرا دەتەوی فەرامۆشییان بەچی بدەیتێ ؟ سەیرکە ، ئەم پەتایە کاریگەرە ،وەك هەرەسی بەفر خلۆر دەبێتەوە و پەخش دەبێ، ڕاستە، هەموو نەخۆشخانەکانی جیهان لە جموجوولدان بۆ چارەی ئەم پەتایە ، بەلام [شانەکانی هەل دەتەکێنێ زانستەکانمان لەم کاتەدا دەستەوسان وەستاون ، بۆ خەلکەکەی بنووسە هەر کە سەرەتای ئەم دەردەیان تیادا دەر کەوت بە بێ ترس بچنە لای پزیشکەکانیان ، تەنیا ئەوە هەیە و هیچی تر .

ڕۆژنامە نووس :

پزیشکەکانیان چی دەکەن ؟ .

بەرێوەبەر :

مەلحەمی هیبەرمانگان بۆ هەژارو دەستەت کورتەکان‌و هەتوانی پیرونیش بۆ دەولەمەندەکان دەنووسن .

ڕۆژنامە نووس :

ئاخۆ ئەم دوو شتەی فەرموتن (هیبەرمانگان(٢) و (پیرونی(٣)) هیچ یاریەی نەخۆشەکە دەدەن.

بەرێوەبەر :

بەلێ ، دژی بۆگەن کردنە ، بڕینەکان کە دەم دەکەنەوە ، ئەوە مانای وایە قۆناغی دووەمی نەخۆشییە کە دەست پێ دەکات .

ڕۆژنامە نووس :

ئەی قۆناغی سێیەم؟

بەرێوەبەر :

مۆرفین ، کوڕە لاو ، مۆرفین وهیچی‌تر ، ئیتر لێ دوانیش لە سەر ئەم بابەتە ، با بەس بێ وانییە ؟

نەخۆشیەکی پیسە

ڕۆژنامە نووس :

ئایا دەردەکە درمێکی تیژ ڕەوە ؟

بەرێوەبەر :

[بە شێوەی مامۆستایەکی پسپۆڕ کە موحازەرە بدات] : بە بێی حالەتە ، ئێمە ئەو میکرۆبەی ئەم دەردە دەگوێزێتەوە ناینناسین ، ئەوەندە دەزانین بە خێراییەکی لە ڕادە بەدەر جێ گۆڕکێ دەکا ، بەلام ناچێتە لەشی ئاژەل وماڵاتەوە ، هەروەها خەلك کوتاندنیش لە توانادا نییە-بەلای کەمەوە لاوەکان- ئەو مەولە جوامێرییە ، دکتور هیروتا لە [توکیو] بەسەر خۆیدا تاقی کردەوە هاوڕێم ئێمە تێ دەکۆشین ، تێ دەکۆشین بەلام بەرامبەر بە دوژمنێکی نەناسراو ، دەتوانی بنووسی ئێمە سێ ساڵە لە نەخۆشخانە -کەماندا بەم کارەوە خەریکین ، لە پەخشنامە زانستیەکانیشماندا شتێکی زۆر بە کەلکمان دەربارەی ئەم نەخۆشییە بلاو کردۆتەوە [دەست بە زەنگە کەدا دەنێ] تا ئیستا ئەوەمان بۆ ساغ بۆتەوە ، بێ هیچ گومانێك -بەداخەوە -من تەنیا سێ دەقیقە کاتم هەیە .

سیستەرەکە : [دێتە ژوورەوە] : بەلێ ،جەنابی بەرێوەبەر .

بەرێوەبەر :

بلاوکراوەو پەخشنامە زانستییە کانی نەخۆشخانە کەمان بۆ جەنابی ڕۆژنامە نووس ئامادە بکە .

سیستەر : بەلێ

● ماویەتی ●

Institut kurde de Paris

سەرەکی فەرماندە بۆ لاوان دەدوێ/ پاشماوە

دەکەن و ئێمەیش ناڵێین نەتەوە کون و کەلەبەری تیا نیە چونکە هیچ نەتەوەیەك نیە لەسەر ڕووی زەویدا کە لە کاتی دروستبووندا بێ یا بەو شێوەیەی کە هەیە دروستبووبێ کون و کەلەبەری تیانەبێ بەڵام بۆ ئەوەی بەو شێوەیە دروستببێ کە دڵو مێشك و دەروون و نەوە تێکۆشەرەکان ڕازی بکا وەك چۆن نەوەکانی داهاتوو ڕازیدەکاو بەگوێرەی ئەڵقە پرشنگدارەکانی مێژوو بێ پێویستە لەسەر ڕێگا باشەکە سووربین و هەرئەوە بەس نیە کە وێنە ناشیرینەکانی نەتەوەکەمان دەرخەین و نابشێبێ دایپۆشین و با ئەو دۆستانەمان کە لەگەڵ عەرەبەکانا ئامادەن ڕێگامان بدەن کە بڵێین شتێکی ڕەوایە ئەگەر هەمیشە هەموو کون و کەلەبەرەکانمان دەرنەخەین لەبەردەمی هەموواندا بەڵکو پێویستە ئەوە بهێڵینەوە کە تایبەتی یە بۆ ئەوەی لە ماڵی داخراودا باسی بکەین کە ماڵی عەرەبە وەك یەك خێزان و لە هەمان کاتیشدا باسی ڕێبازە سەرەکی یەکانی کەم و کووڕی یەکانمان بکەین بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی سوودیان لێوەرگرێ و لەگەڵ مرۆڤایەتیدا دەست تێکەڵ بکەین بە ڕێگای باشتر بووندا ٠

ڕێگای ڕاست

کە وابوو پێویستە لەسەرمان بڵێین ڕێگای ڕاست کامەیە و ئەمەیش هەر بە قسە نابێ بەڵکو دەبێ بە جۆرێکی وا ڕەفتاربکەین کە لامان وابێ کە ڕێگای ڕاستە بەگوێرەی بەراوردکردن یا بە شێوەی ئەو وێنەیەی کە دوور بۆی دەڕوانین ٠٠ ڕێگایەکی ڕاست ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕێگاکانی تردا یا ڕێگای ڕاست بە شێوەی ئەو بیرەی لە مێشکمانایە و لەسەر ئەوە بنیاتنراوە کە لە باری واقیعیمانەوە دەستبکەین پێی و لەو کاتەدا کە بەرەوپێش دەڕۆین تیایا ٠٠

بەڵای منەوە ئەمەیش ئامۆژگاری نیە بەڵکو لە شێوەی هاو ڕەفتاری یە لە نێوان مەن و ئێوەدا لاوان لە واقیعەوە بجوولێنەوە نەك لە شتی ڕووتەوە چونکە ڕووتی حاڵەتێکی کەم و کورتەو ڕێگای وا ناتوانێ بمانگەیەنێتە ئەنجامێکی باشتر ٠

لە هەمان کاتیشدا جەوجوول لە واقیعەوە بەو جۆرەی کە ڕازین لەوەی هەیە یا سەری بۆ شۆڕبکەین حاڵەتێکی وایە پێی ڕازی نابین چونکە ئەمیش نامانگەیەنێتە ڕێگایەکی باشترو وەك باوەڕم پێیە ڕێگای ڕاست ئەوەیە کە لە واقیعەوە دەست پێبکەین بێ ئەوەی بەسترابینەوە بۆ ئەوەی باری بگۆڕین بە بارێکنی باشتر لە کاتێکی وادا دەبێ بە چاوێکی هۆشیارانەوە سەیربکەین و سەبرمان هەبێ و لەسەرخۆ و ژیربین بە جۆرێکی بەرین نەك تەسك هەست بە ئەرکی ئەو کارە بکەین کە دەیکەین و پێویستی ئەو کارانەی کە دەیانکەین بە شێوەی هاوکاری برایانە لەگەڵ براکانا هەتاکو ئەگەر نموونەیش بین و ئەگەر هەر یەکێ لە ئێمە لای وابوو کە نموونەبێ دەبێ ئەوەی لەبیر نەچێتەوە کە هاوکاری و دەست تێکەڵکردن نموونەیەکی باشتر دروستدەکاو دوورەپەرێزی ئەم نموونە یە دەکوژێ هەتاکو ئەگەر کە بەراوردیشی بکەین نموونەیەکی باشتر بێ لەگەڵ نموونە عەرەبی یەکانی تردا ٠٠ لاوان موستەحیلیان لەبەردەمدا نیە و لە پشتیشیاتەوە شتێکی وا نیە مەترسی لێ بکرێ بەڵکو خۆر لە پێشیانەوەیە هەموو کاتێ ئەو لووتکانەی کە بێ ئەوان ژیان بە ڕاستی هەڵنایەو چونکە توانای لاوان بێ سنوورەو نابێ سنووری هەبێ بەڵکو نەتەوەکان هەمیشە چاوەڕێی زۆرتر دەکەن لە لاوەکانیان و زۆرتر پشتیان پێ دەبەستن و هیوای زۆرتریان پێیانەو ئەمەیشە هیوای ئێمە بە لاوانی نەتەوە ٠

لە هەموو بارێکدا نابێ لاوان لایان وابێ کە موستەحیل لەسەر زەویدا هەیە و کاتێ کە لەو باوەڕەدابن کە دەتوانن فلان نموونەو فلان مەسەلە جێبەجێبکەن ٠٠ ئەمە جێبەجێ دەبێ چونکە هەموو ڕەگەزە باشەکانی ژیان و ئاسمان لەگەڵ ڕەگەزی کردەوەی باشدان بەرەو پێشەوە بۆ ژیانی باشتر ٠

بەرەو بارێکی باشتر

بەمجۆرە هەمیشە ئاسمان باری تازەی بۆ زەوی دروستدەکرد بۆ ئەوەی باری زەوی بگۆڕێ لە بارێکەوە بۆ بارێکی چاکتر ئەگەر ژیان و ئاسمان لە یاسا سەرەکی یەکانیانا شتێکی وایان تیا نەبێ لەگەڵ کردەوەی چاکدا نەگونجێ بەرەو باشتربوون و شتی تازە دروستکردن دەبێ چونکە لاوان لایان وابێ موستەحیل هەیە ٠٠ هیچ ئەرکێك نیە لەسەر زەویدا کە سیتڕابێ بە مرۆڤ موستەحیل بێ ئەگەر باوەڕی بەوە هەبێ کە توانای ئەوەی هەیە بیکاو ٠٠ ئەمەیە سەرەتای ڕاستی بەرەو باشتر چوون ٠٠

ئێمە زۆر شادمانین بەو بەیەك گەیشتنانەی کە دەیکەن و ٠٠ چەندە ئەم بەیەك گەیشتنانە نزیکتر بن باشترەو ٠٠ چەندە زۆرتر بەشداری تیابکەن لەگەڵ جیاوازی بیروڕایانا باشترە ٠

پێویستە لاوانی عەرەب لەسەر بیروڕای وا نەژین کە شت لە پێنەوە بڕیاری لەسەر درابێ و نەهێڵێ هاوکاری لەگەڵ یەك بکەن بەڵکو لەو کاتەدا کە لەو بیروڕایانەوە دەستپێدەکەن کە لایان وایە ڕاستن دەبێ دەرگاو پەنجەرە بە کراوەیی بهێڵنەوە بۆ بیروڕایان تێکەڵی یەکتر ببێ بەرەو حاڵەتی باشترو لە پێناویاو هەوڵی زۆریش بدەن بۆ ڕووبەڕووبوونی نەخۆشی یە تازەکان ٠٠

زۆرپەی عەرەب ئەوسا هەژارو چەوساوەبوون و لاتی و هەژاری سەری تێکردبوون بەڵام کە بوون بە چەندەها دەوڵەتی سەربەخۆ پاش ئازادبوون لە ئیمپریالیزمی کۆن وای لێهاتوە توانا لەناو وڵاتانیانا نەشونوما دەکاو لەبەر ئەوە لەوە دەترسین چینایەتی لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبدا پەیدابێ ٠٠ ئەوە دەترسین حاڵەتێکی وا پەیدا ببێ دەوڵەتێکی عەرەبی تەواو ڕقی لە دەوڵەتێکی تر بێ بە تەواوی ٠٠ بەگەلو ڕژێمەوە ٠٠ چونکە حاڵەتێکی باشتر هەیەو حاڵەتە باشترەکە حاڵەتە ـ هەژارەکە ـ نابینێ و ئەمە ئەگەر ـ نەخوازەلا ـ ڕووبدا نەتەوە لەتەلەت دەکاو باری چینایەتی دەکاتە کێشەیەك لەنێو دەوڵەتانا بە شێوەیەکی چینایەتی لەنێوان هەژارو دەوڵەمەندا ٠٠ دەوڵەتێکی تەواو دژی دەوڵەتێکی تری تەواو بێ و بەم جۆرە گیانی نەتەوایەتی بکوژرێ ٠

بەمشێوەیە ڕاهاتووین

بەپێی ئەم بیروباوەڕانە پێش شەر عیراق پێشنیارێکی پێشکەش بە برا عەرەبەکانی کرد بۆ ئەوەی سنووقێکی عەرەبی دابمەزرێنرێ لە شێوەی هەق بۆ ئەوان و ئەرك لەسەرئەواندا ٠٠ ئەو دەوڵەتانەی توانایان هەیە پارە بدەن بە سنووقەکەو ڕۆڵەکانی ئەتەوە لە وڵاتانی تر بێ منەت لە سنووقەکە وەرگرن بە شێوەی ئەوە عەرەبی هەقی هەیە بەسەر براکانی تریەوە بەم جۆرە تانوپۆی عەرەب پتەودەبێ ٠٠ بەڵام کە شەڕ بەرپا بوو و کۆنگرەی لووتکەی عەرەب بەسترا لە بارێکی دەروونی وادا نەبووین کە لەناو برا قوربانیدەرەکانمانا بین چونکە لەسەر ئەوە ڕاهاتبووین کە پێشنیارێك پێشکەش نەکەین لە پێشەوەی ئەوانەوە نەبین کە جێبەجێی بکەن بۆ ئەوەی کە لە مێشکمانا بوو ئەوە بوو پارەکە زۆرلەمەمە جێبەجێ کردنەوە ڕوون بێ ٠

بەڵام کە پاش شەڕ کۆنگرەی لووتکەی عەرەب بەسترا لەو کاتەدا لە هەندێ برایانی عەرەب قەرزمان وەرگرتبوو ئیتر نەدەبوو عیراق جیاوازبێ لەوانەی کە جیاوازبوون لە بەشداوی کردندا لەم سنووقە لەبەر ئەوە بڕیارەکە مامناوەندبوو بەڵام سەرەتایەك بوو و توانای ئەوەی هەبوو پەرەبسێنێ و قەوارەی پارەکە لە سنووقەکەدا نیو ملیۆن دۆلاربوو لە کاتێکدا ئەوەی کە لە مێشکمانا بوو ئەوە بوو پارەکە زۆر لەمە زۆرتر بێ ٠

لەمەوە ئەمەوێ ئەوە بڵێم نابێ سوود لە نیوەهەنگاو وەرنەگرین و چاوەڕێی هەنگاوی تەواو بکەین و نایشبێ بە نیو هەنگاو ڕازی بین لەجیاتی هەنگاوی تەواو لە پێوەندیمانا لەگەڵ ژیان و لە پێوەندیمانا لەگەڵ برایانی عەرەبماندا بەو پێیەی کە عەرەبین ٠٠

شەڕ تاقیکردنەوەیەکە بۆ قووڵی بیروباوەڕ

لەنێوان گەلتانا لە عیراق کە بەشێکی ئێوەیە ڕووبەڕووی کارەساتی زۆر بوو کە یەکێکیان کارەساتی شەڕە یا با بڵێین شەڕ تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ ڕادەی قووڵی بیروباوەڕ لە دڵو دەروون و مێشکی عیراقی یەکاناو تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ ڕادەی هۆشیاری و ئامادەبوونیان بۆ قوربانیدان لەپێناوی ئەو بیروباوەڕانەدا کە ئیمانیان پێیانەو کە بیروباوەڕی نەتەوەی عەرەبن لەگەڵ جیاوازی نەوەکانیانا ٠٠

عەرەب هەموو بارێکی باشتریان دەوێ و بیروباوەڕی جۆراوجۆر لەناو عەرەبدا هەیە لەم بارەیەوە و ئەمەیش مەسەلەیەکە پێوەندی بە ژیانەوە هەیە چونکە دەبێ بیروڕای جۆراوجۆر هەبێ و وا نەبێ ژیانێکی باشتر نایەتە دی لە کاتێکدا هەر یەکێ لای وابێ ڕێگاکەی ئەو باشترە دەبێ ئەوە بخاتە بەر دەمی کە دەبێ هاوکاری لەگەڵ برا عەرەبەکانیا بکا ـ بەرەو ڕێگای باشتر ٠

سووربوون لەسەر شت کوشندەیە هەتاکو ئەگەر یەکێ لایشی وابێ ژیانێکنی باشتر دروستدەکاو گوێ نەدانیش کوشندەیە براکانتان و لە پێشیانەوە لاوان بەڵێنیان بەجێ هێنا بۆ نەتەوەی بیروباوەڕو بۆ گەلی بیروباوەڕو بۆ مێژوو بۆ پاشەڕۆژو ئیستا وەك یەكو عیراقی تازەیش بە هێزو بە وردی دروست دەکەن و بە تواناو بە وردی شەڕ دەکەن و هاوکاری نێوان ئەم دوو چالاکی یە لەژێر یەك خێوەتدا دەکرێ کە خێوەتی بیروباوەڕی بەرزە ٠

بەرگری لە نیشتمان بیروباوەڕە

بەرگری کردن لە نیشتمان بیروباوەڕە چونکە باوەڕهێنان بە نیشتمان حاڵەتێکی ڕووت نیە بەڵکو حاڵەتی ژیانێکی تەواوە لەسەر ئەو زەوی یەی کە نیشتمانەو نابێ کەس و سەیری نیشتمان بکا کە خاکێکی ڕووتە بەڵکو بریتیە لە خاك و ئاوو ئاسمان و هەواو ئەو ژیانەی کە بەسەر زەوی یەکەوە هەیە ٠٠ ئایا نیشتمانێ ئەمە وەسفی بێ شایانی ئەوەی نیە مرۆڤ شەڕبکا بۆ پاراستنی کاتێ کە بای زەرد لە تارانەوە بیخاتە مەترسی یەوە ئەو بایەی کە دواکەوتن و تێڕوانینی تاریك بۆ ژیان لەگەڵ خۆیا هەڵدەگرێ و لە هەموو مانایەکی ژیان و تازەکاری تیایا پاشگەز دەبێتەوە ٠٠

هەندێ برایان بە تایبەتی عەرەبی کەنداو عیراقیان بەو بەستە ناوناوە کە نامێڵێ لافاوی تێکدەر بگاتە بەشێکی نەتەوە ئەگەر نەڵێین هەمووی نەتەوەی عەرەب ٠٠ ئایا ئەمە شەرەفێکی گەورە نیە بۆ عیراقی یەکان تا ڕادەی شەهیدبوون شەڕبکەن بۆ بەرگری کردن لە عیراق و ئەم بیروباوەڕانە بۆ ئەوەی شەرەفی نەتەوە بپارێزن بە ڕاستی شەرەفێکی گەورەیە ٠٠ بەڵکو دەڵێین کە وا عیراقی یەکان بەپێی ئەم تێگەیشتنە کە بەرگری دەکەن لە مرۆڤایەتی لە مانا تازەکانیا دژی پاشگەزبوونەوە بەرگری لە هەموو بیروباوەڕی مرۆڤایەتی دەکەن دژی ئەو شێوەیانەی دواکەوتن کە لە تاران ئامادەکراون و لەوێوە دێن ٠

سەرکەوتن هاوسوێندتان دەبێ

گومانی تیا نیە لەم چەرخەدا ٠٠ چەرخی ڕووناکی چاوەڕێکردن و ئازادی و خۆر ٠٠ چەرخی تێکنۆلۆژی و زانست و کۆتایی سەدەی بیست ئەوەی لەگەڵ یاسا ناوەندی یەکانی ژیاندا بێ یا پێشەوایانبێ سەرکەوتوو دەبێ و ئەوەیش بە تەوژمی هەڵەوگەڕاو سەوڵ لێدا و بە ڕێبازی هەڵەوگەڕاودا بڕواو ئەوەی لە ژیان پاشگەز بێتەوە لە مانا تازەکان و ناوەڕۆکە تازەکانیا دۆڕان و شکان زیاتر هیچی دەسگیر نابێ ٠٠ بەم جۆرە دڵنیاتان دەکەین بە یارمەتی خوا بەهێزی براکانتانەوە لە عیراقدا سەرکەوتن هاوسوێندتان دەبێ و زەمانە هەر پتەوترو وردترو هۆشیارترمان دەکا لە بینینی ئەرکو کردەوەماندا لە مەیدانی شەڕداو زەمانە هەر خوراوانترو نائومیدترو دوڕاوتریان دەکا ٠

بە خێرهاتنمان بۆ عەرەبەکان و سلاومان بۆ براکانتان لەو وڵاتانەوە کە لێیانەوە هاتوون و بەخێرهاتنمان بۆ میوانانی عەرەب و ٠٠ هیوای سەرکەوتن و سەربەرزی و بەختەوەری و هێمنی و ئارامی هەموانمان هەیەو ٠٠ میوادارین هەموو بگەن بە ئامانجە بەرزەکانیان ٠

کۆڕێکی ئەدەبی لە دهۆك

ل ڕۆژا ١٥ ـ ٩ ـ ١٩٨٣،ل دەم ژمێرا شەشی ئێڤاری ٠٠ ئێکەتیا نڤیسەڤانێت کورد ل دهۆکێ کۆرەکێ ئەدەبی بۆ سەیدایێ هێژا وبەرکەتی ، هوژانڤانێ ناڤدار عبدالرحمن مزیری پێك ئینال بارەگایێ ئێکەتیێ ٠

د ئی کوری دا سەیدای بەحسێ ریالزمێ کر ٠٠ ژ ڕۆژا دەرکەتی هەتا ئەفروکە ئو ئەڤ بابەتە کر بو سێ ڤوناغ ، ڤوناغا ئێکێ [ریالزم] بۆ ، کو بگشتی بەحسێ پەیدابونا ریالزمێ کر ئو چەوا ژ فەلسەفێ ڤەگوهوزی ئەدەبی ، هەر وەکو د پەرتوکا دا هاتی سەیدا ژی یێ تبا بو د گەل وێ هزرێ ئەوا دبێژیت کو ریالزم بەری کو د ئەدەبی دا پەیدا ببیت ، د فەلسەفێ دا پەیدا ببو دەمێ د بێژیت : (کانت) ی سالا ١٧٩٠ ز د پەرتوکا خو دا [نقد العقل الخالص] بۆ جارا ئێکێ پەیڤا [ریالزم] بەرامبەر [مثالیە] د دانیت ٠

هەر وەسا ڤێرا چوو گوت : بۆ جارا ئێکێ ریالزمێ د ئەدەبی دا سەرێ خۆ هلدا سالا ١٧٩٨ ز ل نك [شیلەر] ێ ئەلمانی ، ئو سالا ١٨٣٠ ز ل نك رەختەڤانێ فەرەنسی [گوستاف بلانش] ی ٠

پاشی ڤێرا چوو گەهاندە ڤوناغەکا دی یا ریالزمێ ئەو ژی [ریالزما هەڤپشکی] یە ٠

ل بەراهیا بەحسکرنا ڤێ ڤوناغێ ، سەیدای گوت : بۆ جارا یەکێ (گورگی) زارافێ ریالزما هەڤپشکی د کونگرا ئێکێ دا یە نڤیسەڤانێت سوفیەت سالا سیهو چوارێ بکار ئینا ، ئو ئەڤ ریالزمە د ڕومانا وی دا (دەیك ١٩٠٥) و شانوگەریا (دوژمنان) خویا د بو ٠پاشی ڤێدا چوو گوت ٠ئەڤ ریالزمێ هند هاڤلی ب ریالزمێت بوری هەیە کو ل سەر رەمێت وان شینبویە ؛ هندەك پەیوەندی ب واقعی ڤە هەیە کو شورەشە ل سەر واقعی بخۆ بۆ درستکرنا واقعەکێ نوی ٠ پاشی سەیدای گەلەك نحونە ، شعر و شاعر و رومان و چیروك و رەخنەڤان دەست نیشان کرن ژ بو روهن کرنا ڤی بابەتی ٠ دیڤدا ماژوتە ڤوناغەکا دی ژ ریالزمێ ، (ریالزم د ئەدەبێ کوردی دا) ٠ ل سەرێ ڤێ ڤوناغێ پەرتوکا دکتور (عزالدین رسول) ی دەست نیشان کر و ئینا مەیدانێ کو تێدا باسی واقعیەتێ دکەت د ڤلکولورێ دا ، وەکو ستران و سەرهاتی و لاوك و گوتنێت مەزنا ٠ لێ سەیدا عبدالرحمن بتنێ بەحسێ شنیعرێ کر ئانکو ریالزم دشیعرا کوردی دا

چونکو هەر وەکو دبێژیت بزاڤا چیروك و شانوگەریێ گەلەکا کزە ٠ ئو ڤێرا چوو شاعرێت کورد بێت نافدار هەمی مژمارتنە وێرێ ژ بلی گورانێ مەزن کو ئەوە بابێ ریالزما هەڤپشکی د ئەدەبێ کوردی یێ هەڤ چەرخ دا ، ئو نزا بووچی ؟ ٠٠

براستی سەیدا مزیری یێ سەرکەتی بو د بابەتێ خۆ دا ئو گەلەك خۆ وەستاند بو و گەلەك ژێدەرێت گرنگ بکار ئینا بون ، ئو پشتی بدوماهی هاتی ئاگرێ گەنگەشێ هلبو وهەر ئێکی ل دویف قەوەتا خۆ پف کرە بزوتەکی و سوحبەت گەرمبو ٠

براستی خەتە وەلێ بێت، چونکو هەمی گافا یا وەسایە و تورەڤانێت دهۆکێ گەلەك پویتەیی د دەنە ڤان نیارا و ل دویف دچن ، مەلبەت ئەڤ چەندە گەلەك تشتەکێ باشەو یێ ب سودە ٠

لێ با خوزی کورێ مە یێ بەرفرەح تر با دا کو جهێ دوو سەەتا ، پێنج سەەتا کێشا با بەلێ با مەی هو ٠٠

رمضان عیسی
تایێ دهۆکێ

سوپاس

سوپاسی گەرمی ئەو بەرێزانە دەکەین کە ئەرکی هاتنە سەرقەبران و پرسەی کۆچی دوایی ئامۆزامان محمد احمد جەلالیان کێشایان بە بروسکە سەرخۆشیان ئی کردین ، نمونەیان زۆربێ و دووربن لە ناخۆشی ٠

مصلح جەلال

ئەنجومەنی یاسادانانی ـ پاشماوە

پارەیەکی وایان بۆ تەرخان کرا کە لە بۆدجەی سالی رابوردوو زیاتربوو ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بایەخی بەسەرکردایەتی حزب و شۆرش بەمڵایەنانە ٠

ئەنجومەنەکە لە کۆبوونەوەکەدا گوێی لە ڕاپۆرتی ئەو لیژنە تایبەتی یە گرت کە پێکهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوەی بۆدجەکەو تێبینی بەرامبەر هەندێ بەش و بڕگەی بۆدجەو ئەو پارانە هەبوو کە بۆ هەندێ ئەمینداریتی گشتی تەرخان کرابوو ٠

ئەنجومەنی ڕاپەراندنی ـ پاشماوە

دەزگایانەی سەر بە بەرێوەبەرێتی یەکانی ناوچەکەن ٠

هەروەها دووباتی ئەوەی کردەوە کە سەردان و گەڕانی مەیدانی بۆ ئاگاداربوون لە کاری ئەو دەزگایانەو بێویستیان و بەزوتربن کات بە پیرەوەچونی خواستیان شتێکی پێویستە ٠٠ ئەنجومەنەکە لە کۆبوونەوەکەدا دەمەتەقێی دەوری دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە دۆخی پڕخەباتی ئەمڕۆدا کرد کە وڵاتەکەمانی پێدا دەڕواو باسی دەوری ـ کارکردن و وریاکردنەوەو ئامادەکردنەوەی جەماوەری کرد بە وریایی ئەوە کە گیانی سەرکەوتن و بەخشش دژی دەستدرێژی ڕژێمی ئێرانی داخڵەدڵ زیاد ئەکات و نەخشەکانی هێزە ئیمپریالی و ئەو بەکرێگیراوانە پوچەڵ ئەکاتەوە کە پەرامبەر خاکی نیشتمان ناپاکن ٠

لە کۆبوونەوەکەدا بریاری ئەوە درا کە پەلە لە تەواوکردنی ڕاپۆرتی سالانەی بەرێوەبەرێتی یەکانی ئەنجومەنی ڕاپەراندن سەبارەت بە گورج و گۆڵی و بەرهەمەکانیانی ئەمسالیاندا بکەن بۆئەوەی بیدەن بە ئەنجومەنەکە تاکو یەکیان بخات و بیداتە ئەو شوێنە مەلبەندیانەی کە تایبەتن بەو کارانە ٠

کتێبی هاوکاری ـ پاشماوە

ئەدەبیاتی کوردی عیراق و سوریاو ئێران لە کۆپی خەباتی ئەو گەلە ئازادیخوازەدا ،لە هوشیار کردنەوەی خەڵکدا ، کارێکی زۆر مەزن دەکات و بۆتە ئاوێنەی ئەو خەباتە مەزنە ٠

ئەدەبیاتی کوردی هەموو کاتێ سەرنجی خوێندەوارانی بەرەو مەسەلەی برایەتی و ئامۆزایەتی گەلانی دراوسێ و پێکەوە خەبات لەگەڵ ئەواندا ڕاکێشاوە ٠

ماویە لی

ئەنجومەنی وونبوونی دەفتەری تەقاعدی

بە ناوی نعیمە محمد رشیدەوە دەفتەرێکی تەقاعدیم وون کردوە کە لە بەرێوابەرایەتی تەقاعدی هەولێرەوە دەرچووە نکایە هەر کەس دۆزیەوە بیدات بە لقی هەولێر ٠

لەناو دۆزەخی ئێرانەوە

٠٠ بەردەوامی کوشتن و بڕین و لەسێدارەدان

٠٠ کار بەدەستانی ڕژێمی ئێران دزو جەردەن

● لەم هەفتەیەدا ، دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی بەردەوام بوون لە پەردە هەڵماڵین لە ڕووی ناشیرین و درندانەی کار بەدەستانی ڕژێمی ئێران کە بەردەوامن لە کوشتن و بڕینی گەلانی ئێران و لەم هەفتەیەدا دامو دەزگا مرۆڤایەتیەکانی دنیا باسی ئەوەیان دەکرد کە ڕژێمی ئێران خوێنی ئەوانە دەمژێ کە بریاری ئیعدام کردنیان دەدرێ و خوێنەکانیان دەدرێ بە بریندارەکانی پاسدارانی خومەینی جادووگەر ٠

هەروەها ڕێکخراوی موجاهیدی خەلق لە پاریس ڕای گەیانە کە کرێکارانی کانەکانی باکوری ئێران توشی کوشتن و بڕینی درندانە بوون بە دەستی پاسداران چونکە داوای مافی ڕەوای خۆیان کردوە ٠

● هەر لەم هەفتەیەدا ، ڕۆژنامەکانی ناوچەکە ڕایانگەیاند کە برایەکی ڕافسنجانی سەرەکی پرلەمانی ئێران بە قاچاخچی تلیاك دەرچوەو ئەم کابرایە کە بەرێوەبەری ئیستگەو تەلەفزیونی ئێران بوو لە نێوان شاری زهران و کرماشاندا خەریکی قاچاخچیەتی تلیاك بوە ٠

دیسان ڕاگەیەنرا لە ماوەی سێ مانگی دواییدا ١٩٣٩ کەس لە ئێران گیراون ٠٠

Institut kurde de Paris

عیراقی نیشتمانمان له سه‌روو له‌مووشتیکه‌وه‌یه

صلح جه‌لالی

هه‌روه‌کو سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین له کۆڕی هاوکاری ئه‌ره‌بداوونی : به‌رگری‌کردن له نیشتمان باوه‌ڕه چونکه باوه‌ڕ به نیشتمان ته‌نیا دۆخێك نیه به‌ڵکو هه‌مووژیان له‌سه‌ر ئه‌و خاکه ئه‌گرێته‌وه که نیشتمانه‌و ناشکرێ ته‌نیا به‌چاوی ئه‌وه‌وه ته‌ماشابکرێ که هه‌ر خاکه‌٠٠ به‌ڵکو خاڵو ئاوو ئاسمانو باو ئه‌وژیانه ئه‌گرێته‌وه که‌له‌سه‌ر ئه‌مویدایه ٠

که‌واته به‌رگرکردن له نیشتمان به‌رگری‌کردنه له باوه‌ڕو له خاڵو ئاوو ئاسمانو باو ئه‌و ژیانه‌ی که له‌و نیشتمانه‌دا هه‌ن ٠٠ به‌رگری‌کردنه له مرۆڤی ئه‌و نیشتمانه‌و له‌سه‌ربه‌ستی‌و پێشکه‌وتنی ئه‌و نیشتمانه ٠

عیراقی یه‌کان هه‌میشه به‌م باوه‌ڕه‌وه له به‌ره‌کانی جه‌نگدا ئۆژی ئۆژیمی چاوچنۆکی ئێران شه‌ڕ ئه‌که‌نو به‌م‌گیانه به‌رزه‌شه‌وه‌ده‌جه‌نگن بۆیه هه‌میشه سه‌رکه‌وتوونو سه‌رکه‌وتووش ده‌بن ٠٠ به‌م توانا مه‌زنه‌وه له‌مه‌یدانه‌کانی کاردا باتی کاریان لێ‌هه‌ڵمالیومو ڕۆژبه‌ڕۆژ ولات پێش‌نه‌خه‌نو به‌رهه‌می چاکتر ده‌ده‌ن ٠٠ به‌ڵێ به‌م هه‌سته باڵایه‌وه له‌ده‌وری سه‌رۆکایه‌تی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین کۆبوونه‌ته‌وه‌و به‌وپه‌ڕی قوربانی‌دانو له‌خۆبوردنه‌وه پارێزگاری ئه‌و دەسکه‌وته‌پیرۆزانه‌ئه‌گه‌ن که له به‌ره‌به‌یانی سه‌رکه‌وتنی شۆڕشی ١٧-٣٠ی ته‌مووزی ئه‌مره‌وه تا ئه‌مڕۆ ده‌ستیان که‌وتوون ٠٠

میلله‌تی عیراق هه‌میشه‌و هه‌موو کات ئه‌فره‌تی له‌وکه‌سانه کردووه که خۆی به بێگانه ده‌فرۆشێ‌و دژی میلله‌ته‌که‌ی خۆی رادەوه‌ستێ ٠٠ ئه‌مڕۆش ئه‌و ده‌سته خۆ فرۆشانه‌ی بارزان که‌خۆیان به مه‌لا ئه‌زانه‌کانی تارانو قوم فرۆشتوومو له‌شکری ئێران له ڕێگه‌ی کوردستانی عیراقه‌وه به‌رئه‌ده‌نه گیانی کورده‌کان خه‌یالیان پووچو خاوه ٠ ٠چونکه میلله‌تی عیراق ٠٠ به کوردو عه‌ره‌به‌وه ٠٠ ئه‌وخۆفرۆ شانه چاك ده‌ناسێ‌و به‌و بیرو باوه‌ڕیشه‌وه عیراقی خۆشه‌ویستمان ده‌پارێزێ ٠٠ له‌به‌ر ئه‌وه هه‌ر هه‌نگاوێ ئه‌و خۆفرۆشانه ببینێ ٠٠له‌و لایه‌ن عیراقی‌یه‌کانه‌وه به‌ده‌ستی پۆلایین لێیان ده‌درێ‌و تێکده‌شکێنرێ هه‌ر وه‌ك له‌هه‌موو شه‌ڕه‌کانو شوێنه‌کانی سه‌ر سنووردا تێکشکێنران ٠٠٠

به‌ڵام هه‌سته‌یه‌کی کوردی هه‌یه‌ده‌ڵێ درۆزن هه‌ر یه‌کجار ناشتا نه‌کات ٠٠ ئه‌م خۆفرۆشانه‌ش که به ساخته‌و درۆ ده‌ستی هه‌ندێ که‌سیان بریوه ٠٠ ئه‌وکه‌سانه‌ی که شوێنیان که‌وتن درۆو ساخته‌ی ئه‌مانه‌یان بۆ ده‌رکه‌وت‌و گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ خاکی نیشتمانو خوه‌ت‌کردنی میلله‌ته‌که‌یان ، له پێش هه‌موو شتێکه‌وه پێویسته٠٠ چونکه هه‌ل له‌به‌رده‌مدایه بۆ ئه‌وه‌ی چاویك به خۆیانو به کردارو به‌خواستی نیشتمانو میلله‌ته‌که‌یاندا بگێڕنه‌وه‌و بیر له ساخته‌و درۆو ده‌له‌سه‌ی ئه‌و خۆفرۆشانه‌و ده‌ست درێژی ڕژێمی ره‌گه‌زپه‌رستی ئێران بکه‌نه‌وه که یه‌کێ له دڕنده‌ایه‌تی‌یه‌کانی ئه‌م ڕژێمه بۆردومان‌کردنی دێی شانه‌دەری لای سلێمانی‌بوو که ٥٧ په‌نجاو حه‌فت منداڵو ژنو پیرو لاوی کوشت‌و بریندارکرد ٠٠ به‌ڵێ هه‌له که چاوێ به خۆیاندا بگێڕنه‌وه ٠٠ له‌وه‌ش بگه‌ن که عیراقیه‌کان بۆیه سه‌رکه‌وتوون به‌و گیانو هه‌ستو بیروباوه‌ڕو هۆشه‌وه خزمه‌تی عیراقی پێشکه‌وتوو سه‌رکردایه‌تی لێهاتوو ئۆتۆنۆمی ناوچه‌ی کوردستان ده‌که‌ن ٠

لـه چوارچێوه‌ی چالاکیه‌کانی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی لقی هه‌ولێر

به بۆنه‌ی رابوردنی سێ ساڵه‌ی جه‌نگه‌وه

کۆڕێك بۆ مامۆستا احمد خواجه ده‌رباره‌ی ده‌ستدرێژی فارسه‌کان بۆسه‌رگه‌لی کورد

له‌ڕێوه‌ره‌ی چوارشه‌مه‌ی‌رابوردوو به‌سه‌رپه‌رشتی به‌ڕێز پارێزگاری هه‌ولێر له هۆڵی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ڕۆشنبیری جه‌ماوه‌ر کۆڕێکی ده‌رباره‌ی ده‌ستدرێژی‌یه‌کانی ره‌گه‌زپه‌رستانی ئێران بۆسه‌ر گه‌لی کورد ساز کردو تیایدا مامۆستای مێژوونوس احمد خواجه باسێکی دوورو درێژی پێشکه‌ش کرد ٠

له سه‌ره‌تای کۆڕه‌که‌دا لێپرسراوی لقی هه‌ولێر وته‌یه‌کی خوێنده‌ره‌و دوای به‌خێرهاتنی میوانه به‌ڕێزه‌کان مامۆستای ناوبراوی پێشکه‌ش کردو باسی کورته‌ی ژیان‌و به‌رهه‌مه‌کانی کردو وتی گێڕانی ئه‌م کۆڕه به‌شێکه له هه‌وڵی ده‌زگاکه‌مان بۆ گرنگی دان به ڕۆشنبیری کوردی به کشتی که مێژوو لێکۆڵینه‌وه‌ی مێژوو به‌شێکی گرنگی ئه‌و ڕۆشنبیریه‌ن هه‌روه‌ها به‌شداربوونێکی ده‌زگاکه‌مانه له داماڵینی درۆو ده‌له‌سه‌و ئه‌و ئیدیعانه‌ی ڕژێمی گه‌نده‌ڵی خومه‌ینی ده‌یکا بۆ ناسان‌کردنی هێرشه ناپه‌واکه‌ی بۆ سه‌ر عیراق ٠٠ وڵاتی سه‌ر بڵندی کوردو عه‌ره‌ب ٠

ئینجا له جیاتی مامۆستا احمد خواجه له لایه‌ن مامۆستا حمه سعید جافه‌وه باسه‌که خوێنرایه‌وه ٠

مامۆستا خواجه له باسه‌که‌یدا په‌نجه‌ی بۆ ده‌ستدرێژی‌و ته‌قه‌لاکانی ره‌گه‌زپه‌رسته‌کانی فارس درێژکرد که به‌درێژایی مێژوو به‌چاوی ته‌ماعکاری‌و چه‌په‌لیه‌وه روانیویانه‌ته کوردستان ، هه‌روه‌ها له باسه‌که‌یدا هاته سه‌ر ئه‌و په‌لامارداناه‌ی که ڕژێمی ره‌گه‌زپه‌رستی ئێران ئه‌یکاته سه‌ر خاکی عیراقی خۆشه‌ویستمان وتی ئه‌مه سه‌ره‌ڕای دووپاتی جێتشی‌و نامه‌ردی ڕژێمه بۆ که‌نه‌که‌ی ئێران ده‌کاته‌وه وه‌که ویستیشی ئه‌و شه‌ڕه له کوردستان بگیرسێنێته‌وه هه‌ر بۆ ئه‌و مه‌به‌سته بوو زیاتر گه‌لی کورد بچه‌وسێنێته‌وه‌و له‌وێوه پیلانه گڵاوه‌که‌ی به‌سه‌ر هه‌مو عیراقدا جێ‌به‌جێ بکات ، به‌ڵام ئه‌وه‌بو ئه‌و نه‌خشه‌یه‌شی پوچه‌ڵ کرایه‌وه٠

له سه‌ره‌تای هه‌ولێر ڕاوه‌ستا ده‌ستی به‌شداری کردنی ئه‌و کۆڕه کرد ٠

بانگه‌وازێك بۆ شاعیره لاوه‌کان

دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی لقی هه‌ولێر ، له ٢٥-١٠-١٩٨٣دامیهره‌جانێکی شیعر خوێندنه‌وه بۆ شاعیره‌لاوه‌کان سازده‌کا ئه‌و شاعیرانه‌ی ده‌یانه‌وێ به‌شداری بکه‌ن ، به‌رهه‌مه‌کانیان بنێرن بۆ باره‌گای لقی دەزگا له هه‌ولێر تا ٢٠-١٠-١٩٨٣و سوپاس٠

ناسکه دیده‌نی کچه کورده جوانه‌که‌ی جه‌زیره

ماوه‌یه‌ك له‌مه‌و پێش‌له جه‌زیره‌ی سیاحی به‌غدا ئاهه‌نگێك ساز ده‌کرێ‌و تیایدا جوانترین کچی ئه‌و جه‌زیره‌یه هه‌ڵده‌بژێرن ٠

له‌مه‌دا ژماره‌یه‌ك هاوبه‌شی تیا ده‌که‌ن ، له‌وانه بوشرا ناوێك ده‌بێ له سلێمانیه‌وه که به شا جوانی ناویان ده‌رده‌چۆ بۆ به‌سه‌رکردنه‌وه‌ی ئه‌م چاوپێکه‌وتنه‌مان بۆ سازاندن: ● خاوه‌نی ئه‌و پێناسه کێیه ؟

● بوشرا ئیسماعیل محمه‌د ٠٠٠٠ له گه‌ره‌کی سه‌رشه‌قام ساڵی ١٩٦٣ له سلێمانی به هه‌شتی ژیانم ناسییوه ٠٠٠ ئێستا قوتابی بۆلی سێهه‌می به‌شی ته‌شکلیم له په‌یمانگه‌ی هونه‌ره جوانه‌کانی سلێمانی ٠

● پێش ده‌رچونی بریاری لێژنه‌که هه‌ستت به چی ده‌کرد ؟

● جگه له گرنگێتی به‌رشداری کردنم نه‌بێست هه‌ستم به شتێکی ئه‌وتۆ نه‌ده‌کر !

● ئه‌گه‌ر له جیاتی تۆ یه‌کێکی تر ده‌رچوبایه ٠٠ چۆن ؟

● پیرۆزبایم لێ ده‌کرد٠

● کامیانت به‌لاوه گرنگه ٠٠٠ جوانی خۆت یاخود جوانی به‌هره‌ی هونه‌ریت ؟

● هه‌روه‌کو بردناشۆ ده‌ڵێ : گوڵ جوانه ٠٠٠٠ ، به‌ڵام بۆنه‌که‌ی له خۆی جوانتره ٠٠٠ که‌واته جوانی دووه‌م له‌وه‌ی یه‌که‌م گرنگتره٠

● چۆن دوای ١٠٠ ساڵ ئه‌گه‌ر بمێنی ده‌ڕوانیته جوانی ئێستات ؟

● جوانی ئه‌و ڕۆژگاره له جوانی ئه‌مڕۆدا خۆی ده‌ده‌وشێنێته‌وه ٠ ٠٠ئه‌مه‌ش جوانی ره‌وشت‌و ئه‌و کاره به سودانه‌یه که ئه‌مڕۆ پێشکه‌شی گه‌له‌که‌مانی ده‌که‌م ، ئه‌مه‌ش سه‌رباری جوانی ئه‌و هونه‌ره‌ی که له ژیانماو له پێناوی هه‌مان مه‌به‌ستدا هه‌ڵم‌بژاردوه ٠

● چۆن ده‌ڕوانیته مرۆڤو ژیان ؟

● مرۆڤو ژیان پێوه‌ندی یه‌که‌ین‌و هه‌رگیز له یه‌کتری جودا نابنه‌وه ٠٠٠ جگه له‌وه‌ش ژیان کۆڕی تێکۆشانه‌و ئه‌و مرۆڤه‌ی پێشوازی له کارو پیشه‌و ره‌نج نه‌کا ئه‌وه پێگومان به‌رامبه‌ر به روداوه‌کانی ژیان مل‌که‌چ‌و ده‌سته‌وستان ئه‌بێ ٠٠٠ ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێ که ژیان مرۆڤ فێری ره‌نج‌و کارکردن ده‌کات‌و ئه‌گه‌ر ئه‌و هه‌ولدانه‌ش نه‌بوایه ئه‌وا ده‌مێکه کۆتایی به زه‌نجیره‌ی دروست‌بوونی مرۆڤ‌و مرۆڤایه‌تی ده‌هات ٠

فریا

چیرۆکی منداڵان :

چیرۆکی مێشوولەو مێروولەیەك

● عه‌زیز ره‌شید حه‌ریری له عه‌ره‌بیه‌وه ئاماده‌ی کردووه

ڕۆژێ له ڕۆژان مێشوولەیەك‌و مێروولەیەك به ڕێکه‌وت ده‌گه‌نه یه‌کتر‌و ده‌که‌ونه گفت‌وگۆ ،

● مێشوولەکه به مێروولە ده‌ڵێ :

«هاوڕێی شیرینم ، نازانم بۆ تۆم وا به ماندوو دێته به‌ر چاو» ٠

● مێروولە :

«ئه‌وه‌ی راستی بێت ، تابڵێی ماندووم ، چونکه هه‌ر له‌به‌ری به‌یانه‌وه تا ئه‌و ساته‌ی که ده‌بینی خه‌رێکی ئه‌وه‌م ئه‌م ده‌نکه گه‌نمه بگه‌یێنمه ماله‌که‌م» ٠

● مێشوولە :

«جا توخوا ئه‌و دنکه گه‌نمه ئه‌وه‌نده ده‌مێنێ ؟ پێم ناڵێی بۆ ئه‌وه‌نده خۆت ئازار ده‌ده‌ی ؟ ٠٠» ٠

● مێروولە :

«به‌ڵێ گیانه‌که‌م ئه‌و ده‌نکه گه‌نمه‌ی که ده‌یبینی زۆر له‌وه زیاتر ده‌مێنی ، ئه‌ی گوایه نه‌ت زانیوه «ده‌ریا له دڵۆپه ئاو پێك دێ» منیش ده‌مه‌وێ بژیم ، یه‌کێکیش بیه‌وێ بژی ده‌بێ ماندوو بێت‌و کار بکات‌و ئازاری له پێناودا بچێژێ» ٠

● مێشوولە :

«به‌ڵام هاوڕێ گیان ، وه‌کو من لێی تێبگه‌م، تۆ هیچت له‌من که‌متر نییه‌و له‌وانه‌یشه بتوانی له‌من باشتر بژی، بێ ئه‌وه‌ی هه‌ر خۆشت ماندوو بکه‌یت» ٠

● مێروولە :

«ده‌یێم بڵێ بزانم تۆ چۆن ده‌ژی؟» ٠

● مێشوولە :

«هاوڕێی شیرینم ئه‌وه‌ی راستی بێ من له‌وپه‌ڕی خۆشی‌و ئاسوده‌گی‌دا ده‌ژیم ، هه‌مو مانه‌دوو بوونیشم بریتی‌یه له‌وه‌ی که بۆ چه‌ند تاوێك به‌سه‌ر جه‌سته‌ی مرۆڤێ یه‌ان گیانداری ده‌نیشمه‌وه‌و خوێنیان مه‌ل ده‌مژم تاوه‌کو تێر ده‌بم‌و برسیه‌تیم له‌بیر ده‌چێته‌وه» ٠

● مێروولە :

«باشه ئه‌ی ئه‌گه‌ر هاتو که‌وتیته به‌ر چنگی ئه‌و مرۆڤ‌و گیاندارانه ، تۆبڵێی به سه‌لامه‌تی ڕزگارت ببێ؟!» ئیتر که مێشوولەکه به‌ره‌و ڕووی ئه‌م پرسیاره ده‌یێته‌وه زاری تێك ده‌ئاڵێ‌و زاتی ئه‌وه ناکات وه‌ڵامی پرسیاره‌که‌ی مێروولەکه بداته‌وه‌و له شه‌رمه‌زاریانا خۆی بزر ده‌کات ٠٠

به‌ڵام مێروولە ئه‌وکاته به ته‌واوی ئه‌وه‌ی بۆ ساغ ده‌بێته‌وه‌و ده‌زانێ که ئه‌و که‌سه‌ی بیه‌وێ له ڕێگه‌ی که‌سانی ته‌وه ژیان مسۆگه‌ر بکات‌و ماندوو نه‌بێت ، ئه‌وه هه‌ر زوو به‌زوو مردنی ناوه‌ختی بێ ده‌بڕێ‌و له‌به‌ر چاوی هاوڕێکانیشیدا شه‌رمه‌زار ده‌بێ ، بۆیه قسه‌ی مێشوولەی به مێشکدا ناچێ‌و گاڵته‌ی پێ ده‌کات‌و گورج وه‌کو جاران ده‌که‌وێته‌وه ڕاکێشانی ده‌نکه گه‌نمه‌که‌و به‌ره به‌ره له ماله‌که‌ی خۆی نزیکی ده‌کاته‌وه‌و تا به ئاسانی بیخاته شوێنه تایبه‌تی‌یه‌که‌ی خۆی ٠٠٠

شیعر بۆ منداڵان

ده‌فته‌ر

له‌یف هه‌ڵمه‌ت

ده‌فته‌ره کەم خاوێنه
بێ‌گه‌رده وه‌ك ئاوێنه
مامۆستا هه‌مو کاتێ
نمره‌ی به‌رزم ده‌داتێ
ده‌ڵێ ئافه‌رین کاکه
ده‌فته‌ره‌که‌ت زۆر پاکه
ده‌مداتێ خه‌ڵاتی جوان
ئه‌لبووم‌و قه‌له‌م پاندان
قوتابی ژیرو چالاك
ده‌فته‌ره‌که‌ی جوانه‌و پاك٠٠

شیعر بۆ منداڵان

هه‌ڵنه‌به‌زم . ع٠ع شه‌ونم

هه‌ڵنه‌به‌زم دانه‌به‌زم
هه‌ڵنه‌به‌زم دانه‌به‌زم
هه‌ڵنه‌به‌زم دانه‌به‌زم
هه‌ڵنه‌به‌زم دانه‌به‌زم

بزماری چاوی ناحه‌زم
گورگ ئه‌کوژم شوانی په‌زم
پاسه‌وانی باخو ڕه‌زم
یابیش‌که‌وم هه‌ر نابه‌زم

ئه‌م هونه‌رمه‌نده‌ی بناسین

کاك صلاح محمد میرزا هونه‌رمه‌ندێکی لاوه‌و له ساڵی ١٩٥٦دا له شاری که‌رکه‌وك له دایك‌بوه‌و خوێندنی سه‌ره‌تایی‌و ناوه‌ندی‌له که‌رکوك ته‌واو کردووه‌- په‌یمانگای ته‌ندروستی- له به‌غدا ته‌واو کردووه ٠٠٠

له چاوپێکه‌وتنێکدا له وڵامی پرسیارێکدا سه‌باره‌ت به سه‌ره‌تای هونه‌رو هونه‌رمه‌ندی خۆی وتی : له ساڵی ١٩٦٧وه ئاره‌زووی هونه‌ریم جۆشاوه‌و وێنه‌و بابه‌تی بچووك بچووکم ساز کردوه ٠٠٠ به‌ڵام ئاره‌زووی راسته‌قینه‌ی هونه‌ریم له ساڵی ١٩٧٧وه خه‌ڵیوه‌و له‌و مێژووه‌وه به‌رده‌وام خه‌ریکی وێنه کێشانم‌و هونه‌ر بووه‌ته به‌شێك له به‌رنامه‌ی ژیانم ٠

سه‌باره‌ت به‌وه‌ش که حه‌زی له کاره هونه‌رییه‌کانی چ هونه‌رمه‌ندێکی جیهانی‌یه٠٠ وتی : زۆر حه‌زم له به‌رهه‌مه هونه‌ری‌یه‌کانی هونه‌رمه‌ندانی ناودار (سلفادوور دالی- شیریکو- خوان میرو) به‌ڵام وه‌کو کارکردن که‌سیان کاریان تێنه‌کردووم چونکو ئه‌و شێوازه هونه‌ری‌یه‌ی بۆ یارو دۆخی کۆمه‌ڵگای ئه‌وان ده‌شێ له‌گه‌ڵ بارو دۆخی کۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا ناگونجێ ٠٠

سه‌باره‌ت به پێشکه‌وتنی هونه‌ری کوردیش وتی : بێ‌گومان هونه‌ر به بێ خزمه‌ت کردن پێش ناکه‌وێ ٠٠٠ هونه‌ری کوردیش به‌پێی ماندو بوونو خزمه‌تکردنی‌یه‌وه له لایه‌ن هونه‌رمه‌نداناوه له پێشکه‌وتندایه ٠٠٠ ئه‌گه‌ر به وردی‌و جوانی له‌شتی بچووك بکۆڵینه‌وه ئه‌وه ئه‌توانین شتی هونه‌ری جوان دروست بکه‌ین ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌شمان کرد مانای وایه که هونه‌ر گشتی پێش ئه‌که‌وێت هه‌روه‌ها هونه‌ری کوردیش٠٠

ئامادەکردنی : لطیف محمود

ئیتر جیهان کورته‌بنه‌ی تیا نابێ

وا بڵاوکرایه‌وه که زانایانی یه‌کێ له دانشگا سۆفیه‌تی‌یه‌کان هۆرمۆنێکیان ئاماده‌کردوه ده‌توانێ چۆنیه‌تی نش‌وتومای له‌شی ئاده‌میزاد بڕیاربداو ئیستایش خه‌ریکی ئه‌وه‌ن تێکنۆلۆژیای دروستکردنی ئه‌م هۆرمۆنه دابنێن ٠

یوری ئۆفچینکۆف - که جێگری سه‌ره‌کی ئه‌کادیمیای زانیاری‌یه له یه‌کێتی سۆفیه‌تدا وتی ئه‌م ده‌رمانه ده‌وڕێکی زۆر گرنگ ده‌بینێ له چاره‌کردنی کورتی باڵاو له‌ش‌سووتان‌و ئیسقان‌شکانداو ده‌توانێ ئه‌وانه چاك‌بکاته‌وه که دووچاری ئه‌م نه‌خۆشی‌یانه بوون ئه‌م زانا سۆفیاتی‌یه وتی دروستکردنی ئه‌م جۆره ده‌رمانه ته‌نیا هه‌ر ڕوویه‌کی به‌رنامه‌ی تیکنۆلۆژیای ژیانه له یه‌کێتی سۆفیه‌تداو ڕووه‌که‌ی تری بڕێتی‌یه له به‌رهێدانی ڕووك به شێوه‌یه‌کی پیشه‌سازی‌یانه‌ی به جۆرێکی فراوان‌و به‌م جۆره ده‌توانرێ گۆڕانێکی گه‌وره له ده‌ره‌تانی خۆراکدا به‌رپابکرێ ٠

هاوکاری
شه‌قامی الخلفاء / مه‌یدانی الخلانی
ت : ٨٧٥٧٩٥

institut kurde de paris